# بۆ ئەوەی فرە حزبی دیم
# دەبێت کاری پارتایەت



لەدوای ساڵی ١٩٩١ەوە، هەرێمی کوردستان ئەو دورگە ئازادەی رۆژهەڵاتی ناوەڕاست بووە، کە لەنێو چوار دەورێکی تۆتالیتاریدا هەنگاوی بەرەو سیستەمێکی دیموکراتی و فرەیی و فرەلایەنی هەڵگرتووە و هەوڵیداوە دەست بکات بە بونیادی ئەو دامەزراوانەی کە بۆ بونیادی دیموکراسی پێویستن، ئەم هەنگاوە بەو شێوەیە ناخەینە روو کە هەموویان لە قۆناخێکی پێگەیشتووی تەواودان و کەموکورتیان نییە، بەڵکو بەو شێوەیە باسی دەکەین یان دەیخەینەڕوو، کە دامەزراوەکانی هەرێمەکەی ئێمەش وەك زۆربەی دامەزراوەکانی دەوڵەتانی تازەپێگەیشتوو کە هەنگاو بەرەو دیموکراسی هەڵدەگرن، لەو ئاستەدان کە نەیانتوانیووە بە تەواوی ئەو ئامانجانە بپێکن کە لە پێناویدا دامەزراون، یان بەواتەیەکی دیکە دەکرێت بڵێین کاری دامەزراوەیی بە پێوانەی بەها و سەنگی حوکمڕانی دیموکراسی لە سەرەتای رێگەدایە و هێشتا رێگەیەکی زۆری لەبەردەمدایە بۆ ئەوەی بتوانێت ئەو ئامانجانە بێنێتە دی کە لە پێناویدا دامەزراوە.

ئێمەش وەك زۆربەی وڵاتانی تازە پێگەیشتوو لەسەر میراتی کولتوری تۆتالیتاری و دیکتاتۆری و حوکمڕانی تاك حزبی بەعس، هەنگاومان بەرەو فرەیی و دیموکراسی هەڵگرتووە، ئەمەش رەنگدانەوەیەکی کاریگەری لەسەر کەلتوری سیاسیی کۆمەڵگەی ئێمە بە جێهێشتووە، بۆیە وێڕای ئەو فرە پارتایەتییەی لە کوردستان بە جیاوازی بۆچوون و بیروباوەڕی پارتە سیاسیەکان بوونی هەیەو، ئاماژەیەکە بۆ ئەوەی کە سیستەمی سیاسی کوردستان هەنگاوی راست بەرەو ماناکانی دیموکراسی هەڵدەگرێت. بەڵام هەتا ئێستاش رێکخستنی ژیانی پارتایەتی لە کوردستان پێویستی بەوە هەیە بە یاسایەك رێکبخرێت بۆئەوەی بتوانرێت ئەلتەرناتیڤی دیکە لەبەردەمی دەنگدەران دروست بکرێت و دەنگدەر هێندەی ئەلتەرناتیڤی لەبەردەستدا بێت بۆ ئەوەی بە ناچاری دەسەڵاتی خۆی بە پارتێکی دیاریکراو نەدات .

ئێمە وەك گۆڤاری گوڵان لەو کاتەی کە بەشی زۆری میدیاکانی کوردستان پارتە سیاسییەکانییان بە ئاستەنگ بۆ پرۆسەی دیموکراسی لەقەڵەمدەدا، زۆر راشکاوانە جەختمان لەسەر ئەوەکردەوە کە پارتە سیاسییەکان دیموکراتییەت بەرهەمدەهێن و هیچ دیموکراتییەك (مەبەستمان لیبراڵ دیموکراتییە) لە جیهاندا بەبێ رۆڵی پارتە سیاسییەکان بوونی نییە، هەربۆیە لەم راپۆرتەشدا جارێکی دیکە جەخت لەسەر ئەوە دەکەینەوە کە پارتە سیاسییەکان بزوێنەر و دڵی پرۆسە دیموکراسییەکەن و بەبێ پارتە سیاسییەکان پرۆسە

●●●
**هەرێمی کوردستان ئەو دورگە ئازادەی رۆژهەڵاتی ناوەڕاست بووە، کە لەنێو چوار دەورێکی تۆتالیتاریدا هەنگاوی بەرەو سیستەمێکی دیموکراتی و فرەیی و فرەلایەنی هەڵگرتووە و هەوڵیداوە دەست بکات بە بونیادی ئەو دامەزراوانەی کە بۆ بونیادی دیموکراسی پێویستن**
●●●

دیموکراسییەکەش بوونی نابێت، هەر ئەم هۆکارەشە وامان لێدەکات لەسەر توخمە سەرەکییەکەی پرۆسە دیموکراتییەکەمان کە ( پارتە سیاسییەکانن ) زیاتر هەڵوەستە بکەین و بەدواداچوون لەسەر ئەوە بکەین. ئایا پارتە سیاسییەکانی کوردستان چۆن دەتوانن :

پارتە سیاسییەکان بەتایبەتی ئەو پارتانەی لە دەسەڵات بەشدارن چۆن دەتوانن دامەزراوە پێویستەکانی دیموکراسی بونیاد بنێن و بەرەو پێشەوەیان بەرن ؟

پارتە سیاسییەکان چۆن لە ڕێکخراوێکی خۆبەخشی تایبەتەوە دەبنە یەکەیەکی گشتی ؟ بەواتایەکی دیکە ئایا پارتە سیاسییەکان چۆن دەبنە بەرژەوەندییەکی پێویست و گشتی بۆ بونیادی دیموکراسی؟

بێگومان ئەم پرسیارانە کە لە دوتوێی خۆیدا گەڕان و بەدواداچوونی بۆ ئامانجێکی گەورە لە خۆ گرتووە، دەمانباتە سەر ئەوەی چۆن پارتە سیاسییەکان بە جۆرێك ڕێکدەخرێن، کە هەوڵەکانی هەموویان لە چوارچێوەی پرانسیپ و بەهاکانی دیموکراسیدا یەکبگرێتەوە .

بێگومان ئەم ڕاپۆرتە کە بەشێوەیەکی گشتی لەسەر ڕۆڵی پارتە سیاسییەکانی کوردستان هەڵوەستە دەکات، بەڵام لە بەدواداچوون و چۆنیەتی هەڵسەنگاندنی ڕۆڵی جیاوازی پارتەکاندا، ئەو پارتانەی لە دەسەڵاتی سیاسی یان لە حکومەت بەشدارن لەگەڵ ئەو پارتە سیاسییانە تێکەڵ ناکات کە ڕۆڵی ئۆپۆزسیۆن لە دەرەوەی حکومەت دەگێڕن، بەڵام وەك چۆن ئەوە دەخاتە ڕوو کە پێویستە پارتەکانی بەشدار لە حکومەتدا پێویستە مافی پارتە ئۆپۆزسیونەکان بپارێزێت وەك:

دەبێت پارتە ئۆپۆزسیونەکان مافی ڕەخنەگرتنیان لە سیاسەت و بەرنامە و ئایدۆلۆژیای پارتەکانی ناو حکومەت یان دەسەڵات بۆ مسۆگەر بکرێت .

دەبێت دڵنیایی و متمانەی تەواو بۆ پارتی ئۆپۆزسیون مسۆگەر بکرێت بەوەی لە هەڵبژاردنی داهاتوودا هەموو ئازادیەکی بۆ فەراهەم دەکرێت بۆ ئەوەی چانسی وەرگرتنەوەی دەسەڵاتی هەبێت.

بەڵام لەبەرامبەردا دەبێت پارتی ئۆپۆزسیونیش ڕێز لەدەسەڵاتی حکومەتی هەڵبژێراو بگرێت و ئیعترافی پێبکات، ئەگەر پارتی ئۆپۆزسیون ئیعتراف بە حکومەتی هەڵبژێراو نەکات و ڕێز لە دەسەڵاتەکەی نەگرێت واتە لە بەهاکانی دیموکراسی دەرچووە کە بریتین لە:

**بەهاکانی لێبوردەیی و یەکتریی قبوڵکردن .**

**هاریکاری و ساشکردن لە پێناوی کۆدەنگی و پێکەوە**

**پارتە سیاسییەکان بزوێنەر و دڵی پرۆسە دیموکراسییەکەن و بەبێ پارتە سیاسییەکان پرۆسە دیموکراسییەکەش بوونی نابێت**



# ...وکراسیەت بەرهەم بهێنێت
# ...ی بە یاسا ڕێکبخرێت

ژیاندا.

ئەم پەیوەندییـــە دینامیکیەی نێوان پارتە سیاســـییەکان داینەمۆی بەردەوامبوونی پرۆســـەی دەستاوەدەســـتکردنی دەسەڵات و پاراستنی گیانی دیموکراسیە، ئەمەش پێویستی بە چوارچێوەیەکی یاســـایی و دەستورییە بۆ ئەوەی کاری پارتایەتی و ئازادیەکانی پێ ڕێکبخرێت .

**دەســـتوری هەرێمی کوردستان و ڕێکخستنی ئازادییەکان و**

**ئازادی دامەزراندنی کۆمەڵەو پارتی سیاسیی**

دەســـتوری هەرێمی کوردستانیش وەك دەستوری سەرجەم کۆمەڵگـــە دیموکراتییەکان بناخەی هەموو یاســـاکانە یان یاســـای بنەڕەتی ڕێکخســـتنی ژیانی کۆمەڵگەیە، ئەوەی لەم ڕاپۆرتـــەدا ئێمە ئامـــاژەی پێدەکەین، بەشـــێکی ئەو ڕێکخســـتنەیە کە پرۆژەی ئەو دەستورە لە خۆی گرتووە کە ئەویش ( ڕێکخســـتنی ئازادییەکانە) سەبارەت بە چۆنیەتی ئازادی دامەزراندنی کۆمەڵەو پارتی سیاسیی و چۆنیەتی کارکردنیان لە کوردســـتان لەبەشی سێیەم و لە ماددەی ٦٧ ی پرۆژەی دەســـتوری هەرێمی کوردستان بەمجۆرە ئاماژە بەم لایەنە کراوە:

یەکەم / ئازادی دامەزراندنی کۆمەڵە و پارتی سیاســـیی یان چوونە ڕیزیانەوە دەستەبەرکراوە و بەیاسایەك ڕێکدەخرێت .

دووەم/ کـــەس ناچـــار ناکرێـــت بچێتە نـــاو پارتێك یان کۆمەڵەیەکەوە و ناچار ناکرێت لە ئەندامیەتیەکەی بەردەوام بێت یان دەستبەرداری بێت .

ســـێیەم/ کۆمەڵە وپارتە سیاســـییەکان لـــە بەڕێوەبردنی پێکهاتە و ڕێکخســـتن ومافی ئەندامەکانیاندا پابەنددەبن بە پرانسیپەکانی دیموکراسیەت .

چوارەم / نابێت پارتی سیاسی لقێکی پارتێکی بیانی، یان سەر بەبەرژەوەندی و لایەنێکی بیانی بێت .

پێنجەم / پارت وکۆمەڵەکان لە پەیڕەو پرۆگرام و پیادەکردندا پابەنـــد دەبن بـــە بنەماکانی ئەو مافـــە بنچینەیانەی لە دەستووردا هاتوونە و قبوڵکردنی ڕای بەرامبەر و فرەلایەنی و بەکارنەهێنانی توندوتیژی .

شەشـــەم / ڕێگە بە پارت و ڕێکخـــراو و کۆمەڵە و تاکە کەســـیش نادرێت لە پێناو بەدیهێنانی دەسکەوتی پارتایەتی یان هەڵبژاردن یان شتی دیکە، ئایین یان بەشێك لە ناوەڕۆکی کتێبە پیرۆزەکانی، یان ڕێوڕەسمێکی ئایینی وەك شێوازێك بۆ کەمکردنەوە لە پێگەی سیاســـی یان کۆمەڵایەتی کەسانی دیکە بە کاربهێنن.

حەوتەم / ئەو کۆمەڵانەی ئامانج وکردەوەکانییان لەگەڵ حکومی یاســـا ســـزاییەکان ناکۆکن وهەڵوێستێکی دژ بە سیستەمی سیاسیی هەرێم و ژیانی ئاشتییانە و نزیکبوونەوە لە پێکهاتەکانی نەتەوەیی وئایینی گەلی کوردستان پەیڕەو دەکەن، قەدەغە دەکرێن .

ئەم بڕگانەی لەماددە ٦٧ی بەشی سێیەمی ڕێکخستنی ئازادییەکانی دەســـتوری کوردســـتاندا هاتـــوون، دەبنە ئەو بنەمـــاو چوارچێوەیەی بۆ ئەوەی بە پێی یاســـایەك کاری پارتایەتـــی و دامەزراندنـــی کۆمەڵە و ڕێکخـــراو و پارتی سیاســـیی ڕێکبخرێت، بەڵام بەبەراوردکردنی ئەم بڕگانەی دەستوری کوردستان لەگەڵ دەســـتوری وڵاتانی دەوربەر و هەروەها عەرەبی و ئیسلامیش، دەبینین بڕگە و ماددەکانی نێودەســـتوری کوردستان زۆر زیاتر لە دەستوری ئەو وڵاتانە هانـــی فرە پارتایەتی و ڕێکخســـتنی ژیانی سیاســـیی و هەوڵـــدان بۆ زیادکردنـــی ئەلتەرناتیڤی سیاســـی لەبەردەم دەنگدەردا دەدات .

هەر بۆنموونە، هەموو ئەو دەوڵەتە عەرەبی و ئیسلامیانەی

●●●

**ئەگەر پارتی ئۆپۆزسیون ئیعتراف بە حکومەتی هەڵبژێراو نەکات و ڕێز لە دەسەڵاتەکەی نەگرێت واتە لە بەهاکانی دیموکراسی دەرچووە**

●●●



که خۆیـان بەوجـۆرە نمایش دەکـەن کە هەنـگاو بەرەو عەلمانیەت و دیموکراسیەت هەڵدەگرن وەك تونس و تورکیا، دەبین دامەزراندنی پارتی سیاسـیی لەسەر بنەمای ئایین و زمان رەتدەکەنەوە،بەسەیرکردنێکی خێرای ژیانی سیاسیی تورکیا دەبینن لە پارتە سیاسییەکان قەدەغەکراوە کە بەناوی ئایین یان کەمەنەتەوەیەك بوونیان هەبێت، راسـتە دەڵێن لە تورکیا پارتی داد وگەشەپێدان پارتێکی ئیسلامی میانڕۆیە بـەڵام ئەم پارتە بۆی نییە وەك یەکگرتووی ئیسـلامی لە کوردسـتان و کۆمەڵی ئیسلامی لە کوردستان ناوی ئیسلام بە ناوی پارتەکەیانەوە بێت، راسـتە لـە تورکیا رێگا دراوە پارتێـك بە ناوی (دەتەپە)وەك پارتێکی سیاسـیی کوردی لە ناو پەرلەمانی تورکیا بوونی هەبێت و بەشـداری ژیانی سیاسـیی تورکیا بکات، بەڵام ئەم پارتە بەپێی دەستووری تورکیا بۆی نییە وشەی کورد بە ناوی پارتەکەیەوە هەبێت، بەڵام لـە هەرێمی کوردسـتان چەندین پارتی سیاسـیی تورکمانی و چەندین رێکخـراوی تورکمانی بەناوی پارتی برایەتی تورکمان و بەرەی تورکمانی و سەنتەری رۆشنبیری تورکمانی بوونیـان هەیە، ئەم مافە بۆ نەتەوەکانی دیکەی کوردسـتانیش فەراهەمکراوە، لە تونسـیش لەگەڵ ئەوەی دەوڵەتێکی عەرەبیە و یاسای رێکخستنی پارتە سیاسییەکانی تونسیش لە برگەی یەکەمدا جەخت لەسەر ئەوە دەکاتەوە کە پێویسـتە پارتە سیاسییەکانی تونس پابەندبن بە ناسنامەی عەرەبی و ئیسلامی دەوڵەتی تونسەوە بەڵام ئەم یاسایە رێگە نادات هیچ پارتێکی سیاسی بە ناوی پارتێکی ئیسلامیەوە لە تونس دابمەزرێت، لە شانشینی ئەردەنیش لەگەڵ ئەوەی مێـژووی بواردان بە فرەحزبی مێژوویەکی نوێیە و لە دوای ساڵی ١٩٨٩ ەوە دەست پێدەکاتەوە، بەڵام هەتا ئێستا چەندین جار یاسـای پارتایەتی لەو وڵاتە هەمـوار کراوە و هەموو جارێکیـش بواری لەبەردەم چالاکـی و دامەزراندنی پارتە سیاسـییەکان بچووکتر کردۆتەوە، ئـەم هەنگاوەی ئەردەن لەگـەڵ ئەوەی بۆ وڵاتێکی وەك ئـەردەن کە تایبەتمەندی سیاسـیی خۆی هەیـە، بە تایبەتی لـەو پێگە جوگرافیا ئاڵۆزەی ئەردەن تیایدا دەژی و ئەو گوشارانەی دەکەونە سەر ئەردەن، دەبێت بە دیدێکی واقعیانە سـەیر بکرێن و ناکرێت ئەردەن لەبەردەم مەدی ئیسـلامی سیاسـیی و هەڕەشەی تیرۆر و توندڕۆیی وەك تونس یان تورکیا سەیر بکرێت، بەڵام دیسان بە بەراوردی واقیعی سەقامگیری و پێگەی ئەردەن لە کۆمەڵگەی جیهانی و پشـتگیری نێودەوڵەتی لەسەر و هەموویانەوە پشتگیری ئەمەریکا بۆ ئەردەن دەبینین هێشتا نەیتوانیوە وەك هەرێمی کوردسـتان رێگە بە دامەزراندن و چالاکی پارت و رێکخراو و کۆمەڵە سیاسییەکان بدات .

لەهەرێمی کوردسـتاندا ئازادی سیاسـیی بۆ رادەربڕین و چالاکی سیاسـیی گەیشـتۆتە ئەو ئاسـتەی کە پارتە سیاسییەکان بە ئیسلامی و نەتەوەیی و دیموکراتییەکانیشەوە، لەپێنـاوی کۆکردنـەوەی لایەنگر و پروپاگەنـدە بۆ حزبە سیاسـییەکانیان هەموو رێگەیەکی پروپاگەندە دەگرنە بەر و تەنانەت هەندێك جار لە بەها و پرانسـیپەکانی دیموکراتی دەردەچن و ئازادی بەوجۆرە بۆ لایەنگرانی خۆیان و گەلی کوردستان تەفسیر دەکەن، کە نابێت هیچ یاسایەك هەبێت ئەو ئازادیانە رێکبخات هەربۆنموونە:

-١پارتە ئیسـلامییەکانی کوردستان ئەو مافە بە خۆیان رەوا دەبینن خاوەنی هەموو هۆکارەکانی راگەیاندنی بینرا و بیسـترا و نوسـراوی خۆیان بن، ئەم مافەشیان لە هەرێمی کوردسـتان بۆ دابینکراوە و رێزی لێدەگیرێت، لە کاتێکدا لە تورکیا تەلەفزیونێك نییە بە ناوی پارتی داد و گەشـەپێدان یـان پارتی دەتەپە کە یەکەمیان تەنیا داکۆکی لە ئیسـلام بکات و دووەمیشان لە نەتەوەی کورد لە تورکیا یان بایەخ بە

**لە هەرێمی کوردستان چەندین پارتی سیاسیی تورکمانی و چەندین رێکخراوی تورکمانی بەناوی پارتی برایەتی تورکمان و بەرەی تورکمانی و سەنتەری رۆشنبیری تورکمانی بوونیان هەیە، ئەم مافە بۆ نەتەوەکانی دیکەی کوردستانیش فەراهەمکراوە**



**ناكرێت ڕێكخستنی ژیانی سیاسیی لە هەرێمی كوردستان بە پێوانەی ڕێكخستنی ژیانی سیاسیی لە حكومەتی عێراقدا پێوانە بكەین**

كەلتوری كوردی بدات لە توركیا .ڕاستە دەسەڵاتی سیاسیی لەهەرێمی كوردســـتان بڕوای بەوە هەیە كە پێویستە ڕێز لە فرەلایەنی و هەمەرەنگی پێكهاتەكانی كوردســـتان بگیرێت و هەمـــوو مافەكانی ڕەخنەگرتن لە بەرنامە و سیاســـەت وئایدۆلۆژیای پارتەكانی نێو دەســـەڵاتی دەستەبەر كردووە، بەڵام لەبەرامبەردا پێویســـتە پارتە سیاســـییەكانیش ڕێز لە دەســـەڵاتی حكومەتی هەڵبژێراوی گەلی كوردستان بكەن و ئیعتراف بە دەســـەڵات و پرانسیپە سیاسییەكانی هەرێمی كوردســـتان بكەن، لەوانەیە هەندێك بەهەڵە تەفســـیری ئەم هاوكێشـــەی ئەرك ومافە بكەن و بڵێین ئەمە مانای ئەوەیە دەبینە پاشـــكۆی حكومەت و پارتە سیاســـییە گەورەكان . بەڵام بۆئەوەی تەمومژی ئەم تەفسیرە هەڵەیەش بڕەوێنینەوە ئاماژە بە چەند خاڵێك دەكەین:

* پارتە سیاســـییە بچووكەكانی كوردســـتان مافەكانی ئۆپۆزسیون و بەشداربوون لە حكومەت هەردووكیان بە مافی خۆیان دەزانن، هەربۆیە لە كاتێكدا كەبەشێكن لە دەسەڵات، دەیانەوێت لەبەر چاوی جەماوەر ڕۆڵی پارتی ئۆپۆزســـیون بگێڕن خۆیـــان لەهەمـــوو كەموكوڕییەكانی حكومەت بێ بەری دەكەن و تـــەواوی هۆیەكانـــی ڕاگەیاندنی تایبەت بەخۆیـــان بۆ ریســـواكردنی كەموكورتییەكانی حكومەت و دەسەڵاتی سیاسیی تەرخان دەكەن .

*پارتە سیاســـییە بچووكەكانی كوردســـتان پەنا بۆ زۆر هـــۆكار دەبەن كـــە لەبنەڕەتدا ئەو هۆكارانـــە مافی ئەوان نین بـــە تەنها، هەربۆنموونە : (دەقـــە پیرۆزەكانی قورئان، بـــە كارهێنانی بۆنە ئاینییـــەكان وەك مانگـــی ڕەمەزان، میعراج، ســـەفەری حەج، لەدایك بوونـــی پێغەمبەر(د.خ)، زەكات وخێری موســـڵمانان، مینبـــەری مزگەوت و نوێژی هەینی، مزگەوتەكان بۆ كۆڕ وكۆبونەوەی حزبی، قوتابخانە ئاینییەكان ...هتـــد ) ئەمانە هەمووی و چەندین ڕێگەی دیكـــەش بە كاردەهێنـــن بۆ پروپاگەندەی سیاســـیی و كە دەســـتوری كوردستانیش ئاماژە بەوەدەكات نابێت ئەم نەریتە ئاینییانـــە بۆ پرۆپاگەنـــدەی حزبایەتی و دژایەتی خەڵكی دیكە بە كاربهێنرێت، بەوجۆرە تەفســـیری دەكەن دەسەڵات دەیەوێت سنوری ئازادییەكان تەسكبكاتەوە، ئەمە لە كاتێكدا پێشـــێلكردنی ئازادی گروپ و لایەنەكان و خەڵكی دیكە بە مافی خۆیان دەزانن و دەیانەوێت وا پیشـــانی خەڵك بدەن ئەوان نوێنەرایەتی ئیسلام دەكەن و تەواوی لایەنەكانی دیكە دژی ئیسلامن .

*هەندێـــك لایەنی دیكـــە كە هەڵگـــری ئایدۆلۆژیای نەتەوەییـــن یـــان ئیدعـــای ئـــەوە دەكەن هەڵگـــری ئەو ئایدۆلۆژیایەن، ئامادەن بـــۆ بەرژەوەندنی حزبایەتی خۆیان یـــاری بە ئاسایشـــی هەرێم بكەن، هـــەر بۆنموونە ڕۆژانە هەرێمی كوردســـتان ڕووبەڕووی هێرشی نارەوای دەوڵەتانی دراوســـێ دەبێتەوە بە تایبەتی ئێـــران و توركیا و بیانووی هەردوو وڵاتیش بوونی بنكە و بارەگاكانی پژاك و پەكەكەیە لە ناو هەرێمی كوردستاندا، لەم بارودۆخە هەستیارەدا هەندێك لەو پارتە سیاســـییە بچووكانە یاری بە هەســـتی نەتەوەیی گەلی كوردستان دەكەن و هەنگاوەكانی حكومەتی هەرێمی كوردســـتان بۆ ڕەواندنەوەی ئەو مەترســـییانە و پاراستنی هەرێمی كوردســـتان، وەك سازشـــێكی سیاسی حكومەت یان هەردوو پارتی ســـەرەكی پارتی دیموكراتی كوردســـتان و یەكێتی نیشـــتمانی كودســـتان بۆ دەوڵەتانی دراوسێ لە



ناو ڕای گشتی خەڵکی کوردستاندا تەفسیر دەکەن، ئەم حاڵەتە هەرچۆنێك تەفسیر بکرێت ناچێتە خانەی ئازادی رادەربین یان چالاکی سیاسی، لەبەر ئەوەی کاتێك پارتێکی سیاسی لە لەو بنەمایانە دەرچوو کە دەستوری کوردستان بۆ پاراستنی ئاسایشی هەرێم دیاریکردوون، ئەوا ئەو جۆرە هەوڵانە چوارچێوەی ئازادی کاری سیاسیی دەچنە دەرەوە و بەشێوەیەکی دیکە پۆلێن دەکرێن .

*ڕێزگرتن لە بەهاکانی دیموکراتی و ئیعتراف کردن بە دەسەڵاتی شەرعی کوردستان و نوێنەرانی هاوپەیمانی کوردستان لە پەرلەمانی عێراقدا، یەکێکە لە بچووکترین پێناسەی ژیانی دیموکراسی لە هەر کۆمەڵگەیەکی دیموکراسیدا، بە داخەوە میدیای پارتە بچووکەکانی کوردستان لەمەشدا ئەو بەها دیموکراتیانە دەبەزێن و میدیاکانیان بە ئاراستەیەکی دیکە پیشانی خەڵك دەدەن هەر بۆنموونە:

* ئەگەر سەیری میدیای ئەو حزبە بچوکانەلەسەر هەر سێ ئاستی بینراو و بیستراو و نوسراو بکەین، بە تایبەتیش بینراو وەك تەلەفزیۆن دەبینن ئەگەر گرنگترین ڕووداو یان هەواڵ لە کوردستان هەبێت، دەبێت دوای هەواڵی سەرۆکی حزبەکەی خۆیان پیشانبدرێت، هەربۆنموونە ئەگەر هەواڵی سەرۆکی کوردستان، یان سەرۆك کۆماری عێراقی فیدرال کە نوێنەری هاوپەیمانی کوردستان هەبێت و لە هەمانکاتدا سەرۆکی ئەو حزبەی کە خاوەنی تەلەفزیۆنەکەیە هەواڵێکی ئاسایی هەبێت دەبینن، لەو تەلەفزیۆنە هەواڵی سەرۆکی حزبەکە پێش هەواڵی سەرۆکی کوردستان یان سەرۆك کۆماری عێراقی فیدراڵ دەخرێت، لە پەخشکردنی چالاکییەکانی حکومەت و گەیاندنی خزمەتگوزارییەکان بۆ خەڵکی کوردستان، دەبینی ئەم تەلەفزیۆنانە ئەگەر هەواڵێکی ئاسایی ئەو وەزیرە هەبێت کەسەر بە حزبەکەی خۆیانە، پێش هەواڵی هەموو وەزیرەکانی دیکە دەخرێت کەسەر بەلایەنەکانی ترن، ئەوجا با وەزیرەکەی دیکە کەسەر ئەو حزبە نییە، گەورەترین پرۆژەی خزمەتگوزاریشی بۆ خەڵکی کوردستان ئەنجامدابێت، لە هەمووشی سەیرتر ئەوەیە کاتێك پێیان دەگوترێت ژیانی سیاسیی کۆمەڵگە بەو شێوەیە ڕێکناخرێت و پێویستە ئێوە بەشێك بن بۆ پەرەپێدانی دیموکراسی و چەسپاندنی سەروەری یاسا و ڕێزگرتن لە بەهاکانی دیموکراتی و مافەکانی مرۆڤ و ئیعتراف کردن بە دەسەڵاتی دیموکراتی لە وڵاتدا، ئەوە هاواریان لێ هەڵدەستێت و بانگێشەی ئەوە دەکەن فەزای سیاسیی لەبەردەم چالاکی سیاسیدا بچووك دەکرێتەوە .

* نمایشکردنی ڕۆڵی ئۆپۆسیون لە کاتێکدا خۆیان لەبەرەی ئۆپۆزسیون نیین، ئەم حاڵەتەدا لە حکومەتی عێراقیشدا بوونی هەیە، بەڵام لەوانەیە هێندەی بۆ کوردستان هۆکارێك بێت بۆ دروستبوونی ئیشکالییەت، لەوانەیە بۆ حکومەتی عێراق ئەو ئیشکالیەتە دروست نەکات، ڕاستە حکومەتی عێراق بە شێوەیەکی فەرمی و ئاشکرا بانگەشە بۆ سیستەمێکی دیموکراسی دەکات و وای پیشان دەدات کە ئامانجی بونیادی عێراقێکی فیدراڵی و فرەیی و دیموکراسیە، بەڵام لە باری واقیعیدا هەنگاوەکانی بەو ئاراستەیە نیین، هەربۆیە ناکرێت ڕێکخستنی ژیانی سیاسیی لە هەرێمی کوردستان بە پێوانەی ڕێکخستنی ژیانی سیاسیی لە حکومەتی عێراقدا پێوانە بکەین، ئەمە بەو مانایە نییە هەنگاوەکانی ئێمە دژی دەستووری عێراق بێت، بەڵکو بەو مانایەی کە لە واری

●●●

**ئێستا پارتە سیاسییە بچووکەکانی کوردستان بە تەیاری ئیسلامی و عەلمانییەوە هەوڵدەدەن، لەو خاڵانەی یاسا لەبەرژەوەندیانە بەیاسا مامەڵەیان لەگەڵ بکرێت و لەو خاڵانەی لەبەرژەوەندییان نییە یاسا و دەستور پێشێل بکرێت، ئەگەر وانییە چۆن پارتێکی سیاسیی ڕێگە بە خۆی دەدات بەشێک بێت لە حکومەت و لە هەمانکاتیشدا وەک ئۆپۆزسیون دژی حکومەت لەبەردەم ڕای گشتی خۆی نمایش بکات**

●●●



کردەیدا حکومەتی عێراق هەوڵدەدات خۆی لە جێبەجێکردنی دەستووری عێراق بدزێتەوە، بەو برگە ومادادانەشی کە لە ناو دەستورەکەدا بۆ ڕێکخستنی ئازادیەکان هاتوون، هەربۆیە ناکرێت ئێمەش خۆمان لە جێبەجێکردنی دەستوری هەرێمی کوردستان بدزینەوە کە لە هیچ برگەیەکیدا پێچەوانەی دەستوری عێراقی نییە، ئێستا پارتە سیاسییە بچووکەکانی کوردستان بە تەیاری ئیسلامی و عەلمانیەوە هەوڵدەدەن، لەو خاڵانەی یاسا لەبەرژەوەندیانە بەیاسا مامەڵەیان لەگەڵ بکرێت و لەو خاڵانەی لەبەرژەوەندییان نییە یاسا و دەستور پێشێل بکرێت، ئەگەر وانییە چۆن پارتێکی سیاسیی ڕێگە بە خۆی دەدات بەشێك بێت لە حکومەت و لە هەمانکاتیشدا وەك ئۆپۆزسیون دژی حکومەت لەبەردەم ڕای گشتی خۆی نمایش بکات و پروپاگەندەی حزبی بۆ خۆی بکات، ئەم حاڵەتە لە دیموکراسەتدا ( لیبراڵ دیموکراتی ) بوونی نییە، لەوانەیە لە وڵاتانی وەك پاکستان یان چەند دەوڵەتێکی هاوشێوەی پاکستان بوونی هەبێت، بەڵام هەرگیز لەمێژووی دیموکراسییەتی لیبرالیدا بووونی نییە .

ئەم حاڵەتە ناوازەیی کوردستان بەو ئاراستەیە هەنگاومان پێ هەڵدەگرێت کەمێك لەسەر ڕۆڵی پارتە سیاسییەکان لە بونیادی دیموکراسی لیبرالیدا هەڵوەستە بکەین .

## ڕۆڵی پارتە سیاسیەکان لە بونیادی دیموکراسی لیبرالیدا

وەرچەرخان بەرەو بونیادی دیموکراسی پێویستی بە کولتورێك هەیە کە بەشێوەیەکی کردەیی ڕەنگدانەوەی لەسەر پەیوەندییەکانی نێوان دەوڵەت وکۆمەڵگا و لەنێوان سەرجەم تاك وگروپ و هێزەسیاسییەکانی ناو کۆمەڵگەکە هەبێت، ئەم بونیادەش بۆ ئەوەی بناخەیەکی تۆکمە و بەهێزی هەبێت پێوستی بەسەرلەنوێ بونیادنانەوەی ژیانی دامەزراوەیی و بەرەو پێشەوە چوونی کەلتوری کۆمەڵگە هەیە بۆ ئەوەی بتوانێت بەهاکانی دیموکراتی وەك (فرەیی، هەمەڕەنگی، ململانێ، هاوبەشی، دەستاودەستکردنی دەسەڵات، لێبوردەیی، دیالۆگ، جیاوازی، دەستبەرداربوون لە توندوتیژی ) قبوڵ بکات و لە ژیانی ڕۆژانەدا پیادەبکرێن.

کێشمەکێش و لێکتێنەگەیشتن لە کۆمەڵگەی ئێمە و ئەو کۆمەڵگایانەشی کە هاوشێوەی ئێمەن لە باش تێنەگەیشتن یان خۆدزینەوە لە پیادەکردنی بەهاکانی دیموکراسییەوە سەرچاوە دەگرێت، کە خۆشمان لە پیادەکردنی ئەو بەهایانە دزیەوە یان هەوڵماندا وەك خۆیان تێیان بگەین و پیادەیان بکەین، ئەوا دەبینین ڕۆڵی پارتە سیاسییەکانیشمان بۆ بونیادی دیموکراتی و وەرچەرخان بەرەو دیموکراسی بەو ئاستە نییە کە پارتە سیاسییەکانی کۆمەڵگە دیموکراتییەکانی ڕۆژئاوا دەیگێڕن .

پسپۆڕان و شارەزایانی زانستی سیاسەت وسۆسیۆلۆژی کاتێك باسی ڕۆڵی پارتە سیاسییەکان لە کۆمەڵگە دەکەن، دووحاڵەت وەك بەڵگەنەویست یان نەگۆڕ پێناسە دەکەن کەبریتین لە:

١- ئەرکی سەرەکی پارتە سیاسییەکان لە کۆمەڵگەی دیموکراسیدا بریتییە لە ململانێ، ئەم ململانێیەی نێوان پارتە سیاسیەکانیش بۆتە بنەمای هەموو وتوێژ و موناقەشەکانی نێوان پسپۆڕان وشارەزایانی ئەم بوارە، هەروەها گەیشتوونە ئەو قەناعەتەی کە لە کۆمەڵگە لیبراڵ دیموکراتەکاندا وەك ئەمەریکا و ئوسترالیا پارتە سیاسییەکان فاکتەری سەرەکین بۆ:

١.حکومڕانی باش.
٢.چەسپاندنی سەروەریی یاسا.
٣.پاراستنی مافەکانی مرۆڤ.

ئەم بنەمایانە کە پارتە سیاسییەکان ڕۆڵی سەرەکی تێدا دەگێڕن لەو جۆرە کۆمەڵگایانەدا بەشێوەیەك بوونەتە بەڵگە نەویست کە هیچ مشتومڕێکی لەسەر ناکرێت .

٢. لە کۆمەڵگەی نادیموکراتیشدا خنکاندنی گیانی ململانێ و ڕێزنەگرتن لە بەها دیموکراتییەکان بوونەتە بەڵگەنەویستێکی دیکە و ئەویش دیسان جێگەی مشتومڕنییە .

کەواتە بۆ ئەوەی پارتە سیاسییەکان ڕۆڵی کاریگەری خۆیان ون نەکەن ئەوا پێویستە شێوازی کارکردنی پارتە سیاسییەکان بە پێی یاسایەك لە چوارچێوەی بە ها دیموراتییەکاندا ڕێکبخرێت، بەتایبەتی بۆ کۆمەڵگەیەکی وەك کۆمەڵگەی ئێمە زۆر گرنگە هەوڵبدەین پارتە سیاسییەکان هۆکارێك بن بۆ :

١. فراوانکردنی فەزای ئازادی سیاسی .
٢. چەسپاندنی سەروەریی یاسا .
٣. پاراستنی مافەکانی مرۆڤ .
٤. بەشداربوون بۆ پیادەکردنی حکومڕانی باش لە وڵاتدا.

مەبەست لە بەراوردکردنی ڕۆڵی پارتە سیاسییەکانیش لە کۆمەڵگە پێشکەوتوەکان و کۆمەڵگە تازە پێگەیشتوەکان ئەوەنییە کە بمانەوێت، لایەنی سلبی پارتە سیاسییەکانی خۆمان تۆماربکەین و بە شان وباڵی پارتە سیاسییەکانی کۆمەڵگە پێشکەوتوەکان هەڵبڵێین، بەڵکو مەبەستمان ئەوەیە بگەینە ئەو ئامانجەی پارتە سیاسییەکان لە کۆمەڵگە پێشکەوتوەکاندا چۆن ڕەفتار دەکەن و هەروەها پرسیار لە خۆمان بکەین ئەگەر بمانەوێت ئێمەش کۆمەڵگەی خۆمان بەرەو دیموکراسی ببەین ئایا پارتە سیاسییەکانی ئێمە چ ئەرکێکیان دەکەوێتە ئەستۆ .

لێرەوە ئەم ئامانجە بەرەو ئەو ئاراستەیە پەلکێشمان دەکات چۆن بتوانین سیستەمێکی ململانێی ئەوتۆ لە نێو پارتە

**زۆر گرنگە هەوڵبدەین پارتە سیاسییەکان هۆکارێک بن بۆ: فراوانکردنی فەزای ئازادی سیاسی و چەسپاندنی سەروەریی یاسا و پاراستنی مافەکانی مرۆڤ و بەشداربوون بۆ پیادەکردنی حوکمڕانی باش لە وڵاتدا**

سیاسییەکاندا دروست بکەین، کە ئامانجی هەموولایەك لەیەك خاڵدا کۆبکاتەوە کە ئەلتەرناتیڤیی زیاتر لەبەردەمی دەنگدەردا دروست بکات، واتە هەربۆ نموونە لەبڕی ئەوەی دەنگدەری کوردستان تەنیا لەبەردەمیدا پارتی ویەکێتی هەبن بۆ ئەوەی متمانەی خۆی پێبدات یان بیانکاتە نوێنەری خۆی، ئامانج ئەوەبێت لەبەردەم دەنگدەر چەندین لایەنی دیکە هەبن بۆ ئەوەی دەنگدەر بە ئازادی لە نێویاندا باشترینیان بە قەناعەتی خۆی هەڵبژێرێت ( بێگومان لەم چەند دێرە مەبەستمان دیموکراسیەتی نوێنەرایەتییە لەبەر ئەوەی دیموکراسی لیبرالی یان دامەزراوەیی بریتیە لە دیموکراسیەتی نوێنەرایەتی، لەم راپۆرتەدا دیموکراسیەتی راستەوخۆ ئامانج نییە).

کەواتە کاتێك لەسەر دیموکراسییەتی نوێنەرایەتی هەڵوەستە دەکەین، دەبێت ئاگاداری ئەوەبین کە هاوڵاتیان لە رێگەی نوێنەرانیەوە بەشداری دەسەڵات دەکات، بۆ ئەوەشی ئەو پرانسیپە بمێنێتەوە کەدەڵێت: (دیموکراسی حوکمڕانی گەلە و لەلایەن گەلەوە پیادەدەکرێت و لە پێناوی گەلیشدایە )ئەوا دەبێت چەند هەنگاوێك فەراهەم بکرێت کە ببێتە هۆکاری ئەوەی رەنگدانەوەی دەسەڵاتی گەل بێت لەوانە:

١. ئازادی دامەزراندن و چوونە رێزی دامودەزگاکان وەك (پارتە سیاسییەکان)

٢. دابینکردنی ئازادی رادەربرین .

٣. گەرەنتی دابینکردنی سەرچاوەی زانیاری بەدیل .واتە نابێت سەرچاوەی زانیاریەکان لەلایەن حکومەتەوە قۆرخبکرێت، بەڵکو پێویستە سەرچاوەی زانیاری بخرێتە بەردەم میدیای ئازاد و لەو رێیەوە گەلی لێ ئاگادار بکرێتەوە.

٤. زامنکردنی مافی دەنگدان ورێکخستنی هەڵبژاردنی ئازاد وسەربەخۆ .

٥. پاراستنی مافی خاوەنداریەتی موڵکداریەتی تایبەت بە پێی یاسا.

٦. ئێستا بەپێی دیکۆمێنتە تازەکانی نەتەوە یەکگرتووەکان بۆ حکومڕانی لە دەوڵەتی هاوچەرخدا دابینکردنی مەرجێکی دیکە زیادکراوە، کە ئەویش مەرجی پیادەکردنی حکومرانی باشە، دەبێت ئەو پارتەی لە هەڵبژاردن خەڵك متمانەی پێدەدات وحکومەت پێکدەهێنێت، دەبێت پابەند بێت بە حکومڕانی باش و هەروەها پارتە سیاسییەکانی دیکە بە تایبەتی ئەگەر پارتی رکابەر یان ئۆپۆزسیون هەبوو دەبێت رۆڵی کاریگەر لە چاودێریکردنی حکومڕانی باشدا بگێرێت .

هەر ئەم مەرجە نوێیە گۆڕانکارییەکی بەرچاویشی بەسەر چۆنییەتی دابەشکردنی دەسەڵاتەکان و جیاکردنەوەی دەسەڵاتەکان لەیەکتری هێناوە، پێشان جیاکردنەوەی دەسەڵاتەکان بریتی بوون لە جیاکردنەوەی دەسەڵاتەکانی یاسادانان و راپەراندن و دادوەری، ئێستا بۆ ئەوەی زامنی حکومڕانی باش بکرێت و هاوڵاتییان لە حکومڕانی باشی حکومەتەکانییان دڵنیابن، ئەوا دوو دەسەڵاتی دیکەش لە یەکتری جیادەکرێنەوە کە ئەوانیش جیاکردنەوەی دەسەڵاتی خزمەتگوزارییە مەدەنییەکانە لەگەڵ ئەو دەسەڵاتەی خەرجی سەربازی وڵاتی پێ دابیندەکرێت بەمجۆرە دابەشکردن و جیاکردنوەی دەسەڵاتەکان بوون بە جیاکردنەوەی ٥ دەسەڵات لە یەکتری ئەوانیش بریتین لە (دەسەڵاتی یاسا دانان، دەسەڵاتی راپەراندن، دەسەڵاتی دادوەری، خزمەتگوزاری مەدەنی، خزمەتگوزاری سوپا (سەربازی).

ئەمانە هەموویان لە پێناوی ئەوەن کە دەسەڵاتی راپەراندن تا ئەو پەری سنوردار بکرێت، کە تائێستاش لەسەر ئاستی حکومەتی عێراق بە پێچەوانەوەیەو تازە بە تازە بەرێز د.مالکی خەریکە وەك لویسی چواردە بیردەکاتەوە و دەیەوێت دەسەڵاتی حکومەتی ناوەندی بە ئاستێك زیاد بکات کە بڵێیت (د.مالیکی واتە حکومەت و دەوڵەتی عێراق).

کەواتە بۆئەوەی دامەزراوەکانی دەوڵەت ببنە پاسەوان بەسەرحکومەتەوە و بۆ ئەوەی رێگە لە گەندەڵی سیاسیی و ئیداری بگیرێت، ئەوا پێویستەبەرێگە دەزگای چاودێری (چێك و بلانس) بەردەوام چاودێری حکومەت بکرێت و دەبێت پارتە سیاسییەکان لەم بوارەدا رۆڵی کاریگەر بگێرن، بێگومان گێرانی رۆڵی پارتە سیاسییەکان لەم بوارەدا دەبێت لەو چوارچێوەیەدا بێت ئامانجی پارتە سیاسییەکەش تەنها حکومرانی باش و خۆشگوزارنی هاوڵاتیان بێت، نەك نەهامەتیەکانی هاوڵاتیان بکاتە هۆکارێك بۆ پروپاگەندەی حزبی خۆی.

لە دووماهی ئەم راپۆرتە و پێش ئەوەی بچینە سەر راوبۆچوونی ئەوانەی لەراپۆرتە هاوبەشیان کردووین، جارێکی دیکە دەگەڕێتەوە سەر ئەو خاڵە سەرەکییەی کە فاکتەری سەرکەوتنی پرۆسەی دیموکراسی لە هەرکۆمەڵگەیەکدا بەندە بە ئاستی پیادەکردنی بەهاکانی دیموکراسی و تێگەیشتن لەو بەهایانە، بە پلەی یەکەمیش لەلایەن پارتە سیاسییەکانەوە، لەبەر ئەوەی پارتە سیاسییەکان سەرکردایەتی هەڵمەتەکانی هەڵبژاردن دەکەن و هەر پارتە سیاسییەکانیشن کاندیدی خۆیان بۆ نوینەرایەتی گەل دەپاڵێون و هەر پارتە سیاسییەکانیشن کە دەتوانن رۆڵی کاریگەر لە چەسپاندنی سەروەری یاسا و رێزنەگرتنی یاساشدا بگێرن، گرنگترین بەهای دیموکراتیش کە پێویستە هەموو پێوەی پابەندبین گیانی لێبوردەیی و یەکتری قبوڵکردن و رێزگرتنی ئیرادەی خەڵکی کوردستانە، بەپێچەوانەشەوە وەك مەهاتما غاندی دەڵێت: ( نالێبوردەیی توندوتیژی بەرهەمدەهێنێت و ئاستەنگ لەبەردەم گەشەسەندنی دیموکراسی دروست دەکات).

●●●

**فاکتەری سەرکەوتنی پرۆسەی دیموکراسی لە هەرکۆمەڵگەیەکدا بەندە بە ئاستی پیادەکردنی بەهاکانی دیموکراسی و تێگەیشتن لەو بەهایانە، بە پلەی یەکەمیش لەلایەن پارتە سیاسییەکانەوە**

●●●

پرۆفیسۆر ئەلفرید مۆنتێرۆ ئوستادی زانستی سیاسەتە لە زانکۆی کارلیتۆن و پسپۆر و تایبەتمەندە لەسەر سیستەمی سیاسی ئیسپانیا و بەرازیل و سیستەمی پارتایەتی لە دوو کۆمەڵگەی جیاواز کە ئیسپانیاو بەرازیلە بۆ بونیادی دیمۆکراسی. پرۆفیسۆر مۆنتێرۆ ململانێی نێو پارتە سیاسییەکان بۆ بونیادی دیموکراسی بە فاکتەری سەرەکی سەرکەوتنی پرۆسەی دیموکراسی دەزانێت و لەم بوارەشدا بایەخێکی تەواو بە سیستەمە سیاسییەکانی ئەمەریکای لاتین دەدات و لەگەڵ سیستەمی سیاسیی ئیسپانیا بەراوردیان دەکات و بەدوای ئەو پرسیارەدا دەگەڕێت، بۆچی پارتە سیاسییەکانی ئیسپانیا فاکتەرێکی سەرکەوتوون بۆ بونیادی دیموکراسی بەڵام پارتە سیاسییەکانی دەوڵەتانی ئەمەریکای لاتین کە هەمان کەلتووری ئیسپانیان هەیە بەو رادەیە سەرکەوتوونین؟ لەم بوارەشدا چەندین کتێبی هەیە لەوانە : (سیاسەتەکانی بەرازیل : ریفۆرمی دەوڵەتێکی دیموکراتی لە جیهانێکی گۆڕاودا، هەروەها دیموکراسی و دی سەنترالیزم لە ئەمەریکای لاتیندا) بۆ قسەکردن سەبارەت بەرۆڵی گرنگی پارتە سیاسییەکان لە بونیادی دیموکراسیدا پەیوەندیمان بە پرۆفیسۆر ئەلفرید کرد و بەڕێزی بەمجۆرە وەڵامی پرسیارەکانی گوڵانی دایەوە.



## ئەلفرید مۆنتیرۆ بۆ گوڵان:

# ئەگەر پارتێکی سیاسیی لە حکومەت بەشدار بوو ناتوانرێت پێی بگوترێت ئۆپۆزسیون

*** سیستەمی حزبی رەنگدانەوەی ژیانی سیاسی کۆمەڵگەیە، پرسیارەکە ئەوەیە چۆن ئەم سیستەمە دەتوانێت هەڵبستێت بە رێکخستنی ژیانی سیاسی کۆمەڵگەکە بە چەشنێك ببێتە هۆی هێنانە ئارای سیستەمێکی حکومڕانی باش؟**

- چەند مەسەلەیەك هەیە کە کاریگەریان هەیە بەسەر چۆنییەتی پێکهاتن و کارکردنی پارتە سیاسییەکانەوە، یەکێك لەو مەسەلانە ئەوەیە پارتە سیاسییەکان زۆر نزیکن لە بونیادە کۆمەڵایەتییەکەوە، بۆ نموونە لەبەر ئەوەی کۆمەڵگەی عێراق لە رووی ئاینی و ئیتنییەوە دابەشبووە، ئەوا شتێکی لۆجیکیە پارتە سیاسییەکانیش بە پێی ئەم دابەشبونانە دروستبن. لە چەند وڵاتێکی دیکەشدا ئەم حاڵەتە هەیە وەك بەلجیکا و ئیسپانیا، بەڵام جیاوازیەکە ئەوەیە پارتەکان لەم وڵاتانەدا خاوەنی دیسپلینێکی بەرزن و هیچ پاڵنەرێك نییە بۆ ئەوەی سیاسییەکان شوێنکەوتووی شەخسی بۆ خۆیان دروست بکەن، هەروەها یەکێکی تر لە جیاوازییەکان ئەوەیە حکومەتی ئەم وڵاتانە خاوەنی بەرنامەی خۆیەتی، واتە تەوەری کاری پارتە سیاسییەکان چۆنییەتی داڕشتنی بەرنامەی کاری حکومەتە. مێژوو ئەوە دەخاتەڕوو کە بوونی ئەم توخمانە گرنگن بۆ ئەوەی پارتە سیاسییەکان بە شێوەیەکی سەرکەوتو هەڵبستن بە رێکخستنی ژیانی سیاسی کۆمەڵگەکە.

*** ئێمە دەزانین لە سیستەمی حکومڕانیکردندا دوو جۆر پارتی سیاسیمان هەیە، پارتی حکومڕان و پارتی بەرهەڵستکار، پرسیارەکە ئەوەیە چۆن دەکرێت ئەم دوو لایەنە هاوکاری یەکتری بکەن بۆ بەرەوپێشبردنی دیموکراسی و باشترکردنی سیستەمی حکومڕانی؟**

- ئەوە پەیوەندی بەم مەسەلەیەوە هەبێت ئەوا دوو فەلسەفە هەیە، یەکێکیان بریتییە لە دابەشکردنی دەسەڵاتەکان هەروەك ئەوەی لە وڵاتە یەکگرتووەکانی ئەمەریکادا بەدی دەکەین، بیرۆکەکە ئەوەیە پارتە بەرهەڵستکارەکە چالاکانە چاودێری کارەکانی پارتە حکومڕانەکە دەکات. لە ئەمەریکادا مەحاڵە پارتێکی دیاری کراو بتوانێت بە تەنیا حکومڕانێتی بکات بۆ نموونە کە سەرەڕای ئەوەی دیموکراتەکان بەسەر کۆنگرێسدا زاڵن و لە هەڵبژاردنە سەرۆکایەتیەکاندا پاڵێوراوەکەی ئەوان سەرکەوتنی بەدەستهێنا ئەوا هێشتا پێویستیان بە پێکهێنانی هاوپەیمانێتیە لەگەڵ کۆمارییەکاندا بە تایبەتی لە ئەنجومەنی پیراندا بۆ تێپەڕاندنی چەند یاسایەکی دیاری کراو، واتە کۆماریەکان کە پارتی بەرهەڵستکارن دەستڕۆیشتوویەکی زۆریان هەیە و مومارەسەی چاودێری دەکەن بەسەر حکومەتەوە. هەروەها دەرفەتی ئەوەیان هەیە بەدیل بخەنەڕوو و لە رووی دەستورییەوە مافی چاودێریکردنی پارتی حکومڕانیان هەیە بۆ ئەوەی پارتی حکومڕان هەڵنەستێت بە کۆکردنەوەی سەرچاوە و دەسەڵاتەکان لە دەستی خۆیدا. تیۆری دووەم بریتیە لە مۆدێلی "ویستمینستەر" کە پارتە بەرهەڵستکارەکە زۆرینە نییە و کاروباری حکومڕانی بەڕێوەنابات، هەروەك وەك ئەوەی ئێستا لە بەریتانیادا هەیە کە پارتی کرێکاران حکومڕانی دەکات و پارتی موحافیزین لە بەرەی بەرهەڵستکاریدایە، بەڵام ئایا مافە دەستوورییەکانی ئەم پارتە بەرهەڵستکارانە چییە بۆ ئەوەی رۆڵیان هەبێت لە پەرەپێدان و بەرەپێشبردنی دیموکراسیدا، یەکەم دەتوانن حکومەتی سێبەر دروست بکەن، کە پارتە بەرهەڵستکارەکانی ویستمینستەر بە بەردەوامی

**لە ئەمەریکادا مەحاڵە پارتێکی دیاری کراو بتوانێت بە تەنیا حکومڕانێتی بکات بۆ نموونە کە سەرەڕای ئەوەی دیموکراتەکان بەسەر کۆنگرێسدا زاڵن و لە هەڵبژاردنە سەرۆکایەتیەکاندا پاڵێوراوەکەی ئەوان سەرکەوتنی بەدەستهێنا ئەوا هێشتا پێویستیان بە پێکهێنانی هاوپەیمانێتیە لەگەڵ کۆمارییەکاندا**

**زۆر ئاساییە لە هەڵبژاردنەکاندا شکست بهێنێت ئەگەر باوەڕت وابوو لە داهاتودا دەرفەتت بۆ دەڕەخسێت بۆ ئەوەی سەرکەوتن بەدەست بهێنێت**

ئەم کارە دەکەن، هەروەها بە بەردەوامی قسە بۆ دەزگاکانی ڕاگەیاندن دەکەن و بە بەردەوامی فشاردەخەنە سەر حکومەت بۆ ئەوەی پتر شەفاف بێت و لە ئاستی بەرپرسیارێتیدا بێت.

*** لە وڵاتە ئیسلامی و ڕۆژهەڵاتییەکان هەمیشە پارتە ئیسلامییەکان پارتی بەرهەڵستکارن کە تا ئەو کاتەی دەگەنە دەسەڵات باوەڕیان بە دیموکراسی هەیە، پرسیارەکە ئەوەیە چۆن بتوانین چوارچێوەیەکی دەستووری دابڕێژین بۆ پاراستنی دیموکراسی؟**

- ئەوە پرسیارێکی گرنگە لەبەر ئەوەی پەیوەندی بە سیستەمێکی سیاسییەوە هەیە کە ئەزموونێکی زۆری نییە لەگەڵ دیموکراسیدا. لە سەرەتای پرۆسەی دیموکراسیدا کەس متمانە بە کەس ناکات، لەبەر ئەوە زۆر گرنگە هەموو لایەنەکان لەسەر ئەو ڕێسایانە ڕێکبکەون کە ڕێگەیان پێدەدات لە داهاتوودا سەرکەوتن بەدەست بهێنن، واتە زۆر ئاساییە لە هەڵبژاردنەکاندا شکست بهێنیت ئەگەر باوەڕت وابوو لە داهاتوودا دەرفەتت بۆ دەڕەخسێت بۆ ئەوەی سەرکەوتن بەدەست بهێنیت، بەڵام ئەگەر پارتە سەرکەوتووەکە تێکڕای سەرچاوە و دەسەڵاتەکانی لە دەستی خۆیدا کۆکردەوە ئەوا ئەو پارتەکانی دیکە گومان لە پاکی و نەزاهەتی هەڵبژاردنەکانی داهاتوو دەکەن و ئەو قەناعەتەیان لادروست دەبێت کە بەشداری کردن هیچ سوودێکی نابێت و ئەو کاتە پەنابردن بۆ توندوتیژی دەبێتە بەدیلێکی ستراتیژی لە گەمەی هەڵبژاردندا و ڕەنگە ئەم کێشانە کێشەگەلێکی حەتمی بن لە هەر پرۆسەیەکی نوێی دیموکراسیدا، ئەوەی زیاتر گرفتەکە ئاڵۆز دەکات ئەوەیە لە وڵاتانی ئیسلامی و عەرەبیدا ئەزموونێکی دیموکراسی بوونی نەبووە، لەبەر ئەوە ڕەنگە یەکێك لە چارەسەرەکان دارشتنی ڕێساگەلێکی دیاری کراوبێت بۆ دڵنیابوون لە نەزاهەتی هەڵبژاردنەکان و بۆ ڕێگەگرتن لە گەندەڵی، هەروەها دەبێت چاودێرییەکی سەربەخۆ بوونی هەبێت، دەبێت چەند دەزگایەکی حکومی هەبن کە سەربەخۆبن لە پارتە سیاسییەکان و هەڵبستن بە چاودێریکردنی چۆنییەتی بەکارهێنانی سامانی وڵاتەکە و هتد، هێنانەدی ئەم ئامانجانەش پێویستیان بە چاکسازییەکی زۆر هەیە، بە پێچەوانەوە چارەنوسی سیستەمە سیاسییەکە شکستهێنانە. لە وڵاتی مەکسیك کە ڕۆژگاری دیکتاتۆرییەتی ئەو وڵاتە لە دیکتاتۆریەتی سەددام حوسێن زیاتربوو، بەڵام لەبەر ئەوەی توانیان دەستەیەکی سەربەخۆ بۆ چاودێریکردنی هەڵبژاردنەکان پێکبهێنن و ئەو دادوەرانەی حوکمیان لەسەر مەسەلەکانی پەیوەست بە هەڵبژاردنەوە دەدا کەسانێکی بێ لایەن و پیشەگەر بوون ئەوا پارتی دەستووری شۆڕشگێری مەکسیك شکسهێنانی لە هەڵبژاردنەکاندا قبوڵ کرد، مەبەستم ئەوەیە بوونی دەستەیەکی سەربەخۆ لە عێراقدا بۆ چاودێریکردنی هەڵبژاردنەکان کە هیچ پەیوەندیەکی بە پارتە سیاسییەکانەوە نەبێت و خاوەنی میسداقییەت بێت گرنگییەکی لە ڕادەبەدەری هەیە، لە ئەمەریکا دەستەیەکی لەم شێوەیە بوونی نییە، بەڵام سیستەمی قەزائی بەم کارە هەڵدەستێت.

*** ئایا دەکرێت لە یەك کاتدا پارتێکی سیاسی دیاری کراو بەشداری لە حکومڕانێتیدا بکات و لە هەمان کاتدا پارتێکی بەرهەڵستکاریش بێت؟**

- لە ڕاستیدا دەتوانێت ڕۆڵی چاودێر ببینێت بەڵام ناتوانین پێی بڵێین پارتی بەرهەڵستکار، دەکرێت پارتێکی بەرهەڵستکارهەبێت و وەلائی بۆ حکومەت هەبێت، واتە پشتگیری لە بەرنامەی حکومەت بکات و لە هەمان کاتدا لە چەند مەسەلەیەکی دیاری کراودا هاوڕانەبێت لەگەڵ حکومەتدا، هەروەها دەکرێت پارتێکی بەشدار لە حکومڕانێتیدا چاودێری پارتە حکومڕانەکانی دیکە بکات بەڵام ئەمە مەسەلەیەکی جیاوازە و ناکرێت پێیان بڵێین پارتی بەرهەڵستکار.

*** لە وڵاتێکی وەك عێراقدا پارتە سیاسییەکان خاوەنی ڕۆژنامە و کەناڵی تەلەفزیۆنی خۆیانن کە پڕوپاگەندەیان بۆ دەکەن، ئەمە لە کاتێکدا دەبێت دەزگاکانی ڕاگەیاندن و ڕۆژنامەکان ئازاد و سەربەخۆبن، لێکدانەوەی ئێوە چییە بۆ ئەم حاڵەتە؟**

ئەو حاڵەتە زۆر بەدی دەکرێت کە پارتە سیاسییەکان بە شێوەیەکی ڕاستەوخۆ ڕۆژنامەیەك بەڕێوەببەن، یاخود ڕۆژنامەکان مەیلێکی ئایدۆلۆجیان هەیە، ئەم حاڵەتە لە وڵاتانی ئەورووپا و ئەمەریکای لاتیندا بەدی دەکرێت، تەنیا لە وڵاتە یەکگرتووەکانی ئەمەریکادا حاڵەتێکی تایبەتی هەیە کە دەبێت ڕاگەیاندن و ڕۆژنامەکان تەواو مەوزوعی بن لە زانیاری و شیکردنەوەکانیاندا، هەرچەندە زۆرجار لە ڕووی واقیعییەوە بەم شێوەیە نییە، بەڵام لە ئەمەریکا ڕۆژنامە پێی دەوترێت دەسەڵاتی چوارەم. ئەوەی بە لای منەوە گرنگە ئەوەیە دەرفەت بۆ بڵاوکردنەوەی تێکڕای بیر و باوەڕ و تێڕوانینەکان بڕەخسێنرێت و هیچ بیروبۆچوونێکی دیاری کراو سەرکوت نەکرێت.

*** ئایا بوونی سەروەری یاسا تا چ ڕادەیەك پێویستە بۆ ڕێکخستنی ژیانی سیاسی کۆمەڵگەکە؟**

-دەبێت یاسا ئەوە دیاری بکات کە چۆن هەڵبژاردنەکان بە شێوەیەکی ئازادانە و نەزیهانە بەڕێوەدەچن و ئەنجام دەدرێن، یاسا مافی دەنگدەرەکان دەپارێزێت، یاسا مافی پارتە سیاسییەکان و پاڵێوراوەکانیان دەپارێزێت، دیموکراسی بێ بوونی سەروەری یاسا بوونی نییە، هەرچەندە دەکرێت شێوەیەك لە سەروەری یاسا بێ بوونی دیموکراسی لە ئارادابێت، بۆ نموونە لە سیستەمە دیکتاتۆریەکاندا ئەگەرچی لەم حاڵەتەشدا خراپ بەکارهێنانی یاسا ڕوودەدات و لە لایەن دەسەڵاتدارانەوە و بۆ بەرژەوەندی خۆیان دەستکاری یاساکان دەکرێت. بۆ ئەوەی سەروەری یاسا شان بە شانی دیموکراسی بوونی هەبێت ئەوا دەبێت لە هەمان کاتدا مافی دەنگدەران و پارتە سیاسییەکان و نوخبە سیاسییەکان بپارێزرێت.

**دەکرێت پارتێکی بەرهەڵستکار هەبێت و وەلائی بۆ حکومەت هەبێت، واتە پشتگیری لە بەرنامەی حکومەت بکات و لە هەمان کاتدا لە چەند مەسەلەیەکی دیاری کراودا هاوڕانەبێت لەگەڵ حکومەتدا**

**تەنیا لە وڵاتە یەکگرتووەکانی ئەمەریکادا حاڵەتێکی تایبەتی هەیە کە دەبێت ڕاگەیاندن و ڕۆژنامەکان تەواو مەوزوعی بن لە زانیاری و شیکردنەوەکانیاندا**

**یاسا مافی دەنگدەرەکان دەپارێزێت، یاسا مافی پارتە سیاسییەکان و پاڵێوراوەکانیان دەپارێزێت، دیموکراسی بێ بوونی سەروەری یاسا بوونی نییە**



پرۆفیسۆر کریستۆفەر ئێس ئەلن ئوستادی زانستی سیاسەت و پەیوەندییە نێودەوڵەتییەکانە لە زانکۆی جۆرجیا و پسپۆر و تایبەتمەندە لەسەر قۆناخی ئینتقالی سیاسیی لە رژێمی تۆتالیتارییەوە بۆ بونیادی دیموکراسی ، لە مبارەوە بایەخێکی زۆری بە قۆناخی ئینتیقالی ئەوروپای دوای کۆمونیزم داوە بەرەو دیموکراسی و هەر لەسەر ئەم پرسەش کتێبێکی بە ناونیشانی قۆناخی ئینتیقالی سیاسیی لەئەوروپا نوسیووە، هەروەها بایەخێکی زۆریشی بە وڵاتی مەکسیك داوە کە دیسان یەکێکە لەو وڵاتانەی هەمان قۆناخی ئینتقالی تێپەڕاندووە، ئێمەش ئەمڕۆ هەم لە کوردستان و هەم لەعێراقیش بە هەمان قۆناخدا تێدەپەرین بۆیە سەبارەت بە چۆنیەتی رەفتارکردنی پارتە سیاسییەکان لەم قۆناخە گرنگەدا پەیوەندییمان بە پرۆفیسۆر ئەلن کرد و بەمجۆرە رای خۆی بۆ گوڵان دەربری.

## کریستۆفەر ئەلن بۆ گوڵان:

# سەروەریی یاسا و لێبوردەیی دوو فاکتەری گرنگن دەبێت پارتە سیاسییەکان پێوەی پابەندبن

*** سیستەمی حزبی رەنگدانەوەی ژیانی سیاسیی کۆمەڵگەیە، پرسیارەکە ئەوەیە چۆن فرەحزبی لەکۆمەڵگەدا رێکدەخرێت ؟**

- بێگومان دەبێت بەیاسا رێکبخرێت، ئەوەی گرنگە ئەوەیە متمانە لە نێو تێکڕای لایەنە سیاسییەکاندا هەبێت، خەڵکی بۆیە پارتی سیاسی جیاواز پێکدەهێنن لەبەر ئەوەی بیروبۆچوونی جیاوازییان هەیە لەگەڵ یەکدا، بەڵام گرنگە ئەوەیە وەك دوژمن لە رکابەرەکانییان نەڕوانن، بەڵکو وەك رکابەرێکی سیاسی کە خاوەنی بیربوبۆچوونی جیاوازن، ئەو کاتە پرۆسە دیموکراسییەکەش گەشە دەکات، بەڵام ئەگەر بێ متمانەی بەربڵاو بێت لە نێویاندا ئەوا چارەنوسی سیستەمە سیاسییەکە شکستە.

***کەواتە چۆن دەکرێت ئەم پارتانە هاوکاری یەکتری بکەن بۆ بەرەوپێشبردنی دیموکراسی و باشترکردنی سیستەمی حکومڕانی؟**

- من لێکۆڵینەوەم لە زۆرێك لە سیستەمە سیاسییەکان کردووە، هەندێکیان پێکدێن لە دوو پارتی دیاری کراو و هەندێکیان سیستەمی فرەحزبین، لەو وڵاتانەی کە سیستەمی فرەحزبییان هەیە چەند پارتێك هەڵدەستن بە پێکهێنانی هاوپەیمانێتی و پارتەکانی دیکە دەبنە بەرهەڵستکار و رەخنەی بنیاتنەر لە حکومەت دەگرن، لە عێراقیشدا بە حوکمی ئەوەی فرەحزبی هەیە ئەوا گرنگە هاوپەیمانێتیەکی سەرکەوتوو پێکبهێنرێت و پارتەکانی دیکەی دەرەوەی هاوپەیمانێتی حکومڕان رۆڵی بنیاتنەری خۆیان ببینن.

*** لەزۆربەی وڵاتە ئیسلامی و رۆژهەڵاتییەکاندا پارتە ئیسلامییەکان پارتی بەرهەڵستکارن کە تا ئەو کاتەی دەگەنە دەسەڵات باوەڕیان بە دیموکراسی هەیە، پرسیارەکە ئەوەیە چۆن بتوانین چوارچێوەیەکی دەستووری دابڕێژین بۆ پاراستنی دیموکراسی؟**

- لێرەدا سەروەری و باڵادەستی یاسا زۆر گرنگە هەروەها پێویست بە بوونی لێبوردەی دەکات لە کۆمەڵگەدا کە لەم حاڵەتەدا دەتوانرێت پرۆسە دیموکراسییەکە بەرەوپێش ببردرێت. ئەگەر پارتی سەرکەتوو لە هەڵبژاردنەکاندا هەڵسا بە سەرکوتکردن یان دەستگیرکردن یان تەنگپێهەڵچنینی بەرهەڵستکارەکان ئەوا دیموکراسیەکە سەرکەوتوو نابێت، واتە دەبێت دەرفەت بە بەرهەڵستکارەکان بدرێت بۆ ئەوەی رەخنەی بنیاتنەر لە سیاسەتکانی حکومەت بگرن.

لە زۆرێك لەو وڵاتانەی خاوەنی دەزگای راگەیاندن و رۆژنامەی سەربەخۆن، بەڵام لە گەڵ ئەوەشدا هەندێ لە رۆژنامەکان پتر بە لای لایەنێك یان پارتێکی سیاسی دەیشکێننەوە، واتە لە گەڵ ئەوەی ئەم دەزگا و رۆژنامەی سەر بەو پارتانە نین بەڵام لە گەڵ ئەوەشدا مەیلێکی سیاسی یان ئایدۆلۆژیی بۆ پارتە سیاسییەکان بەدی دەکرێت لە کاتی بڵاوکردنەوەی بیروبۆچوونەکاندا.


*** لە کۆمەڵگە دیموکراسییەکاندا پێویست بە بوونی باڵادەستی یاسا دەکات، پرسیارەکە ئەوەیە ئایا بوونی سەروەری یاسا تا چ رادەیەك پێویستە بۆ رێکخستنی ژیانی سیاسی کۆمەڵگەکە؟**

- هەروەك پێشتر ئاماژەم پێکرد بوونی متمانە لە نێو هاوڵاتیاندا توخمێکی گرنگە بۆ هێنانەدی دیموکراسییەکی سەرکەوتو و سەقامگیر هەرچەندە بنیاتنانی ئەم متمانەیە کاتێکی دورودرێژ دەخایەنێت، مەبەستم لەوەیە نابێت هاڵاتیان وەك دوژمن لە یەکتری بڕوانن هەر کاتێکی بیروبۆچونی جیاوازیان هەبوو، پێچەوانەکەشی راستە، واتە ناکرێت لە حاڵەتی بێ متمانەییدا دیموکراسیەکی سەرکەوتوو گەشەکردوو بنیات بنێین.

من دەڵێم پەنا بۆ گفتوگۆ و دانوستاندن ببەن لە نێو پارتە سیاسییە جیاوازەکاندا بۆ ئەوەی بتوانن بگەنە رێککەوتنێکی هاوبەش و بتوانن متمانە بنیات بنێن، رەنگە ئەمە پرۆسەییەکی درێژخایەن بێت، بەڵام بێ بوونی متمانە ناتوانن دیموکراسییەکی سەقامگیر و سەرکەوتوو بنیات بنێن.

**لە عێراقیشدا بە حوکمی ئەوەی فرەحزبی هەیە ئەوا گرنگە هاوپەیمانێتیەکی سەرکەوتوو پێکبهێنرێت و پارتەکانی دیکەی دەرەوەی هاوپەیمانێتی حکومڕان رۆڵی بنیاتنەری خۆیان ببینن**

**بوونی متمانە لە نێو هاوڵاتیاندا توخمێکی گرنگە بۆ هێنانەدی دیموکراسییەکی سەرکەوتو و سەقامگیر هەرچەندە بنیاتنانی ئەم متمانەیە کاتێکی دورودرێژ دەخایەنێت**



پرۆفیسۆر مایكل كۆهین ئوستادی زانستی سیاسەتە لە زانكۆی ئۆهایۆ و پسپۆر تایبەتمەندە لەسەر پارتە سیاسییەكان و فیدرالیزم و حكومەتە لۆكاڵەكانی ناو دەوڵەتی فیدراڵی، هەروەها تایبەتمەندە لەســەر چۆنیەتی رەفتاركردنی پارتەسیاسییەكان لە چوارچێوە پرۆسەی دیموكراسی چۆنییەتی پابەندبوونی پارتە سیاسییەكان بە بنەماكانی بەها دیموكراسییەكانەوە .
بۆ زیاتر تاوتوكردن و هەڵوەســتە كردن لەســەر ئەم پرسە لەهەرێمی كوردستان و عێراقدا پرۆفیسۆر كۆهین بەمجۆرە رای خۆی بۆ گوڵان خستە روو.

## مایكل كۆهین بۆ گوڵان:

# دەبێت پارتە سیاسییەكان بنەمای گەمە سیاسییەكەی دیموكراسییەت قبوڵ بكەن

*** لــە كۆمەڵگەیەكدا فرە لایەنی بوونی هەبێت دەبێت میكانیزمێك بۆ رێكخستنی ئازادییەكانیش هەبێت، ئایا ئەو خاڵانە چین كە پێویستە بۆ ئەو رێكخستنە لەبەر چاو بگیرێن؟**

- ئــەو كۆمەڵگەیانەی جیاوازی و دابەشــبونیان تێدایە، دەبێت پارتە سیاسییەكان ئەم واقیعە رەچاوبكات، بە گوزارشتێكی دیكە ئەم واقیعە رەنگدانەوەی هەبێت لەو سیاســەت و هەڵوێستانەی پارتە سیاسییەكان دەیگرنەبەر، بۆ نموونە لە وڵاتی نەیجیریا كە ئەم حاڵەتە بەدی دەكرێت پارتە سیاســییەكان دەبێت چەند سیاسەتێكی دیاری كراو بگرنەبەر بۆ ئەوەی پێكهاتە جیاوازەكان بتوانــن پێكەوەكاربكەن، بۆ نموونە دەكرێت یارمەتــی گرووپ و لایەنە پەراوێزكراوەكان بدرێت لە رێی بەخشــێنی هەندێ لە دەسەڵاتەوە بەم گرووپانە.

*** كەواتە لای تۆ مەرجی ســەركەوتنی دیموكراســییەت واقعبینی و گیانی لێبوردەییە؟**

- مــن پێم وایە ئەگەر لایەنە شكســتخواردوەكان لــە هەڵبژاردنەكاندا دەرئەنجامی هەڵبژاردنەكانییــان قبوڵكرد و ئەو واقیعەیان قبوڵكرد كە لایەنە ســەركەوتووەكان دەتوانن كۆنترۆڵی كاروبارەكانی حكومڕانێتی بكەن، هەروەها ئەگەر ئەو قەناعەتەیان لاهەبوو كە دەتوانن لە داهاتودا ســەركەوتن بەدەست بهێنن ئەوا ئەمە كەشێكی یارمەتیدەر دەڕەخسێنێت بۆ ئەوەی هەردوولا پێكەوە هاوكاری بكەن.

*** بــەڵام لەهەندێــك وڵاتدا ئــەم مەرجانە لای پارتە سیاســییەكان قورســن، بەتایبەتی لە كۆمەڵگە رۆژهەڵاتییەكاندا،لێرەدا پرســیارەكە ئەوەیە چۆن بتوانین چوارچێوەیەكی دەستووری دابڕێژین بۆ پاراستنی دیموكراسی؟**

- رەنگە ئەمە یەكێك لە ســەختترین ئەو كێشــانەبێت كە دیموكراسییە نوێیــەكان رووبەڕووی دەبنەوە كاتێك هەوڵی چەســپاندنی ئەو بنەمایە دەدرێت كە دەبێت تێكڕای لایەنەكان رێساكانی گەمەكە قبوڵ بكەن كە ئاڵ و گۆڕی دەســەڵات و بوونی سیستەمێكی قەزائی سەربەخۆ لە خۆدەگرن، بە چەشــنێك پارتە سەركەوتوەكان ئامادەی ئەوەبن كە دەست لە دەسەڵات هەڵبگرن لە كاتی شكستهێنانییان لە هەڵبژاردنەكاندا.

*** ئایا دەكرێت لە یەك كاتدا پارتێكی سیاســی دیاری كراو بەشداری لە حكومڕانێتیدا بكات و لە هەمان كاتدا پارتێكی بەرهەڵســتكاریش بێت؟**

- زۆرجــار لەو حاڵەتانــەدا بەدی دەكرێت كە پێــی دەڵێن حكومەتی كەمینە كە زۆرجار لایەنێكی دیاری كراو حكومڕانێتی دەكات و پارتە بەرهەڵستكارەكانیش رەزامەندییەكی زەمەنی دەدەن و بەرهەڵستی پارتی حكومــڕان ناكات، بۆ نموونە ئەم حاڵەتە لە ئیســپانیادا بەدی دەكرێت كــە هەندێ لە پارتە بەرهەڵســتكارەكان نە دەنگ بۆ یاســاگەلێكی دیــاری كراو دەدەن كە لە لایەن پارتە حكومڕانەكانەوە پێشــنیار كراون و نە بەرهەڵستیشــی دەكەن، كە ئەمەش بوارێكــی فراوانتر بۆ پارتە حكومڕانەكان دەڕەخســێنێت بــۆ ئەوەی سیاســەتەكانی خۆیان پیادە بكەن.

ئەوەی گرنگە ئەوەیە كە دەزگاگەلێكی راگەیاندنی ســەربەخۆ هەبێت بــۆ ئەوەی پارتە بچكوكەكان یاخود پارتــە نوێیەكان دەرفەتی ئەوەیان هەبێــت كە بتوانن دەنگ و تێڕوانیــن و بیروبۆچونی خۆیان بگەیەننە هاوڵاتیان، واتە تا رادەیەك یەكســانییەك هەبێت لە بەردەم پارتەكاندا لەم رووەوە.

*** ئایا بوونی ســەروەری یاسا تا چ رادەیەك پێویستە بۆ رێكخستنی ژیانی سیاسی كۆمەڵگەكە؟**

- من جەخت لەسەر بوونی دەسەڵاتێكی دادوەری سەربەخۆ دەكەمەوە لەم رووەوە، هەروەهــا دەبێت حكومەت و حزبەكان لەیەكتری جیابكرێنەوە بۆ ئەوەی حزب دەرفەتێكی گەورەی لە بەردەمدا نەبێت بۆ كۆنترۆڵكردنی دەزگای بیرۆكراســی كە ئەمەش سەردەكێشــێت بــۆ گەندەڵی، ئەم جیاكردنەوەیە یارمەتیدەر دەبێت لە خوڵقاندنی سیستەمێكی سیاسی كە دەرفەتی ركابەری و ململانێی شەرعی بخوڵقێنێت، هەروەها یامەتیدەر دەبێت لە باشتر چەسپاندنی سەروەری یاسا و جێگیركردنی سیستەمێكی قەزائی سەربەخۆ. بێگومان هەموو پرۆسەیەكی دیموكراسی لە سەرەتادا دووچاری سەختی و دژواری زۆر دەبێتەوە و من ئومێدەوەرام ئێوە بتوانن دام و دەزگای پێویست بخوڵقێنن بۆ بەرەوپێشبردنی ئەم پرۆسەیە.

●●●
**دەبێت حكومەت و حزبەكان لەیەكتری جیابكرێنەوە بۆ ئەوەی حزب دەرفەتێكی گەورەی لە بەردەمدا نەبێت بۆ كۆنترۆڵكردنی دەزگای بیرۆكراسی**
●●●

●●●
**هەموو پرۆسەیەكی دیموكراسی لە سەرەتادا دووچاری سەختی و دژواری زۆر دەبێتەوە و من ئومێدەوەرام ئێوە بتوانن دام و دەزگای پێویست بخوڵقێنن بۆ بەرەوپێشبردنی ئەم پرۆسەیە**
●●●

پرۆفیسۆر سامۆئیل دیکانۆ ئوستادی بەشی حکومەتە لە زانکۆی جۆرج تاون و پسپۆر و تایبەتمەندە لەسەر( پارتە سیاسییەکان و ئایدۆلۆژیەکانیان، رای گشتی و رەفتاری دەنگدەر، گروپی فشار وڕێکخراوەکانی کۆمەڵگەی مەدەنی )پرۆفیسۆر دیکانۆ لەسەر هەر یەکێك لەبواری ئەم تایبەتمەندیانە کتێب و توێژینەوەی تایبەتی نووسیوە، بۆ زیاتر بە دواداچوونی رۆڵی پارتە سیاسییەکان بۆ بونیادی دیموکراتی لە کۆمەڵگە تازە پێگەیشتووەکاندا پەیوەندیمان بە پرۆفسۆر دیکانۆ کرد و بەڕێزی بەمجۆرە بۆ گوڵان هاتە ئاخاوتن.



## سامۆئیل دیکانۆ بۆ گوڵان:

# یەکێک لە لایەنە سلبیەکانی حکومەتی ئیئتلافی ئەوەیە هەندێک لە پارتە بەشداربووەکان خۆیان وەک ئۆپۆزسیون پیشاندەدەن

**هەمیشە نیگەرانی ئەوە هەیە کە کۆنترۆڵکردنی سەرچاوەکانی راگەیاندن و زانیاری لە لایەن پارتە سیاسییەکانەوە بەو شێوەیە بەکاربهێنرێت کە ئامانج لێی زیانگەیاندن بێت بە پارتە سیاسییەکانی دیکە**

**رەنگە ئەوە شتێکی باش بێت پارتە سیاسییەکان هاریکاری یەکتری بکەن، بەڵام لە رووی واقیعی و عەمەلییەوە کەمتر ئەم حاڵەتە بەدی دەکەین**

***لە وڵاتی ئێمە پارتە سیاسییەکان خاوەنی میدیای سەربەخۆی خۆیانن، هەروەها ئازادی رادەربڕینیش فەراهەمکراوە، ئایا تاچەند میدیا حزبییەکان زیانی بۆ رەوشی دیموکراسی هەیە؟**

-هەمیشە نیگەرانی ئەوە هەیە کە کۆنترۆڵکردنی سەرچاوەکانی راگەیاندن و زانیاری لە لایەن پارتە سیاسییەکانەوە بەو شێوەیە بەکاربهێنرێت کە ئامانج لێی زیانگەیاندن بێت بە پارتە سیاسییەکانی دیکە، بەڵام تەنانەت لە وڵاتە یەککگرتووەکانی ئەمەریکاشدا کە پارتەکان کۆنترۆڵی دەزگاکانی راگەیاندن ناکەن ئەوا ئەو کەسانەی ئەم دەزگایانە بەڕێوەدەبەن خاوەنی ئایدۆلۆژیای سیاسین و رەنگە لە دژی لایەنێکی دیاری کراو یان لە بەرژەوەندی لایەنێکی دیاری کراو هەواڵ و زانیارییەکان بڵاوبکاتەوە، بۆ نموونە رۆژنامەی " نیۆیۆرك تایمز" لە بەرژەوەندی پاڵێوراوی دیموکراتەکان دای دەشکاند، لە بەرامبەردا " فۆکس نیوز" زیاتر لەگەڵ تێڕوانینی کۆمارییەکاندا دەگونجێت. واتە تەنانەت لە حاڵەتی بوونی دەزگای راگەیاندنی سەربەخۆدا ئەوا هێشتا هەڵسوڕێنەرانی خاوەنی ئایدۆلۆژیای سیاسین و رەنگە زیاتر لە بەرژەوەندی لایەنێکی دیاری کراو کاربکەن.

*** سیستەمی حزبی رەنگدانەوەی ژیانی سیاسی کۆمەڵگەیە، پرسیارەکە ئەوەیە چۆن ئەم سیستەمە دەتوانێت هەڵبستێت بە رێکخستنی ژیانی سیاسی کۆمەڵگەکە ؟**

- رەنگە ئەرکە سەرەکییەکە بریتی بێت لە خستنەڕووی زانیاری و تێڕوانین و شیکردنەوەی مەسەلەکان بۆ ئەوەی هاوڵاتییان هەڵوێستێکی سیاسیان لا دروست بێت لە سەر مەسەلە ئاڵۆزەکان، بە پێچەوانەوە رەنگە هاوڵاتییان بایەخ بەو مەسەلانە نەدەن یاخود هیچ زانیارییەکیان نەبێت دەربارەیان.

*** لەسیستەمی دیموکراتیدا لەگەڵ فرەلایەنی هەیە و جیاوازی لە بیروبۆچوونەکاندا هەیە، بەڵام پێویستە هاوکاریکردنیش هەبێت، ئایا چۆن پارتە سیاسییەکان دەتوانن هاوکارین لە بەرەو پێشبردنی کۆمەڵگەدا؟**

-رەنگە ئەوە شتێکی باش بێت پارتە سیاسییەکان هاریکاری یەکتری بکەن، بەڵام لە رووی واقیعی و عەمەلییەوە کەمتر ئەم حاڵەتە بەدی دەکەین، ئەوەی هەیە ئەو پارتەی حکومڕانێتی دەکات لەلایەن پارتە بەرهەڵستکار و رکاربەرەکانەوە تەحەددا دەکرێت و ئەم پارتانە هەوڵ دەدەن قەناعەت بە هاوڵاتییان بکەن کە ئەوان بەدیلیی باشتریان پێیە، واتە لە زۆربەی حاڵەتەکاندا پارتە رکابەرەکان هەوڵی لاوازکردنی پارتە حکومڕانەکان دەدەن. بەڵام گرنگە ئەوەیە هەردوولا دان بە شەرعییەتی سیستەمەکەدا بنێن چونکە ئەمە دەبێتە هۆی کەمکردنەوەی رێژەی توندوتیژی و ناکۆکی.

*** چۆن بتوانین چوارچێوەیەکی دەستووری دابڕێژین بۆ پاراستنی دیموکراسی؟**

- رەنگە ئەنجامدانی هەڵبژاردنی کراوە و ململانێ ئامێز یەکێك بێت لە بەربەستەکان لەبەردەم هێزە دژەدیموکراسییەکاندا، مەبەستم ئەوەیە دەبێت هەموو لایەك دان بە شەرعییەتی ئەم هەڵبژاردنانەدا بنێن، بەڵام کێشەکە ئەوەیە زۆرجار بە هۆی بەکارهینانی هێز، یان ساختەکاری و پێشێلکارییەوە دەستکاری دەرئەنجامی هەڵبژاردنەکان دەکرێت.

*** ئایا دەکرێت لە یەك کاتدا پارتێکی سیاسی دیاری کراو بەشداری لە حکومڕانێتیدا بکات و لە هەمان کاتدا پارتێکی بەرهەڵستکاریش بێت ؟**

- رەنگە ئەوە یەکێك بێت لە لایەنە سلبییەکانی پێکهێنانی هاوپەیمانێتیێ بۆ حکومڕانیکردن، بە پێچەوانەی سیستەمی دوو حزبی کە لە وڵاتە یەکگرتووەکانی ئەمەریکادا هەیە و تەنیا یەك حزب حکومرانی دەکات، ئەگەرچی لە ناو خودی یەك حزبیشدا بیروبۆچونی جیاواز هەیە کە رەنگە رەخنە لەو سیاسەتە بگرن کە پیادە دەکرێت، بۆ نموونە هەندێ لە لایەن ئاینییەکان رەخنە لە بەشێکی دیاری کراوی ئەو سیاسەتە دەگرن کە پەیڕەو دەکرێت. هەرچۆنێك بێت ئەوا ئەگەری جیاوازی و لێکترازان و ناکۆکی لە هاوپەیمانیتیدا زیاترە کە چەند پارتێکی جیاواز لە خۆدەگرێت.



# راگەیاندن بۆ هەڵبژاردنی پارێزگاکان دەبێت هەموو هەوڵەکانی بۆ بەشداری زیاتری هاوڵاتیان بێت

هەڵبژاردنی پارێزگاکانی عێراق کە لیستی هاوپەیمانی کوردستان بە بایەخەوە لەسەر ئاستی هەر ٣ پارێزگای موسڵ و دیالە و سەلاحەدین بەشـــداری تێدا دەکات، هەڵبژاردنێکی چارەنووسسازە بۆ ئەو ناوچانە و دەبێت هەموو لایەك بە بایەخەوە ســـەیری بکات و هەموو هەوڵێك بخرێتـــە گەڕ بۆ ئەوەی زۆرترین ڕێژەی هاووڵاتییانی کوردســـتانی و دۆســـتان و لایەنگرانی دیموکراتی و عێراقی بەشـــداری بکەن و دەنگی خۆیان بدەن بە لیستەکانی هاوپەیمانی کوردستانی کە لەسەر ئاستی پارێزگای نەینەوا بە لیستی برایەتی نەینەوە و لەسەر ئاستی پارێزگای ســـەلاحەدین بە لیستی برایەتی و پێکەوەژیانی ئاشتییانە و لەسەر ئاستی پاریزگای دیالەش بە لیستی هاوپەیمانی کوردستان ناسراوە.

بێگومـــان لـــە هەڵمەتەکانی ئـــەم هەڵبژاردنەدا کە بە شـــیوەیەکی فەرمی دەســـتی پێکردووە، دەزگاکانی راگەیاندنی کوردســـتان بە جیاوازی ئایین و نەتەوە و بیروباوەڕی سیاسییەوە ئەرکێکی گرنگی نشتیمانییان دەکەوێتە سەرشـــان و دەبێت هەموو پێکەوە بە هاوکاری لەگەڵ تێکڕای میدیـــا ئازادیخواز و دیموکراتییەکان هەوڵبدەین ئەو هەڵمەتە شـــۆڤێنییانەی دوژمنانی عێراقی نوێ بە چەواشـــەکاری بڵاوی دەکەنەوە و هەوڵدەدەن لە ژێر ســـێبەری دیموکراتیدا درێژە بە سیاسەتی بەعس و شۆڤێنزم و رەگەزپەرستی بدەن، پوچەڵ بکەینەوە و ئاکامی ســـندوقەکانی دەنگدان بکەینە ســـەرەتایەك بۆ بونیادی دیموکراسی و پێکەوەژیانی ئارەزومەندانە لە چوارچێوەی عێراقێکی فیدراڵی و دیموکراتییدا.

### ڕووبەڕووبونەوەی تۆندڕۆ و شۆڤینیستەکان ئاسان نییە بەڵام مەحاڵێش نییە

لە هەڵمەتەکانـــی هەڵبژاردنەکانی پارێزگاکانـــی عێراقدا ململانێ لە هەر ٣ شـــاری موســـڵ ودیالە و تکریت لە شـــارەکانی دیکەی عێـــراق جیاوازتردەبێت، جیاوازیەکەش لەوەوە ســـەرچاوە دەگرێت ئەم ٣ شـــارە جیاواز لە تەواوی شارەکانی دیکەی عێراق تێکەڵاویەکەی رەنگدانەوەی سەرجەم پێکهاتەکانی عێراق هەر لە کورد (بە شەبەك و یەزیدیشەوە)، عەرەب(بە شیعە وسونەوە)، تورکمان،کریستییان و

**بۆ ئەوەی جارێکی دیکە شۆڤێنیەکان نەتوانن خۆیان لەگەڵ ئیرادەی ئازایخوازان و دیموکراتیخوازان تاقی بکەنەوە. میدیا رۆڵێکی کاریگەری دەکەوێتە ئەستۆ**

دەبێت راگەیاندنەكانی كوردستان هاووڵاتییان لەوە هۆشیار بكەنەوە كە دەنگدان بۆ كۆتایی هێنانە بە دیكتاتۆرییەت و هەڵگرانی بیروباوەڕی رەگەزپەرستانەی بەعس و تیرۆریستان

گەڕانەوەی ناوچە دابڕاوەكان بۆ سەر هەرێمی كوردستان واتە لابردنی زوڵم و زۆرداری سیاسەتی بەعس لەسەر هاووڵاتییانی كورد و توركمان و تەنانەت عەرەبیش

هەروەها چەندیـــن پێكهاتەی دیكە، لە نێو ئـــەم بارودۆخە ئاڵۆزەدا تەنیا لیســـتی هاوپەیمانی كوردســـتانە كە توانیوویەتی هەموو ئەم پێكهاتـــە جیاوازانە كۆبكاتەوە و بتوانێت خۆی لە دروشـــمی پێكەوە ژیان و ئامانجی سەرخســـتنی پرۆســـە دیموكراتییەكـــە ببینێتەوە، هەربۆیە كارێكی ئاســـایی و چاوەڕوانكراوە كە ناحەزانی دیموكراتی و دوژمنانی پێكـــەوە ژیانی ئاشـــتییانەو برایەتیانە پەنا بۆ هەموو هۆكارێكی ناشـــەرعی و بڵاوكردنەوەی زانیاری چەواشەكارانە بەرن بۆ ئەوەی لە ســـەنگ شكۆی لیســـتی هاوپەیمانی كوردستان بێنە خوارەوە یان هەوڵبدەن بەرێگەی كاری توندوتیژی و ترس و تۆقاندن یەكریزی نێو هاوپەیمانی كوردســـتان تێكبدەن، بۆیە وەك لەســـەرەتا ئاماژەمان پێكـــرد رووبەڕووبوونەوە لەگەڵ ناحەزانی دیموكراســـی كارێكی ئاســـان نییە، بەڵام دەبێت ئەو راستیەشـــمان لەبەر چاو بێت كە ئەو رووبەروبونەوەیە مەحاڵ نییە و دەبێت لە پێناوی سەرخســـتنی پرۆســـەی دیموكراسی و دەرخســـتنی قەوارەی راستەقینەی گەلی كوردستان و دۆستان و لایەنگرانی دیموكراتی و عێراقی نوێ ئاشكرا بكرێت، بۆ ئەوەی جارێكی دیكە شۆڤێنیەكان نەتوانن خۆیان لەگەڵ ئیرادەی ئازایخوازان و دیموكراتیخوازان تاقی بكەنەوە. لەم بوارەشـــدا میدیـــا رۆڵێكی كارا و كاریگەری دەكەوێتە ئەســـتۆ كە دەكرێت بە چەند خاڵێك ئاماژەیان پێبكەین:

١- دەبێت رۆڵی راگەیاندنەكانی كوردستان و لایەنگرانی عێراقی نوێ و دیموكراسی، ئەم هەڵبژاردنانە وەك هۆكارێك بۆ بونیادی دیموكراسی و پێكەوە ژیانی ئارەزوومەندانە لە چوار چێوەی عێراقدا بۆ هاوڵاتیان روونبكەنەوە و هاوڵاتیان لەوە هۆشـــیار بكرێنەوە كە دەنگی ئەوان تا ئەو پەری گرنگی هەیە و هۆكارێكە بۆ دەسنیشانكردنی ئاییندە، بۆیە ناكرێت ئەم دەنگە هەروا و بەبێ بیركردنەوە لە ئاییندەی دیموكراسی و پێكەوە ژیانی ئاشتییانە بخرێنە سندوقەكانی دەنگدانەوە.

٢- دەبێـــت راگەیاندنەكانی كوردســـتان هاووڵاتییان لەوە هۆشـــیار بكەنەوە كە دەنگدان بۆ كۆتایی هێنانە بە دیكتاتۆرییەت و هەڵگرانی بیروباوەڕی رەگەزپەرستانەی بەعس و تیرۆریستان و دەبێت سندوقی دەنگـــدان ببێتـــە تابووت بۆ بیری رەگەزپەرســـتی و شـــۆڤێنی لە عێراقدا.

٣- دەبێت راگەیاندنەكانی كوردســـتان ئـــاگاداری هەموو راگەیاندە دژەكان و ئەوانەشـــی لەژێر پەردەی راگەیاندنی ئازاد و ســـەربەخۆ بانگێشە بۆ گەڕانەوەی شۆڤێنیزم وبەعسیزم دەكات، ئاشكرا بكات و ناوەڕۆكی ئەو هەڵمەتە ژەهراوییانە بۆ رای گشتی گەلی كوردستان و دیموكراســـیخوازان شیبكاتەوە و ناسنامەی راستەقینەییان پیشانی خەڵكی بدات.

٤- دەبێت زۆر بە توندی رووبەرووی هەموو ئەو بانگێشانە ببینەوە كە دوژمنانی گەلی كوردستان دەیانەوێت فیتنە لە نێو رێزەكانی گەلی كوردســـتان دروست بكەن، بە تایبەتی تێكدانی برایەتی نێوان كورد و توركمان و كورد و عەرەب و هەروەها كورد و كریستییان.

٥- گەڕانەوەی ناوچە دابڕاوەكان بۆ ســـەر هەرێمی كوردســـتان واتە لابردنی زوڵم و زۆرداری سیاســـەتی بەعس لەســـەر هاووڵاتییانی كـــورد و توركمان و تەنانەت عەرەبیـــش، زۆر گرنگە راگەیاندن زۆر بـــە بایەخەوە ئەم مەســـەلەیە لە پێكهاتـــە جیاوازەكانی ئەو ناوچانە بگەیەنێـــت و بۆیان روونبكاتەوە، بە گەڕانەوەیان بۆ ســـەر هەرێمی كوردســـتان كۆتایی بەو زوڵمە دەهێنرێت كە چەندین ساڵە لە گەلی كوردستان دەكرێت.

٦- گرنگـــە لەوە دڵنیا بكرێنەوە كە بەگەڕانەوەیان بۆســـەر هەرێمی كوردستان خۆیان حكومڕانی خۆیان دەكەن و بەشداریش لە بەرێوەبردنی هەرێمی كوردستان دەكەن و هەموو مافەكانیشیان پارێزراو دەبێت.

٧- لەســـەر ئاســـتی خودی پارێزگاكانیش گرنگە ئەوە بۆ تێكرای هاووڵاتییـــان روونبكرێتەوە كە ئامانجی بەشـــداربوونی هاوپەیمانی كوردســـتان لـــە ئەنجومەنـــی پارێزگاكانی ئـــەو پارێزگایانە بۆ رێكخستنی ژیانی سیاسیی و بۆ پەرەپێدانی رەوتی دیموكراسییە لە عێراقدا، پێویستە راگەیاندن رۆڵی هەبێت لە پیشاندانی پێكهاتەكانی ناو هاوپەیمانی كوردســـتانی و هەروەها ئاماژە بە هاوپەیمانییەكانی رابردووی لیستی هاوپەیمانی كوردستان بكرێت لەسەر ئاستی عێراق و پارێـــزگای كەركوك و پارێزگای موســـڵ، دەكرێت ئەنجومەنی پارێزگای موســـڵ وەك نموونەیەكی زیندوو باســـبكرێت، كە بەرێز پارێزگاری موســـڵ یەكێكە لە برا عەرەبەكانی شـــاری موســـڵ و كاندیدی لیســـتی هاوپەیمانی كوردستانیش بووە، هەروەها نوێنەری نوێنەری كریســـتییانەكانی حەمدانییە كاندیدی لیستی هاوپەیمانی كوردستان بووە، ئەم رابردووە كە جێگەی شانازییە بۆ هەموو ئەوانەی ئومێدیان بە ئاییندەی دیموكراســـی عێراق هەیە، فاكتەرێكی گرنگە بـــۆ ئەوەی خەڵـــك جارێكی دیكە متمانەی خـــۆی بە هاوپەیمانی كوردستانی بداتەوە.

### مەترسییەكان لە پێناوی سەرخستنی دیموكراسیدا

ئەوانەی لەسەر ئاستی جیهان ئەزموونی هەڵمەتەكانی هەڵبژاردنییان هەیە وئـــاگاداری بارودۆخی عێراقیشـــن دوومەســـەلەی گرنگ لەبەرچاو دەگرن كە بریتین لە:

١- هەوڵـــدان بۆ تێكدانی باری ســـەقامگیری و ئاســـایش لەلایەن ناحەزانـــی دیموكراتییەوە، ئەمەش لە پێناوی ئەوەی پرۆســـەكە بە رێكوپێكی بەرێوە نەچێت.

٢- بڵاوكردنـــەوەی ترس و تۆقاندن وپیادەكردنی توندوتیژی دژ بەو دەزگایانەی راگەیاندن كەدژی ئەو بیروبۆچۆنە شۆڤێنیانە رادەوەستێت و راستییەكان بۆ خەڵكی ئاشكرادەكەن.

ئەم دوو حاڵەتە بۆ باردۆخی ئێستای عێراق هەردووكیان دوو ئەگەری نزیكن و چاوەڕێ دەكرێت لەلایەن شـــۆڤێنییەكانەوە پەنایان بۆ ببرێت بـــەڵام دەبێت ئەو راستییەشـــمان لەبەر چاو بێـــت لەبەرچاو گرتنی ئەو مەترســـییانە بەو ئاستەی كاریگەری سلبی لەسەر پرۆسەكە بە جێبهێڵێت و ببێتە فاكتەرێك بۆ ئەوەی شـــۆڤێنیەكان و تیرۆریســـتان خۆیان بەســـەركەوتوو بزانن، ئەوە كارێكە نابێت هەرگیز قبوڵ بكرێت و ناشـــكرێت ئەو مەترسییانە وەك مەترســـی جدی وەربگیرێن. لەم حاڵەتـــەدا دەبێت دەزگاكانی راگەیاند جیا لـــەوەی هۆكارێك بن بۆ هۆشیاركردنەوە و هاندانی هاووڵاتییان بۆ بەشداری زیاتر لە پرۆسەی هەڵبژاردنەكان، دەبێت هۆكارێك بن بۆ ریسواكردنی بیری شۆڤێنی و تیرۆریستان و هەموو ئەو بیروبۆچوونانەی دیكە كە دەیانەوێت عێراق بگێڕنەوە بۆ سەردەمی دیكتاتۆری.

بە هەر حاڵ ئەوەی لەم چەندێرە مەبەســـتمانە ئەوەیە، دەبێت تێكڕای دەزگاكانی راگەیاندنی كوردستان و تێكڕای ئەو میدیایانەی خۆیان بە لایەنگیری عێراقی دیموكراتی دەزانن، دەبێت هۆشیارانە هاریكار و هامەهەنگـــی یەكتری بن بۆ ئەوەی ناحـــەزان ودوژمنانی عێراق ودیموكراسی نەتوانن لەم هەڵبژاردنەدا دەربكەون.

تراسی ئۆسبۆم بۆ گوڵان:

# ڕۆژنامەنووسان لە هەڵمەتی هەڵبژاردنەکاندا ڕووبەڕووی ئەرکێکی سەخت و دژوار دەبنەوە

■ ■ ■

**خاتوو تراسی ئۆسبۆم ئوستادی زانستی سیاسەتە لە زانکۆی ئیندیانا، ئەو زانکۆیەی ڕۆڵیکی کاریگەری لە هەڵمەتەکانی ئەمسالی سەرۆکایەتی ئەمەریکا گێڕاوە و خاتوو تراسیش یەکێك بووە لەو چالاکانەی کە ڕۆڵیکی باشی لە هەڵمەتەکانی هەڵبژاردنەکان گێڕاوە، ئەم چالاکگەرانە کە ئەزموونی هەڵمەتەکانی هەڵبژاردنیان لە ڕۆژئاوا بینیوە کاتێك باسی هەڵمەتی هەڵبژاردنەکانی عێراق و ڕۆڵی دەزگاکانی ڕاگەیاندنیان لێ دەپرسیت زۆر بەرەشبینیەوە سەیری بارودۆخی عێراق و ئەرکی دەزگاکانی ڕاگەیاندن لە عێراقدا دەکەن و هەر لەسەرەتاشەوە هەموو مەزندەیەکی ڕەشبینی دەخەنە ڕوو، ئەمەش دەقی لێدوانەکەی پرۆفیسۆر تراسییە بۆ گوڵان.**

■ ■ ■



***ڕۆڵ و کاریگەری ڕاگەیاندن چییە لە هەڵمەتەکانی هەڵبژاردندا؟**

- لە ڕاستیدا دەزگاکانی ڕاگەیاندن کاریگەریەکی گەورەیان هەیە بەسەر هەڵمەتەکانی هەڵبژاردنەوە و ڕۆڵ دەبینن لە جۆشدانی پێشبڕکێیەکەدا، بەڵام بۆی هەیە ئەو کاریگەرییە کاریگەرییەکی سلبی یان ئیجابی بێت.

*** بەڵام زۆرجار دەزگاکانی ڕاگەیاندن لە بەرژەوەندی لایەنێکی دیاری کراو و لە دژی لایەنێکی دیکە ڕۆڵ دەبینن، پرسیارەکە ئەوەیە چۆن ڕاگەیاندن دەتوانێت ڕۆڵی خۆی ببینێت بێ ئەوەی بنەما سەرەکییەکانی کاری ڕۆژنامەوانی پێشێل بکات؟**

- مشتومڕێکی زۆر هەیە دەربارەی لایەنگیری یان دژایەتی دەزگاکانی ڕاگەیاندن بۆ لایەنێکی دیاری کراو، بەڵام بە تیرڕوانینی من دەبێت دەزگاکانی ڕاگەیاندن گرنگی و بایەخ بەو مەسەلانە بدەن کە لە بەرژەوەندی هاوڵاتییاندان و دەبێت حکومدان لەسەر پارت وپالێوراوەکان بۆ خودی هاوڵاتییان خۆیان بەجێبهێڵێت.

***ئەی لە عێراقدا چۆن ڕاگەیاندن بتوانن ڕۆڵی خۆیان ببینن بێ ئەوەی بنەماکانی کاری ڕۆژنامەوانی پێشێل بکرێت؟**

- سەبارەت بە بارودۆخی عێراق، بێگومان ئەوەی لەو وڵاتەدا هەیە هەلومەرجێکی پڕ لە تەحەددا و دژوارییە بۆ ڕۆژنامەنووسان و دەزگاکانی ڕاگەیاندن.

***مەبەستم ئەوەیە چۆن ئەم دەزگایانە بتوانن کارەکانی خۆیان جێبەجێ بکەن بێ ئەوەی ڕووبەڕووی مەترسی ببنەوە؟**

- من پێموایە دەبێت هەڵوێست و تێڕوانینی هەموو لایەنەکان بخەنەڕوو بێ ئەوەی هەڵبستن بە حوکمدان بەسەر ئەو لایەنانەدا، واتە دەبێت ڕۆژنامەکان هەڵوێست و لێدوانەکانی تێکڕای پالێوراوەکان بخەنەڕوو، بێ لایەنگیری کردن بۆ بەرژەوەندی پارتێك یان پالێوراوێکی دیاری کراو. بە ڕەچاوکردنی هەلومەرجی عێراق ئەوا ڕۆژنامەنووسان ڕووبەڕووی کار و ئەرکێکی سەخت و دژوار بوونەتەوە لەو وڵاتەدا.

*** ئەی چۆن ڕاگەیاندن دەتوانێت کاریگەریەکی ئیجابی هەبێت لەسەر دەرئەنجامی هەڵبژاردنەکان؟**

- بە خستنەڕووی ئەو زانیاریانەی هاوڵاتییان پێویستیان پێیەتی بۆ ئەوەی بتوانن لەسەر بنەمای هۆشیاربوون و بەرچاوڕوونی بڕیار بدەن، لەبەر ئەوەی زۆرجار ئەگەر دەزگاکانی ڕاگەیاندن ئەم زانیارییانە نەخەنەڕوو ئەوا هاوڵاتییان دەرفەتی ئەوەیان بۆ نارەخسێت تاوەکو پێی ئاشنابن.

*** چۆن دەتوانین هەڵبستین بە دابینکردنی پاراستن بۆ دەزگاکانی ڕاگەیاندن بۆ ئەوەی بتوانن ڕۆڵی ڕاستەقینەی خۆیان ببینن لە هەڵبژاردنەکاندا؟**

ڕۆژنامەنووسان لە وڵاتە یەکگرتووەکانی ئەمەریکا لە ڕووی دەستووریەوە پارێزراون، بۆ نموونە لە هەمموارکردنی یەکەمی دەستووری ئەمەریکا ئازادی ڕادەربڕین و ڕۆژنامەگەری دابین کراوە.

بەڵام من ئەوەندە دەزانم کە ئێوە ڕووبەڕووی تەحەددایەکی گەورە بوونەتەوە و دەبێت کار و کۆششێکی سەخت بکەن بۆ ئەوەی بتوانن ڕابردوو تێپەڕێنن و بەسەر ئەو ناکۆکیانەدا زاڵبن کە ساڵەهای ساڵە لە ئارادان.

●●●

**دەبێت دەزگاکانی ڕاگەیاندن گرنگی بەو مەسەلانە بدەن کە لە بەرژەوەندی هاوڵاتییاندان و دەبێت حکومدان لەسەر پارت وپالێوراوەکان بۆ خودی هاوڵاتییان خۆیان بەجێبهێڵێت**

●●●



بیرندان نیهان بۆ گوڵان:

# لە هەڵمەتی هەڵبژاردنی پارێزگاکانی عێراقدا ڕەنگە لە دەزگاکانی ڕاگەیاندن زانیاری چەواشەکاری بڵاوبکرێتەوە

**پرۆفیسۆر بیرندان نیهان ئوستادی زانستی سیاسەتە لەزانکۆی دوك Duke و تایبەتمەندە لەسەر ڕۆڵی میدیا و پارتی ئۆپۆزسیون لە هەڵبژاردندا، ڕۆڵی ڕاگەیاندنیش لەهەر هەڵمەتێکی هەڵبژاردندا دەبەستێتەوە بە ئاستی سەقامگیری و سەروەریی یاسا، هەربۆیە کە باسی ڕۆڵی ڕاگەیاندن لە هەڵبژاردنەکانی عێراق دەکات بارودۆخی ناسەقامگیری عێراق زۆر بە ئاستەنگێکی گەورە لەبەردەم ڕۆڵی میدیا لە هەڵمەتەکانی هەڵبژاردندا وەسف دەکات، و ئەمەش دەقی ئەو بیروبۆچونانەی پرۆفیسۆر نیهانە کە تایبەت بەگوڵان بۆی کردووین.**



*** ئێستا عێراق لە سەروبەندی هەڵبژاردنەکانی پارێزگاکاندایە، کێشەی ئیتنی و تائیفی هەیە، پرسیارەکە ئەوەیە چۆن ڕاگەیاندن بتوانێت ڕۆڵی خۆی ببینێت بێ ئەوەی بنەماکانی کاری ڕۆژنامەوانی پێشێلنەکرێت؟**

- لەو پرۆسە دیموکراسییەی لە عێراقدا هەیە زۆر گرنگە هاووڵاتییان و ڕای گشتی زانیارییان هەبێت دەربارەی هەڵمەتەکانی هەڵبژاردن و دەربارەی هەڵوێستی پاڵێوراوەکان، هەروەها دەبێت بەرچاوڕوون بن لەوەی پاڵێوراوەکان بە چ شێوەیەك کاروبارەکان هەڵدەسوڕێنن لە کاتی سەرکەوتنییاندا لە هەڵبژاردنەکاندا. لەلایەکی دیکەوە گرنگە هاووڵاتییان تێڕوانینی دەزگاکانی ڕاگەیاندن بزانن بۆ نموونە ئاگاداری ئەوەبن کە دەزگایەکی ڕاگەیاندنی دیاری کراو سەر بە گرووپێکی ئیتنی دیاری کراوە.

*** ئایا هیچ ڕێساگەلێکی دیاری کراو هەیە کە بەشداری کردنی دەزگاکانی ڕاگەیاندن لە هەڵمەتەکانی هەڵبژاردندا سنورداربکات بۆ ئەوەی کاریگەرییەکی خراپیان لەسەر پرۆسەکە نەبێت و بە ئاقارێکی هەڵەیدا نەبەن؟**

- لە ڕاستیدا بەلەبەرچاوگرتنی هەلومەرجەکە دەکرێت زۆر شت لە عێراقدا بە ئاراستەییەکی هەڵەدا بڕوات، بۆ نموونە ڕەنگە زانیاری چەواشەکاری بڵاوبکرێتەوە، یاخود ئەو زانیارییانە بڵاوبکرێنەوە کە هانی و ڕقوقین دەدەن. ئەگەر بگەڕێمەوە بۆ ئەزموونی ولاتە یەکگرتووەکانی ئەمەریکا ئەوا لەم ولاتەدا تەقریبەن هیچ ڕێسایەك نییە بۆ ڕۆژنامەنوسی لەبەر ئەوەی هەموارکردنی یەکەمی دەستووری ئەمەریکا باس لە ئازادی ڕادەربڕین و ڕۆژنامەگەری دەکات، کە ئەمەش بە مانای ئەوەدێت کە هیچ ڕێسایەك نییە بۆ کاری ڕۆژنامەوانی، بەڵام هۆکارگەلێکی دیکە ناچاریان دەکات بۆ ئەوەی بە ووردی و میسداقییەتەوە کاربکەن، لەبەر ئەوەی ئەگەر زانیاری هەڵە بڵاوبکەنەوە ئەوا خوێنەر و داهاتەکانییان لە دەست دەدەن و دووچاری ئیحراجی دەبنەوە. یەکێك لە هۆکارەکانی نەبوونی هیچ ڕێسایەك بۆ کاری ڕۆژنامەوانی لە ئەمەریکادا ئەوەیە کە ترس و نیگەرانی هەیە لەوەی حکومەت هەڵبستێت بە سەپاندنی ڕێساگەلێکی دیاری کراو بەسەر ڕۆژنامەگەریدا، نیگەرانییەکە ئەوەیە ڕەنگە ئەمە سەربکێشێت بۆ ئەوەی حکومەت هەڵبستێت بە بێدەنگکردن و دەمکوتکردنی دەنگە نەیار و بەرهەڵستکارەکان. بۆ نموونە ئەگەر حکومەت بەم کارە هەڵبستێت ئەوا هەلومەرجێك دەخوڵقێت کە زۆر زەحمەت دەبێت بۆ ڕاگەیاندن کە ڕەخنە لە حکومەت بگرێت، لە عێراقیشدا پێویست بە بوونی ڕاگەیاندنی ئازاد دەکات بۆ ئەوەی ببنە چاودێر بەسەر چۆنییەتی بەڕێوبردنی کاروبارەکانی حکومەتەوە.

*** بە دڵنیاییەوە دەزگاکانی ڕاگەیاندن لە عێراقدا خاوەنی ئەو ئەزموونە نییە کە دەزگاکانی ڕاگەیاندنی ڕۆژئاوا هەیانە، هەروەها لە عێراقدا سەروەری یاسا نییە و مافەکانی ئەم دەزگایانە ناپارێزرێت، پرسیارەکە ئەوەیە چۆن ئەم دەزگایانە بتوانن کارەکانی خۆیان جێبەجێ بکەن بێ ئەوەی ڕووبەڕووی مەترسی ببنەوە؟**

- بوونی مەترسی لە سەر ڕۆژنامەنووسان کێشەیەکی زۆر گەورەیە، لەبەر ئەوەی ڕۆژنامەنوس ناتوانێت ڕاستییەکان بخاتەڕوو ئەگەر نیگەران بوو لە سەلامەتی شەخسی خۆی، بەو پێیە دەبێت چارەسەرکردن و بایەخدان بە باروودۆخەکە ئەمنیەکە ئەولەویەتی یەکەم بێت. ئەم کێشەیە لە ولاتانی دیکەشدا هەیە، بەڵام ڕەنگە باروودۆخەکە لە عێراق زۆر مەترسیدارتربێت. ئەمە کێشەیەکی زۆر گەورەیە، بۆ نموونە لە مەکسیك ئەو کەسانە دووچاری کوشتن دەبنەوە کە ڕەخنە لە گەندەڵی و باندەکانی تلیاك دەگرن، هەروەها لە ڕوسیاش ئەو کەسانەی ڕەخنە لە حکومەت دەگرن ڕووبەڕووی کوشتن دەبنەوە.

*** کەواتە ئێمەی ڕۆژنامەنووسان چۆن بتوانین لەم کەشوهەوا ئاڵۆزەدا ڕۆڵی خۆمان ببینین؟**

- ئەنجامدانی هەڵبژاردن هۆکارێکە بۆ دروستبوونی کەلتوری دیموکراسی، بۆ نموونە تا زیاتر هەڵبژاردن بکرێت ڕۆژنامەکان پتر پابەند دەبن بە گواستنەوەی ئەو زانیارییانەی پێویستن، هەروەها هاووڵاتییان پتر پابەند دەبن بە دیموکراسییەوە، هەروەها پارتە سیاسییەکانیش پتر پابەند دەبن بە ڕێساکانی سیستەمە سیاسییەکەوە. ڕاسپاردەی من ئەوەیە تا دەکرێت بە شێوەیەکی مەوزوعی هەڵبستن بە خستنەڕووی مەسەلەکان و خستنەڕووی هەڵوێست و تێڕوانینی پارت و پاڵێوراوەکان، بە ئومێدی ئەوەی ڕاگەیاندن بتوانێت لەم ڕووەوە بەشداری لە بنیاتنانی کەلتوری دیموکراسییدا بکات.

ئەگەر لە بارەی ولاتە یەکگرتووەکانی ئەمەریکاوە بدوێم، لێرە دەزگاکانی ڕاگەیاندن کاریگەریان هەیە لە سەر ئەوەی پاڵێوراوەکان گفتوگۆ لە سەر چ مەسەلەگەلێك بکەن و بە چ شێوەیەك گفتوگۆیان لە بارەوە بکەن. هەروەها دەزگاکانی ڕاگەیاندن هۆکاری سەرەکین بۆ ئەوەی هاووڵاتییان و ڕای گشتی ئاشنابن بە سیاسەت لە ئەمەریکادا. بەو پێیە بایەخێکی زۆر بە ڕاگەیاندن دەدەن.

**یەکێک لە هۆکارەکانی نەبوونی هیچ ڕێسایەک بۆ کاری ڕۆژنامەوانی لە ئەمەریکادا ئەوەیە کە ترس و نیگەرانی هەیە لەوەی حکومەت هەڵبستێت بە سەپاندنی ڕێساگەلێکی دیاری کراو بەسەر ڕۆژنامەگەریدا**

کیڤن لیکت بۆ گوڵان:

# ڕۆڵی ڕاگەیاندن لە هەڵبژاردندا ئەوەیە ڕێژەی بەشداربوونی هاوڵاتیان زیاتر بکات

پرۆفیسۆر کیڤن لیکت ئوستادی کۆمەڵناسی سیاسییە لە زانکۆی لۆا Lowe و پسپۆڕ و تایبەتمەندە لە بارودۆخی بڕیار دروستکردن و پەرەپێدان هەروەها یەکێکە لەو پسپۆڕانەشی کە لە هەڵمەتی هەڵبژاردنەکانی ئەمەریکا ڕۆڵی گێڕاوە و بەشداری هەڵبژاردنەکانی کردووە، بۆ بەدواداچوونی بارودۆخی ئێستای عێراق کە خۆمان بۆ هەڵبژاردنی پارێزگاکانی عێراق ئامادە دەکەین و هاوپەیمانی کوردستانیش بێجگە لە بەشداربوونی لەسەر ئاستی بەغدا لە هەر٣ پارێزگای سەلاحەدین و موسڵ و دیالەش بەشدار دەبێت، بێگومان لە بارودۆخەشدا دەزگاکانی ڕاگەیاند ئەرکێکی گرنگیان دەکەوێتە سەرشان، سەبارەت بە ڕۆڵی ڕاگەیاندن لەم هەڵمەتانەدا، پەیوەندیمان بە پرۆفیسۆر لیکت کرد و بەڕێزی بەمجۆرە وەڵامی پرسیارەکانی گوڵانی دایەوە.



*** چۆن ڕاگەیاندن دەتوانێت کاریگەریەکی ئیجابی هەبێت لەسەر دەرئەنجامی هەڵبژاردنەکان؟**

- کاریگەری ڕاگەیاندن ئەوەیە وا لە هاوڵاتییان دەکات بایەخ بە هەڵبژاردنەکە بدەن و یارمەتیدەردەبێت لە زیادکردنی ڕێژەی بەشداربووان لە هەڵبژاردنەکەدا. لەلایەکی دیکەوە دەتوانێت ڕۆڵێکی سلبی ببینێت ئەگەر هاتوو لە بەرژەوەندی لایەنێکی دیاریکراو کاری کرد، یاخود بەو شێوەیە کاربکات کە ببێتەهۆی ئەوەی ڕێژەیەکی کەمی هاوڵاتییان بەشداری لە هەڵبژاردنەکەدا بکەن، بۆ نموونە ئەگەر ڕاگەیاندن تەنیا جەختی لەسەر ئەو تووندوتیژییە کردەوە کە لە ناوچەیەکی دیاری کراوی وڵاتەکەدا هەیە و بەو شێوەیە هەلومەرجەکە بخاتەڕوو کە بەشداری کردن لە پرۆسەکەدا لە سەرانسەری وڵاتەکەدا جێی مەترسیدارە، ئەوا ئەمە دەبێتەهۆی کەمکردنەوەی ڕێژەی بەشداربووان، لە ڕاستیدا کاریگەری دەزگاکانی ڕاگەیاندن لە سەر هەڵمەتەکانی هەڵبژاردن بە تایبەتی لە وڵاتە یەککگرتووەکانی ئەمەریکا ئەوەیە چوارچێوەیەك بۆ ئەو مەسەلانە دادەنێت کە سیاسییەکان گفتوگۆی لە بارەوە دەکەن، واتە لەلایەك کۆمەڵە مەسەلەیەك زەق دەکەنەوە کە دەبێت مشتومڕی لە بارەوە بکرێت لە هەمان کاتیشدا کۆمەڵە مەسەلەیەکی دیکە لە بازنەی گفتوگۆکان دووردەخەنەوە.

***ئایا چۆن ڕاگەیاندن دەتوانێت ڕۆڵی خۆی ببینێت بێ ئەوەی بنەما سەرەکییەکانی کاری ڕۆژنامەوانی پێشێل بکات؟**

- ئەو هێڵەی باسی دەکەن لە نێوان بابەتی بوون لە کاری ڕۆژنامەوانی و پشتگیری کردن لە پاڵێوراوێکی دیاری کراو هێڵێکی ڕوون و ئاشکرا نییە لە هەڵمەتەکانی هەڵبژاردندا لە ماوەی ٢٠ بۆ ٢٥ ساڵی ڕابرووددا لە ئەمەریکا، هەروەها لەم هەڵمەتی هەڵبژاردنی سەرۆکایەتییانەی ئەم دواییە، بۆ نموونە هەردوو پاڵێوراو دەزگاکانی ڕاگەیاندنییان تۆمەتباردەکرد بەوەی ئەو دەزگایانە پشتگیریان لە پاڵێوراوی بەرامبەر دەکرد. کێشەکە ئەوەیە ژمارەیەکی زۆری دەزگاکانی ڕاگەیاندن لە ئارادان کە پەیامی جیاواز بڵاو دەکەنەوە، لەبەر ئەوە زەحمەتە بتوانین کاریگەریە درێژخایەنەکانییان دەستنیشان بکەین.

***ئەگەر بێینە سەر عێراق کە ئێستا خۆی بۆ هەڵمەتی هەڵبژاردنی پارێزگاکان ئامادە دەکات، ئایا ڕاگەیاندن چۆن دەتوانێت خزمەتی ئەم پرۆسەیە بکات ؟**

- ئەمە پرسیارێکی گرنگە و لە هەمان کاتیشدا هەستیارە، یەکێك لە کێشەکان ئەوەیە ئەگەر خەڵکی ئەوە بزانن کە دەزگایەکی ڕاگەیاندنی دیاری کراو سەر بە گروپێکی ئیتنی یان تائیفی دیاری کراوە، ئەوا ڕاستەوخۆ پێشبینی ئەوەی لێ دەکەن لایەنگیری لە بەرژەوەندی ئەو گروپە بکات، یەکێکی دیکە لە کێشەکان ئەوەیە هەندێ لە دەزگاکانی ڕاگەیاندن بانگەشەی سەربەخۆبون دەکەن، بەڵام بە نهێنی پشتگیری لە پاڵێوراوێکی دیاری کراو دەکەن کە ئەمەی دووەمیان لە ڕوانگەی کاری ڕاگەیاندنەوە لە یەکەمیان خراپترە.

*** ئایا هیچ ڕێساگەلێکی دیاری کراو هەیە کە بەشداری کردنی دەزگاکانی ڕاگەیاندن لە هەڵمەتەکانی هەڵبژاردندا سنورداربکات؟**

- لە ڕاستیدا ئەو ڕێسایانە لە زۆرێك لە وڵاتاندا هەیە بە وڵاتی ئەمەریکاشەوە، بۆ نموونە لە هەندێ لە وڵاتاندا ڕێگەنادرێت پارتە سیاسییەکان لە کەناڵە تەلەفزیۆنییەکاندا پڕوپاگەندە بکەن، تەنانەت لە هەندێ وڵاتدا ڕێگانادرێت پارتە سیاسییەکان لە ڕۆژنامەکانیشدا ڕێکلام بۆ خۆیان بکەن کە ئەمەشیان تا ڕاددەیەکی دیاری کراو زیادەڕۆیی تێدایە.

*** کەواتە ئێمە لە عێراقێکی ناسەقامگیردا چۆن دەتوانین خۆمان لەو مەترسییانە دوور بخەینەوە؟**

- ئەوە کێشەیەکی قورسە، دیموکراسی پێویستی بە کاتێکی دووروردرێژە بۆ ئەوەی ئەو ڕاستییە قبوڵ بکات کە ڕاگەیاندن ڕۆڵێکی شەرعی هەیە و نابێت هەڕەشەی لێبکرێت، هەروەها ئەو کاتە دەتوانرێت ئەم ئامانجە بهێنرێتەدی کە هەموولایەك دژی بەکارهێنانی تووندوتیژی بن لە ئاست ڕۆژنامەنووساندا و هەر کاتێك ڕووداوێکی لەم چەشنە ڕوویدا ئەوا بە تووندی ئیدانەی بکەن. لە ڕاستییدا خۆی لە خۆیدا ڕۆژنامەنوسی پیشەیەکی مەترسیدارە و من دڵنیام ڕۆژنامەنووسە عێراقییەکان لە هەلومەرجێکی سەختدا کاردەکەن. بێگومان، ئازادی ڕادەربڕین لە دەستووری ئەمەریکادا چەسپێنراوە و ئەمەش کارێکی زۆر گرنگە و هەوڵدان بۆ چەسپاندنی ئەم ئازادیە لە دەستووردا هەنگاوێکی گەورە و گرنگە.

*** ڕاسپاردەت چییە بۆ ئێمە بۆ ئەوەی ببینە هۆکارێکی ئیجابی لە پرۆسەی هەڵبژاردندا؟**

- من پێم وایە دەبێت هەمو پاڵێوراوەکان بخەنەڕوو، هەروەها باسی ئەوە بکەن هەر پاڵێوراوێك چۆن کاروبارەکان بەڕێوەدەبات ئەگەر هاتوو لە هەڵبژاردنەکاندا سەرکەوتنی بەدەستهێنا. لە هەمان کاتدا دەتوانن بەشداری لە سەرکەوتنی پرۆسەکەدا بکەن لە ڕێی ڕوونکردنەوەی ڕێوشوێنەکانی تۆمارکردنی ناوی دەنگدەران بۆ هاووڵاتییان و لە ڕێی چاودێریکردنی پرۆسەکەوە، کە ئەمەش دەبێتەهۆی ئەوەی پرۆسەکە پتر شەفاف و شەرعی بێت. من حەسودی بە کارەکەی ئێوە نابەم، لەبەر ئەوەی کاری ڕۆژنامەوانی ئەرکێکی سەخت و دژوارە بە تایبەتی لە هەل و مەرجی عێراقدا. من ئومێدی سەرکەوتن و خۆشبەختیتان بۆ دەخوازم.

دیموکراسی پێویستی بە کاتێکی دوورودرێژە بۆ ئەوەی ئەو ڕاستییە قبوڵ بکات کە ڕاگەیاندن ڕۆڵێکی شەرعی هەیە و نابێت هەڕەشەی لێبکرێت



# ئۆباما ئەگەر ئەفغانستانیش
# قبوڵ ناکات عێراق بگەڕێتەوە ب



پێنج هەفتەی دیکە میوانی تازەی کۆشـــکی ســـپی باراك ئۆباما و کابینە تازەکەیەتی، تەنیا کەسێك لە ئیدارەی پێشوو کە لەگەڵ سەرۆك بوش ماڵئاوی لە کۆشـــکی ســـپی ناکات، رۆبەرت گیتسی وەزیری بەرگری ئەمەریکایە، هێشتنەوەی پۆستی وەزارەتی بەرگری لە دەستی کۆمارییەکاندا شتێکی تازە نییە بە نیسبەت دیموکراتەکانەوە، پێشتریش بیل کلینتۆن پۆســـتی وەزارەتی بەرگری بە ولیام کۆهینی کۆماریی ســـپاردبوو، ئەم نەریتەی دیموکراتییەکان پیادەی دەکەن لە هێشتنەوەی کەسێکی شیاو لە شوێنی گونجاوی خۆی نیشانەی ئەوەیە بەرژەوەندی ئەمەریکا لەســـەرووی بەرژەوەندیی حزبیەوە سەیر دەکرێت، بۆ ئێمەش وەك هاووڵاتییانی عێراق بەگشـــتی و هەرێمی کوردستان بە تایبەتی، مانەوەی گیتس لە شوێنی خۆی تاڕادەیەك جێگەی دڵخۆشییە، لەبەر ئەوەی لەســـەردەمی گیتس بوو، کە تورکیا هێرشـــی کردە سەر ناوچە ســـنورییەکانی هەرێمی کوردســـتان و هەموومان گیتسمان بە دەستە شـــکاوەکەیەوە بینی کە چۆن بە هێمنی و بە زمانێکی سەردەمییانە لە ژەنراڵەکانی تورکیای گەیاند، زەمەنی نمایشـــکردنی ماسولکەی هێز بە ســـەرچووە و ئەمرۆ زەمەنی چارەســـەرکردنی کێشەکانە بە زمانی دیالۆگ و لێکتێگەیشتن .

بۆیە مانەوەی گیتس لە شـــوێنی خۆی مانـــای بڕوابوونی ئۆبامایا بەو سیاســـەتی بەرگرییـــەی کە گیتس لە دوای رامســـفیلد پیادەی دەکات و زیرەکی گیتســـیش لەو خاڵەدا دەردەکەوێت کە بە هاتنی ئەو بۆ پێنتاگۆن کێشـــەی نێوان کۆترەکانـــی وەزارەتی دەرەوە و هەڵۆکانی پێنتاگۆن چارەســـەربوو، جارێکـــی دیکە لەدوای هاتنی گیتســـەوە گوێبیستی ناکۆکی نێوان کۆتر و هەڵۆکان نەبوینەتەوە، کەواتە گیتس ئەو توانایەی هەیە لەگەڵ ســـەرۆکێکی رەشی وەك ئۆباما و خانمێکی ســـپی وەك هێلاری دبلۆماســـییەت و سیاســـەتی بەرگری ئەمەریکا رێکبخات و کاری بەردەم ئەنجوومەنی ئاسایشی نەتەوەیی ئەمەریکاش ئاسان بکات .

ئـــەم خوێندنەوەیە پێمان دەڵێت راســـتە ئۆباما جەختـــی زیاتر دەخاتە سەر دۆســـێی ئەفغانســـتان ئەمەش لەبەر ئەوەی سەرچاوەی راپۆرتە هەواڵگرییـــەکان ئاماژە بەوە دەکەن ئەندامانـــی رێکخراوی ئەلقاعیدە



# ـی لە عێراق لا گرنگتر بێت
# ـۆ سەنتراليزم و ديكتاتۆرى

●●●

**لەدوای هاتنی گیتسەوە گوێبیستی ناکۆکی نێوان کۆتر و هەڵۆکان نەبوینەتەوە، کەواتە گیتس ئەو توانایەی هەیە لەگەڵ سەرۆکێکی رەشی وەک ئۆباما و خانمێکی سپی وەک هێلاری دبلۆماسییەت و سیاسەتی بەرگری ئەمەریکا رێکبخات**

●●●

سـەرقاڵی گەرانەوەن بۆ وەزيريسـتان و خەريكى خۆ ئامادەكردنەوەن بۆ ئەوەى بەشـێوازێكى ديكە خۆيان بۆ رووبەڕوو بونەوەى هيزەكانى ئەمەريكا رێكبخەنەوە، ئەمـەش بەو مانايە دێت رێكخراوى قاعيدەيە دەيەوێت بەرەى شـەڕى تيرۆر بخاتەوە ئەفغانسـتان و لەوێوەوە دەست پێبكاتەوە، بەڵام هێشـتنەوەى گيتس لە شـوێنى خۆى ماناى وايە سياسـەتى بەرگرى ئەمەريـكا لە عێراق و ئەفغانسـتان وەك خۆى دەمێنێتـەوە و ئەوەى لە عێـراق پيادەكرا لە ئەفغانسـتانيش دووبارە دەكرێتەوە .
بەهەرحاڵ ئەوانەى بۆ شـرۆڤەى ئەم پرسـە گرنگە لـەم راپۆرتە بە سوپاسەوە بەشداريان كردووين و بيروبۆچوونى خۆيانييان بۆ دەربڕيوون، ئەو كەسانەن كە زۆر لە نزيكەوە لەسەر سياسەتى بەرگرى و سياسەتى دەرەوەى ئەمەريكا كاريانكردووە، تەنانەت كەسـێكى وەك باڵيۆز دەڤيد ئەبشير كە ئێسـتا جێگرى سەرۆكى سەنتەرى ستراتيژى بۆديراساتى نێودەوڵەتـى CSIS و يەكێكە لەو ٤ كەسـەى كـە كۆنگريس بۆ سەرپەرشـتى راپۆرتى بيكەر – هاميلتۆن هەڵيبژاردووە و زياتر لە ٤٠ سـاڵە بەركردەيى كار لە دبلۆماتييەتى ئەمەريكا دەكات، راشـكاوانە دەڵێت : ئۆباما خشـتەى زەمەنى بۆ كشانەوەى هێزەكان دانانێت بەڵام ناشـيەوێت زياد لە پێويسـت لە عێراقدا بمێنێتـەوە، ) ئەم دبلۆماتە گەورەيە لەم چەند وشەيەدا ئاماژە بەوە دەكات ستراتيژييەتى سەركەوتن لە عێراقدا گۆڕانكارى بەسـەردا نەهاتووە و ( ئەمە جيايە لەوەى كە ئۆباما پێشـتر دژى شەڕى عێراق بووە )هەردەبێت سەركەوتن بەدەست بهێنرێت، بێگومان سەركەوتنيش وەك ئەبشير لە بن دێرى قسەكانيدا لەم راپۆرتەدا ئاماژەيەكى وردى پێكردووە و ئەوەيە سـەركردە عێراقييەكان بگەنـە رێككەوتنێكى سياسـيى و بگەنە ئەوەى كـە بتوانن پێكەوە عێراق بەريوەبەرن، ئەمەش ماناى سەرخسـتنى پرۆسـەى سياسيى و جێبەجێكردنى دەستوور دەگەڕێتەوە نەك وەك هەندێك ئاماژەى پێدەكەن، بڕيـارى ئۆباما بە كشـانەوەى هێزەكانى لە عێراق واتە چاوپۆشـين لە گەڕانەوە بـۆ ديكتاتۆرييەت و رزگاربوونى ئەمەريكا لە زەنگاوى عێراقدا، كە ئەمـەش ئاكامێكە نەك ئۆباما گەلـى ئەمەريكاش بۆ شكۆى ئەمەريكا لە جيهاندا پێى قبوڵناكرێت .

باڵیۆز دەیڤید ئەبشیر بۆ گوڵان:

# ئۆباما لەگەڵ وادەیەکی دیاری کراو نییە بۆ کشاندنەوەی هێزەکانی لە عێراقدا، بەڵام لە هەمان کاتدا لەگەڵ ئەوەش نییە زیاد لە پێویست بمێننەوە



باڵیۆز دەیڤید ئێم ئەبشیر لە ساڵی ١٩٨٣-١٩٨٧ باڵیۆزی ئەمەریکا بووە لە ناتۆ و ئێستا سەرۆکی سەنتەری دیراساتی سەرکردەکانە CSP لە واشنتۆن و هەروەها سەرۆکی دامەزراوەی ریچارد لۆندسبریە لە نیۆیۆرك و جێگری سەرۆکی سەنتەری ستراتیژی دیراساتی نیۆدەوڵەتیشە csis هەروەها یەکێکە لەو ٤ کەسەی کە لە لەلایەن کۆنگرێسەوە دەسنیشانکراوە بۆ سەرپەرشتی کردی راپۆرتی دیراساتی عێراق کە بە راپۆرتی بیکەر هاملتۆن ناسراوە، پرۆفیسۆر ئەبشیر یەکێکە لە ئەکادیمیە بەناوبانگەکانی ئەمەریکا و لەسەر ئاستی سیاسەتی ئەمەریکاش بە تایبەتی ستراتیژیەتی ئەمەریکا بەرامبەر جیهان و عێراق سەنگی خۆی هەیە، بۆیە کە قسەشی بۆ گوڵان دەکرد وەك کەسێکی بەرپرس لە ئەمەریکا قسەی دەکرد، راستە وەڵامەکانی کورت بوون، بەڵام پڕمانا و واقعییانە بوون، ئەمەش دەقی ئاخاوتنی بەرێز دەیڤید ئەبشیرە بۆ گوڵان.

*** لەگەڵ نزیکبوونەوەی وادەی ئۆباما لە کۆشکی سپی هەموو جیهان باس لە گۆڕانکارییەکانی سیاسەتی ئەمەریکا دەکات، ئێمەش هەمان پرسیار دەکەین بەڵام تایبەت بە وڵاتی خۆمان، ئایا سیاستی ئۆباما بەرامبەر عێراق چۆن دەبێت؟**

- سەرۆکی هەڵبژێردراوی وڵاتە یەکگرتووەکانی ئەمەریکا سیاسەتێکی هاوسەنگ لە ئاست عێراقدا دەگرێتەبەر، ئەو متمانەیەکی زۆری بە جەنەراڵ پاتریۆس هەیە و باوەڕی بەوەهەیە کە دەبێت عێراقییەکان خۆیان بڕیار لە سەر ئایندەی خۆیان بدەن و ئێمە ئیمبراتۆرییەتی بەریتانیا نین، ئێمە باوەڕمان بەوە هەیە دەبێت عێراقییەکان سەرکردایەتی خۆیان هەبێت و ئەرکی پاراستنی ئاسایشی وڵاتەکەیان بگرنە ئەستۆی خۆیان. باراك ئۆباما لەگەڵ سەپاندنی وادەیەکی دیاری کراو نییە بەسەر عێراقییەکاندا بۆ کشاندنەوەی هێزەکانی ئەمەریکا، بەڵام لە هەمان کاتدا لەگەڵ ئەوەشدا نییە کە زیاد لە پێویست لە عێراقدا بمێننەوە، ئۆباما سیاسەتێکی هاوسەنگی هەیە و پێی وایە هێشتنەوەی هەندێ لە هێزەکان بۆ پاڵپشتی و مەشقپێکردن کارێکی پێویستە، ئەمە مەسەلەیەکی جیاوازە لە مەسەلەی ئەوەی ئایا بڕیاری داگیرکردنی عێراق کارێکی ڕاست بو یان هەڵە ئەوە بو بە مێژوو، ئەوە پەیوەندی بە ئیدارەی پێشووەوە هەبوو، واقیعەکە ئەوەیە ئێمە لە عێراقداین و بەرپرسیارێتیمان هەیە لەو وڵاتەدا.

*** بەم دواییە ڕێککەوتنامەی ئەمنییەکی لە نێوان عێراق و وڵاتە یەکگرتووەکانی ئەمەریکادا ئیمزاکرا بۆ کشانەوەی هێزەکانی ئەمەریکا، ئەگەری ئەوە هەیە لە کاتی جێبەجێکردنی ئەم ڕێککەوتنامەیەدا دووبارە توندوتیژی لە عێراقدا سەرهەڵبداتەوە، ئایا تا چەند هاوڕایت لەگەڵ ئەم لێکدانەوەیەدا؟**

- ئەوەی ئێمە زۆر لێی نیگەرانین یاخیبوونی ڕێکخراوی ئەلقاعیدەیە لە عێراقدا، بەڵام حاڵی حازر بارەگای سەرەکی ئەو ڕێکخراوە لە عێراقدا نییە، تەنانەت لە ئەفغانستانیشدا نییە، بەڵکو لە وەزیرستانە، ئەمە هەواڵێکی باشە بۆ عێراقییەکان و من هیوادارم سوننە و شیعەکان دووبارە نەگەڕێنەوە بۆ ناکۆکی و شەڕکردن لەگەڵ یەکتردا بۆ ئەوەی ئەم ڕێکخراوە ئیستغلالی نەکات، هەروەها ئومێدەوارم پێکهاتەکانی عێراق بگەنە ڕێککەوتنێك لە نێو خۆیاندا. بە پێی ڕاپۆرتە هەواڵگرییەکانی ئێمە ئێستا ئەندامانی قاعیدە لە عێراقەوە دەڕۆن بۆ وەزیرستان و ئەفغانستان. عێراق وڵاتێکی مەزنە و خاوەن سەرچاوەگەلێکی گەورەیە و دەتوانێت ئایندەیەکی باش بۆ خۆی بنیات بنێت، بۆ ئێمەش جێی شانازیە بەشداری لە هێنانەدی ئەو ئایندەیەدا بکەین.

*** وا لێکدەدرێتەوە کە ئیمزاکردنی ڕێککەوتنامە ئەمنیەکە بەو مانایە دێت کە ئەمەریکا چیتر لە هەوڵی بەدەستهێنانی سەرکەوتندانییە لە عێراقدا، ئایا تۆ تاچەند لەگەڵ ئەم بۆ چوونەی؟**

- مەسەلەی سەرکەوتن و شکست پەیوەستە بە خودی عێراقییەکان خۆیانەوە، ئەمەریکا حکومڕانی جیهان نییە و ناشبێت حکومڕانی جیهان بێت، دەبێت عێراقییەکان خۆیان هەوڵی بەدەستهێنانی سەرکەوتن بدەن و وڵاتە یەکگرتووەکانی ئەمەریکا ناتوانێت ئیرادەی خۆی بەسەر حکومەتی عێراقدا بسەپێنێت، کارێکی لەم شێوەیە کاردانەوەی لێدەکەوێتەوە لەلایەن خەڵکی عێراق و ئەو کاتە دژایەتی ئەم هەوڵەی ئەمەریکا دەکەن.



باڵیۆز داڤید ئەبشیر لەگەڵ وەزیر تۆماس ڕاید

●●●

**باراک ئۆباما لەگەڵ سەپاندنی وادەیەکی دیاری کراو نییە بەسەر عێراقییەکاندا بۆ کشاندنەوەی هێزەکانی ئەمەریکا، بەڵام لە هەمان کاتدا لەگەڵ ئەوەشدا نییە کە زیاد لە پێویست لە عێراقدا بمێننەوە**

●●●

●●●

**بە پێی ڕاپۆرتە هەواڵگرییەکانی ئێمە ئێستا ئەندامانی قاعیدە لە عێراقەوە دەڕۆن بۆ وەزیرستان و ئەفغانستان**

●●●

●●●

**وڵاتە یەکگرتووەکانی ئەمەریکا ناتوانێت ئیرادەی خۆی بەسەر حکومەتی عێراقدا بسەپێنێ**

●●●

**لوئەی بەحری بۆ گوڵان:**

# لە سیاسەتی ئۆبامادا ئەفغانستان کێشەی ژمارەیەکە نەک عێراق



**پرۆفیسۆر لوئەی بەحری کە ئێستا ئوستادی زانستی سیاسەتە لە زانکۆی تێنسی، بە رەسمی ئوستادی زانستی سیاسەت و سەرۆکی بەشی کارگێڕی گشتییە لە زانکۆی قەتەر و پێشتریش لە زانکۆی بەغدا وانەی سیاسەتی رۆژهەڵاتی ناوەڕاستی گوتۆتەوە و، هەروەها ئوستادی کارگێڕی گشتی و مێژووی رۆژهەڵاتی ناوەڕاستیشە لە زانکۆی شا عەبدولعەزیز لە جدەی عەرەبستانی سعودیە .**
**پرۆفیسۆر لوئەی بێجگە لەوەی یەکێکە لە ئەندامانی ئەنجوومەنی سیاسەتی رۆژهەڵاتی ناوەڕاست، خۆشی یەکێکە لە خەڵکی ناوچەکە و لەسەر بارودۆخی عێراقیش شارەزایە، بۆیە کاتێك قسەکانی پرۆفیسۆر لوئەی دەخوینینەوە هەست دەکەین دەربڕی بۆچوونێکی دیکەی جیاوازە لەگەڵ ئەو ئەکادیمیە ئەمەریکییانەی لەم راپۆرتەدا بەشداریان کردووین، ئەمەش دەقی بۆ لێدوانەکانی پرۆفیسۆر لوئەیە بۆ گوڵان:**

**لەوانەیە تووندوتیژی بگەڕێتەوە عێراق و، ناکۆکی نێوان سوونە و شیعە دەستپێبکاتەوە، مەترسی دیکە رێکخراوی ئەلقاعیدەیە لەوانەیە بە کردەوە تیرۆریستییەکانی ئەرکی حکومەت قورستر بکات**

**تا ئێستاش دەستوور شێوازی ئەم حکومەتە فیدراڵییەی دیاری نەکردووە لە دیاریکردنی ئەرک و مافی حکومەتی سەنترال و ئەرک و مافی هەرێمەکان بە هەرێمی کوردستانیشەوە، بۆیەدەبێت عێراقییەکان کاری لەسەر بکەن و درێژەی ئەمە تەواو بکەن**

***دوای ئەوەی حکومەتی عێراق رێککەوتننامەی کشانەوەی هێزەکانی لەگەڵ ئەمەریکای ئیمزا کرد، مەزەندەی ئەوە دەکرێت دووبارە توندووتیژی بگەڕێتەوە عێراق، ئایا تاچەند تۆ لەگەڵ ئەم پێشبینییەدایت؟**

- ئەمە دەگەڕێتەوە بۆ حکومەتی عێراق، لەبەر ئەوەی لەوانەیە تووندوتیژی بگەڕێتەوە عێراق و، ناکۆکی نێوان سوونە و شیعە دەستپێبکاتەوە، مەترسی دیکە رێکخراوی ئەلقاعیدەیە لەوانەیە بە کردەوە تیرۆریستییەکانی ئەرکی حکومەت قورستر بکات، چونکە ئەگەر تا ئێستا هێزەکانی ئەمەریکا هاریکاری حکومەتی عێراقی کردبێت ئەوا لە چەند مانگی داهاتوو دوای ئەوەی ئەمەریکا هێزەکانی لە عێراقدا دەکشێنێتەوە ئەم ئەرکە بە تەواوەتی دەکەوێتە سەرشانی حکومەتی عێراق لە دابینکردنی ئاسایشی هەموو وڵات و تەنیا لە حاڵەتی زۆر پێویست داوای یارمەتی لە ئەمەریکا دەکەنەوە، بۆیە حکومەتی عێراق دەبێت هێزی ئەمنی و سوپا و ئاسایشی پێویست دابین بکات بۆ ئەوەی بتوانیت بەرەنگاری هەموو جۆرە حاڵەتێك ببێتەوە، چونکە ئاسایشی هەموو وڵات دەکەوێتە ئەستۆی حکومەتی عێراق، بۆیە لێرەدا پرسیار ئەوەیە ئایا حکومەتی عێراق هەنگاوی پێویستی ناوە بۆ دروستکردنی هێزی پێویست، چونکە رێککەوتننامەکە لە شەش مانگی داهاتوو جێبەجێ دەکرێت و حکومەتی عێراق هەموو ئەو ئەرکانەی دەکەوێتە ئەستۆ و پرسیار ئەوەیە تا چەند حکومەتی عێراق وەك ئاسایش و هێزی ئەمنی و سوپا ئامادەیە ئەم ئەرکە بخاتە سەرشانی خۆی و پێم وانییە حکومەتی عێراق ئێستا ئامادەبێت ئەم ئەرکە جێبەجێ بکات.

***هەندێك لە چاودێران پێیانوایە ئەمەریکا کە ئەم رێککەوتنەی ئیمزا کردووە مانای ئەوەیە ئەمەریکا وازی لە سەرکەوتن هێناوە لە عێراقدا، لێرەدا پرسیار ئەوەیە ئایا ئەو میکانیزمانە چین کە ناهێڵێت لانی کەم ئەمەریکا لە عێراقدا بدۆڕێت؟**

- ئەمەریکا ناتوانێت هەتا هەتایە لە عێراقدا بمێنێتەوە، هەردەبێت رۆژێك عێراق بەجێ بێڵێت چونکە ئەمە هێزێکی داگیرکارییەو دەبێت کۆتایی بۆ ئەم داگیرکارییە دابنرێت، ئەمەش بە ئیمزاکردنێك دەبێت دوای ئەوەی سەروەری دەگەڕێتەوە بۆ عێراق، و نابێت ئەوەشمان لە یاد بچێت ئەمڕۆ یا سبەی ئەمەریکا هەر دەبێت عێراق بەجێ بێڵێت.

***بەڵام زۆربەی چاودێران دەڵێن دوای ئەوەی ئەم رێکەوتنە ئیمزا کرا، حکومەتی عێراق بە بیانووی ئاسایش زامنکردنی ئاسایش هەوڵدەدات بەرەو دیکتاتۆری هەنگاو بنێت، تا چەند پێت وایە حکومەتی عێراق دووبارە دەبێتە دیکتاتۆرییەت؟**

- عێراق پێویستە حکومەتی هەبێت و وڵات بە بێ حکومەت بەڕێوە ناچێت، پێم وانییە ئێستا حکومەتی عێراق هەنگاو بۆ سەپاندنی دیکتاتۆری هەڵبگرێت، حکومەتی عێراق حکومەتێکی ئیئتلافییە لە نێوان پارتە سیاسییەکانی سوننی و شیعە و کورد و هەموو ئەم پێکهاتەنەش لە کابینەی حکومەتدا ناسێندراون، هەروەها ئەنجومەنی سەرۆکایەتی هەیە کە لە سونە و کورد و شیعە پێك هاتووە، سەرۆکی کۆمار کوردە، و بڕیارە سەرەکییەکان پێویستە لە لایەن کابینەی حکومەتی هاوبەشەوە بدرێت و پێویستە هەموو بڕیارەکانییان

قبوڵ بێت و پێموانییه مەترسی دیکتاتۆری هەبێت، یان مەترسی کودەتای سەربازی هەبێت، لەبەرئەوەی پرسیار ئەوەیە ئایا سوپا هەیە تا مەترسی کودەتای سەربازی هەبێت؟، راستە پێشمەرگە هەیە لە ناوچە کوردیەکان کە بەشێك نییە لە سوپای عێراق، بەڵام سوپای عێراق زۆر بێ هێزە و ناتوانێت سنورەکان و ئاسمانی عێراق بپارێزێت و پێویستە چاوەڕوانبین بۆ ئەوەی ببینین ئایا دەتوانێت ئاسایشی پارێزگاکان دابین بکات لە دژی ئەلقاعیدە یان شیعە توندڕەوەکان؟، هەربۆیە پێموانییە عێراق بەرەو دیکتاتۆری هەنگا و بنێت چونکە توخمەکانی دروستکردنی دیکتاتۆرییەت لە عێراقدا بوونی نییە و، کەس ناتوانێت لە عێراقدا هەموو هێزەکان کۆبکاتەوە و سەرۆکێکی ئاوا بەهێزیش نییە، سەرکردەیەکی سەربازی واش نییە کە بتوانێت سوود لە بوونی حکومەتێکی لاواز وەربگرێت، بۆیە هیچ توخمێکی دروستکەری دیکتاتۆری ئەمڕۆ لە عێراقدا نابینم.

*** ئێستا چاودێران چاوەڕوانی زۆر لە ئیدارەی ئۆباما دەکەن، هەندێك چاودێران پێیان وایە بارودۆخی داهاتووی عێراق سیاسەتی باراك ئۆباما هەڵدەسەنگێنێت، ئایا ئەگەر بارودۆخی عێراق بەرەو خراپتر بڕوات تا چەند ئۆباما ئامادەیە سیاسەتی خۆی بگۆڕێت؟**

- ئۆباما سەبارەت بەمە زۆر بە روون و ئاشکرایی لەکاتی هەڵمەتەکانی هەڵبژارندا قسەی کردوە، ئەو بە ئاشکرا گوتویەتی کە عێراق ئامانجی سەرەکی ئەو نییە، ئەو عێراق بە مەترسییەکی زۆر سەرەکی لەقەڵەم نادات بەڵکو بۆ سیاسەتی دەرەوەی ئەمەریکا ئەفغانستان زۆر مەترسیدارترە و سەرچاوەی مەترسیە و ئامانجی سەرەکی ئەمەریکییەکانە کە ئەم وڵاتە هێور بکەنەوە، ئۆباما لەسەرەتاوە گووتویەتی کە ئەفغانستان ئامانجی سەرەکیانە، هەروەها گووتی ئەگەر ئەلقاعیدە هەڕەشەی بۆ سەر عێراق هەبێت ئەوا تا کۆتایی شەڕی لەگەڵ دەکەین و تەداخول دەکەین و هاریکاری حکومەتی عێراقی دەکەن، پێم وایە کە ئەوەی ئەمەریکا دەیڵێت دەیکەن، بارودۆخی عێراقیش ئێستا زۆر ئارامترە لە سەرەتای داگیرکاری ئەمەریکا لە ٢٠٠٣، ئەمەش یارمەتی ئەمەریکا دەدات کە بەشێك لە هێزەکەی لە عێراق بکشێنێتەوە، بەڵام لەو باوەڕەدا نیم کە ئەمەریکا هەموو هێزەکەی لە عێراق بکشێنێتەوە و لەوانەیە لە ٨ی کانوونی دووەمی ٢٠١٢ هەموو هێزەکەی لە عێراق بکشێنێتەوەو هەروەك لە ڕێککەوتنەکە ئاماژەی پێ کراوە لە نێوان ئەمەریکا و عێراق ئاماژەی پێ کراوە، بەڵام ئەگەر هەر شتێك لەم کاتەدا روویدا بێگومان ئەمەریکا یارمەتی حکومەتی عێراق دەدات.

***هەرێمی کوردستان هیوایەکی گەورەی بە ئیدارەی ئۆباما هەیە بۆ چەسپاندنی فیدرالیزم لە عێراقدا، هەروەها پێشتریش هیلاری کلینتۆن ئاماژەی بە پاراستنی هەرێمی کوردستان کردبوو لە هەڵمەتەکانی هەڵبژاردندا، بۆیە لێرەدا سیاسەتی ئەمەریکا بەرامبەر عێراق چۆن دەبێت لە کاتێکدا هیلاری کلینتۆن دەبێتە وەزیری دەرەوەی ئیدارەی ئۆباما؟**

- کوردستانی عێراق بەشێکە لە عێراق و دەستوری تازەش ئەمەی باس کردووە و بەشێکە لە حکومەتی فیدرالی عێراق، بەڵام چەندین کەلەبەرلە دەستورەکەدا هەیە سەبارەت بەم فیدراڵییەو دەبێت کاری لەسەر بکرێت و تەواو بکرێت، ئێستاش هەوڵی دروستکردنی هەرێمی هاوشێوەی کوردستان هەیە لە باشووری عێراق، تا ئێستاش دەستوور شێوازی ئەم حکومەتە فیدراڵییەی دیاری نەکردووە لە دیاریکردنی ئەرك و مافی حکومەتی سەنترال و ئەرك و مافی هەرێمەکان بە هەرێمی کوردستانیشەوە، بۆیەدەبێت عێراقییەکان کاری لەسەر بکەن و درێژەی ئەمە تەواو بکەن، هەر ئەم هۆکارەشە هەندێك جار دەبێتە هۆکاری ئەوەی کێشە لە نێوان هەرێم و حکومەتی سەنترالی رووبدات سەبارەت بەوەی ئایا فلان شت لە ئەستۆی کامیانە؟، ئایا ئەمە ئەرکی حکومەتی سەنتراله یاخود ئەرکی حکومەتی هەرێمی کوردستانە؟ لەبەر ئەوەی دەسەڵاتەکان بە درێژی لە دەستووردا ئاماژەی پێ نەکراون، چونکە ئەو خەڵکانەی دەستوورەکەیان نووسیوە زۆر بە پەلە نووسیویانە و پەلەیان لە جێبەجێکردنی کردووە و پێم وانییە کە زۆربەیان شارەزای تایبەت بووبن لە قانونی دەستووری، چونکە فیدرالیزم شتێکی زۆر هەستیارە و زۆر کەم کەس لە فیدرالیزم دەگات، هەتا ئێستا ئەمریکاش کە نزیکەی ٢٠٠ساڵێك ئەزموونی فیدرالیزمی هەیە هەر کێشە لە نێوان حکومەتی سەنترالی لە واشنتۆن و حکومەتەکانی ولایەتەکان هەیە و دواتر روو لە دادگای فیدرالی دەکەن بۆ چارەسەرکردنی ئەو کێشانە، بۆیە ئەمە کاتی دەوێت و عێراقیەکان پێویستە کاری بۆ بکەن، کاتی دەوێت بۆ چارەسەرکردنی ئەم کێشە دەستووریانەو خەڵکی پێویستە هەوڵ بدەن ئەم بۆشاییانە لە دەستور پڕبکەنەوە، بۆ ئەوەی بتوانین ئەم کێشانەی نێوان حکومەتی سەنترال و حکومەتی هەرێمەکان بچوبکەینەوە.

***ئیدارەی ئۆبامە دەیەوێت کێشەی نێوان تورکیا و هەرێمی کوردستان چارەسەربکات، پرسیار لێرەدا ئەوەیە تا چەند ئەمە دەبێتە هۆی خزمەتکردنی پەیوەندییەکانی نێوان ئەنقەرەو واشنتۆن؟**

- ئەمەریکییەکان زۆر روون و ئاشکران لە سیاسەتەکەیان و پێم وانییە سیاسەتییان بگۆڕێت، زۆر بە راشکاوانە ئەوەی دەرخستووە کە ئەوان دژی PKKەن لە ئەنجامدانی کاری تیرۆریستی لە تورکیا و خۆ حەشاردان لە شاخەکانی کوردستانی عێراق، بۆیە لێرەدا سیاسەتییان ئەوەیە کە یارمەتی حکومەتی تورکیا بدەن و دژی پەکەکە بوەستن نەهێڵن پەکەکە بێتە ناو عێراق و لە خاکی عێراق بنکەکانییان دروست بکەن، پێم وایە حکومەتی ئەمەریکا یارمەتی حکومەتی تورکیا دەدات لە داپۆشینی سنورەکانی و ئەمەش دەبێتە یارمەتییەك بۆ حکومەتی عێراق و حکومەتی هەرێمی کوردستان چونکە هەردووکیان خوازیاری کەمترین کێشەن لەگەڵ تورکیا بۆیە ئەمە لە بەرژەوەندی عێراقییەکان و کوردەکانە بە تایبەتی و هەروەها لە بەرژەوەندی تورکیاشە بە گشتی.

***وەك دواپرسیارم، سەرۆك ئۆباما رۆبەرت گەیتسی لە پۆستەکەیدا وەکو وەزیری بەرگری هێشتەوە، ئایا بەڕای تۆ ئەمە چی دەگەیەنێت؟**

- ئەو لە راستیدا پیاوێکی لێهاتووە و سەبارەت بە عێراق و بارودۆخی عێراق زۆر شارەزایە، هەروەها زۆر ئاگاداری پەیوەندیەکانی نێوان تورکیا و هەرێمی کوردستان و پاراستنی سنوورە، بۆیە لێرەدا پێم وانییە ئۆباما سیاسەتیکی جیاوازی بەرامبەر بە کوردستان هەبێت لەکاتێکدا کە کێشەکە لەگەڵ تورکیایە، بەڵام ئۆباما سیاسەتی لە بۆش زۆر جیاوازی نابێت بەرامبەر بە تورکیا، بەرامبەر بە هەرێمی کوردستان هەروەها بەرامبەر بە عێراق، چونکە لێرەدا کێشەی سەرەکی سەبارەت بە PKKەو سەروەری تورکیا و پاراستنی سنوورەکانە، بەڵام مانەوەی گەیتس کە لەوانەیە بۆ ماوەی ساڵێك یاخود دوو ساڵ بمێنێتەوە و دواتر دەگۆڕدرێت پێم وانییە سیاسەتی ئەمەریکی هیچ جیاوازییەکی ئەوتۆ بەهۆی ئەمەوە بەخۆوە ببینێت.

●●●

**هەتا ئێستا ئەمریکاش کە نزیکەی ٢٠٠ساڵێک ئەزموونی فیدرالیزمی هەیە هەر کێشە لە نێوان حکومەتی سەنترالی لە واشنتۆن و حکومەتەکانی ولایەتەکان هەیە و دواتر روو لە دادگای فیدرالی دەکەن بۆ چارەسەرکردنی ئەو کێشانە**

●●●

●●●

**ئۆباما سیاسەتی لە بۆش زۆر جیاوازی نابێت بەرامبەر بە تورکیا، بەرامبەر بە هەرێمی کوردستان هەروەها بەرامبەر بە عێراق، چونکە لێرەدا کێشەی سەرەکی سەبارەت بە PKKەو سەروەری تورکیا و پاراستنی سنوورەکانە**

●●●

## جودیس یاف بۆ گوڵان:

# خەڵک چاوەڕێی زۆر شتی گەورە لە ئیدارەی ئۆباما دەکەن بەڵام ئیدارەی تازەش چەندین گرفت و ئاستەنگی لەبەردەمدایە



خاتوو جودیس یاف یەکێکە لە توێژەرە دیارەکانی ئامۆژگای دیراساتی نیشتمانی لە زانکۆی بەرگری نیشتمانی ئەمەریکا و پسپۆڕ تایبەتمەندە لەسەر عێراق و ئێران و مێژووی کەنداو لە شەری یەکەمی کەنداویشدا شرۆڤەکاری باردۆخی عێراق بووە لە دەزگای هەواڵگری ئەمەریکا CIA. خاتوو یاف لە ساڵی ١٩٩٥ گەورە شرۆڤەکاری سیاسیی بووە لە بیرۆی رۆژهەڵاتی نزیك لە وەزارەتی دەرەوەی ئەمەریکا.

بۆچوونەکانی جودیس یاف زۆر نزیکە لە بۆچوونی موخابەراتی و ئەو زانیاریانەی کاری لەسەر دەکات زانیاری وردن و عێراق وەك بە شێك لە کەنداو رۆژهەڵاتی ناوەڕاست سەیر دەکات، هەربۆیە کە لەگەڵیدا دەچینە ناو وردەکاریەکان و باس لە وردەکارییەکانی ناوخۆی عێراقی لەگەڵدا دەکەین هەست دەکەین زۆر بایەخی بەو وردەکارییانە نەداوە، بەڵام خۆشحاڵیشە کە لە نزیکەوە وردەکارییەکان بزانێت، ماوەیەك پێش ئێستا سەبارەت بە مەترسی گەڕانەوەی حکومەتی عێراق بۆ مەرکەزییەت زۆر توند وەڵامی پرسیارەکانی گوڵانی دایەوەو پێی وابوو کە ئێمە وەکو کورد دژی حکومەتی ئێستای عێراقین و دەمانەوێت حکومەتی بەغدا هەر بەلاوازی بمێنێتەوە، لەم دیدارەشدا کە باسی هەمان مەترسیمان لەگەڵدا وروژاندەوە هەستمانکرد هەندێك بۆچوونەکانی گۆڕانی بەسەردا هاتووە و هەستی بەوەکردووە مەترسی ئێمە لە گەڕانەوە بۆ مەرکەزییەت، ترسە لە گەڕانەوە بۆ دیکتاتۆریەکی هاوشێوەی سەدام حوسێن، هەربۆیە ئەمجارە ئەویش لەگەڵ ئەوەی دیسان ئەوەی دووبارە کردەوە کە ئێمە وەك کورد زۆر لە گەڕانەوە بۆ دیکتاتۆریەت دەترسین، بەڵام ئەویش مەترسی گەڕانەوەی بۆ دیکتاتۆریەتی رەتنەکردەوە و ئەمەش دەقی ئاخافتنەکەی خاتوو جودیس یافایە بۆ گوڵان:

**• دوای ئەوەی حکومەتی عێراق رێککەوتننامەی کشانەوەی هێزەکانی ئەمەریکای ئیمزا کرد، مەزەندەی ئەوە دەکرێت دووبارە توندوتیژی بگەڕێتەوە عێراق، ئایا تاچەند تۆ لەگەڵ ئەم پێشبینیەدایت؟**

- ئێوە وەك عێراقی باشتر دەزانن سەبارەت بەمە، چونکە ئەمە تەنیا پێشبینیکردنەوەو دەتوانم بڵێم کە هەموو شتێك باش دەبێت بەڵام هیچ بۆچونێکم نییە، بەڵام ئێوە لە بارودۆخێکی باشترن بۆ ئەوەی ئەمە هەڵبسەنگێنن، هەروەها عێراق هیچ پەیوەندییەکی بە مێژووی ئەمەریکاوە نییە چونکە هەموو شوێنێك بارودۆخێکی تایبەتی هەیە، ئەگەر پەیوەندیشی هەبێت و ئەمەریکا تاوانبار بکەین دەبێت لەو روانگەیەوە سەیری عێراق بکەین کە ئایا کێ ئەم توندوتیژییە گەورەتر دەکات، پێموایە تاوانبارکردنی ئەمەریکا بۆ ئەمە خۆ گێل کردنە لە ئەرك و مەسولیاتەکان.

**• هەروەها ئەمەریکا کە ئەم رێکەوتنەی ئیمزا کردووە مانای ئەوەیە کە ئەمەرێکا وازی لە سەرکەوتن هێناوە لە عێراقدا، ئایا ئەم میکانیزمانە چین کە ناهێڵێت لانی کەم ئەمەریکا لە عێراقدا بدۆڕێت؟**

- ئەوەی کە لێرەدا ئەمەریکا بڕیاری بۆ داوە دانوستانە لەگەڵ حکومەتی عێراق، ناتوانم بڵێم ئەمەریکا شکستی هێناوە پێویستە چاوەڕوان بکەین بزانین حکومەتی عێراق چی بۆ دەکرێت، عێراق لێرەدا کێشەیەکی تایبەت نییە، ئێوە وادەزانن ئەمەریکییەکان تەنیا لە کاتی سیاسەتدا عێراقیان لەبیرە، بەڵام نەخێر ئەو ئیدارە تازەیەی لە رێگایە، چەندین کێشەی گەورە چاوەڕوانی دەکات و کات و سەرچاوەی یارمەتی لە عێراق نابڕێت بەڵام دەبێت بزانن چەندین ئەزمە لە رێی ئەم ئیدارە تازەیەیە.

**• زۆربەی چاودێران دەڵێن دوای ئەوەی ئەم رێککەوتنە ئیمزا کرا حکومەتی عێراق هەوڵدەدات بەرەو دیکتاتۆری هەنگاو بنێت، تا چەند پێتوایە حکومەتی عێراق دووبارە دەبێتە دیکتاتۆرییەت؟**

- من زۆر لەگەڵ ئەمە نیم، بەڵام وا هەست دەکەم ئەم

**ئەو ئیدارە تازەیەی لە رێگایە، چەندین کێشەی گەورە چاوەڕوانی دەکات و کات و سەرچاوەی یارمەتی لە عێراق نابرێت بەڵام دەبێت بزانن چەندین ئەزمە لە رێی ئەم ئیدارە تازەیەیە**

بۆچوونە بە زۆری لە نێو کوردەکانی عێراقدا ئاوا بێت، ئەوانەی کە قەت نەیانویستوە حکومەتێکی سەنترالی بەهێز لە عێراقدا هەبێت، لێرەدا دەتوانم ئاماژە بە هەوڵی سەرۆك وەزیرانی عێراق بکەم لە دابینکردنی ئاسایش بۆ گەلێك ناوچەی وڵات، لێرەدا دەتوانین دوو ڕێگا ببینین یەکەمیان دروستکردنی حکومەتێکی سەنترالی بەهێز وەك ئەوەی عێراق لە کاتی سەددام حوسین هەیبوو کە ئەمەش تاکە ڕێگا نییە، چونکە ئێوە دەستوریکتان هەیە کە ڕێگا چارەیە بۆ دروستکردنی حکومەتێکی سەنترالی لاواز، یاخود دەسەڵات دیاری کراو، کە لێرەدا کێشە ئەوەیە کە ئەمە وا دەکات عێراق لاواز بێت و نەتوانێت بەرگری لە ئاسایش و ئەمنی خۆی بکات، کە جێگای دیارە لەوەی کە نەتوانێت ئابووری بەرەوپێش ببات و سەرچاوەی گەندەڵییە، هەروەها کەمی وەفا بەرامبەر بە حکومەتی سەنترالی و کە خەڵك زۆر بەستراوەیە بە سەرکردە ناوخۆییە لۆکاڵەکان یان میلیشاکان کە ئەمەش نابێتە عێراقێکی بەهێز، بەڵکو ئەمانە هەمووی عێراق لاواز و ترسناك دەکەن، و چەندین مەترسی بۆ عێراق دەخەنەوە. لێرەدا ئەوەی مالیکی دەیکات یان ئەوەیە کە کۆنترۆڵی تەواو بخاتە ژێر دەسەڵاتی خۆیی و ببێتە سەدامێکی تازە، یاخود ئەوەیە کە حکومەتی سەنترالی بەهێز بکات بۆ ئەوەی بتوانێت بەرگری لە وڵات و ئاسایش بکات. لێرەشدا بە هیچ شێوەیەك ناتوانین دیاری بکەین کە دەیەوێت کامەیان بکات.

***هەندێك چاودێران پێیان وایە بارودۆخی داهاتووی عێراق سیاسەتی باراك ئۆباما هەڵدەسەنگێنێت، ئایا ئەگەر بارودۆخی عێراق بەرەو خراپتر بڕوات تا چەند ئۆباما ئامادەیە سیاسەتی خۆی بگۆڕێت؟**

- پێم وانییە ئەوە زۆر بە ڕوونی ئاشکرا بێت کە ئایا سەرۆکی تازەی ئەمەریکا دەیەوێت چی بکات، دەیەوێت تەداخولی سەربازی لە عێراق کۆتایی بێنێت کە عێراقییەکان پێی دەڵێن داگیرکاری، کە ئێمەش نامانەوێت، ئایا ئەمە دەبێتە ئەوەی هەموو ئەمەریکییەکان لە عێراق بکشێنێتەوە؟ نەخێر، بەڵام ئایا دەبێتە هۆی ئەوەی کە هەموو هێزەکانی ئەمەریکا لە عێراق بکشێنێتەوە؟ بەڵێ بەڵام کەس نازانێت ئەمە تا کەی دەبێت و بەڵام هێزەکانی ئەمەریکا لە عێراق دەکشێنەوە، بەڵام ئایا ئێمە هیچی تر بایەخ بە ئاسایشی عێراق نادەین؟ نەخێر، من پێموایە ئەمەریکا زۆر زیاتر لە خەمی عێراق و ئاگاداری عێراق دەبێت.

**• خاتوو هیلاری کلینتۆن دەبێتە وەزیری دەرەوەی ئەمەریکا لە ئیدارەی ئۆبامادا ئایا تاچەند هیلاری کاریگەری لەسەر سیاسەتی ئەمەریکا بەرامبەر بە هەرێمی کوردستان دەبێت؟**

- لێرەدا بە نیسبەت کورد یاخود هەرکەسێکی تر پێویستە پرسیاری ئەوە لە خۆیان بکەن ئایا فیدرالیزم یانی چی، بەڵام لێرەدا ئەمە بایەخی نابێت ئایا سەرۆك یاخود وەزیری دەرەوە بڕیاری داوە پشتگیری لە هەرێمی کوردستانی فیدراڵ بکەن، چونکە هەموو بەیەکەوە باس لە یەکپارچەیی عێراق دەکەن و ئەم سیاسەتەش نەگۆڕاوە، ئەگەر گۆڕابێتیش کەس بە منی نەوتووە، بەڵام ئەوەی من دەیبینم ئەوەیە کە سیاسەتەکە نەگۆڕاوەو، پرسیارەکە ئەوەیە چ جۆر فیدرالیزمێك پشتگیری لێ دەکەین؟ لێرەدا دەبێت کورد زۆر بە ژیری بیربکەنەوە لەوەی تا چەند دەتوانن بڕۆن و چی بەدەست بێنن لەبەر ئەوەی لەوانەیە نەتوانن ئەوەی پێشبینی دەکەن بەدەستی بێنن، ئەگەر پێیان وایە ئەمەریکا بە ڕێگای سەربازی پشتگیری کوردەکان دەکات و هەوڵ بدەن هەرێمی سەربەخۆ جیاواز لە عێراق دابمەزرێنن، دەبێت ئەو پرسیارە لە خۆیان بکەن.، ئایا دەبێت لە هێزە ناحەزەکانی تورکیا یان ئێران یان عێراقی بترسێن یان نە ؟، من پێم وانییە کە ئەمەریکا یەکسەر تەداخول بکات و بەرپەرچی تورکیا یان ئێران یان حکومەتی بەغدا بداتەوە بۆ سەربەخۆیی کوردستان، ئەمە شتێکی ناخۆشە بەڵام من دەمەوێت زۆر بە ڕوونی بڵێم کە خەڵك چاوەڕێی زۆر شتی گەورە لەم حکومەتە تازەیە دەکەن، ڕاستە گۆڕانکاری زۆر دەبێت بەڵام نابێت شتەکان زیاد لە سنووری خۆی گەورە بکەین چۆن ئەم گۆڕانکارییانە لەسەر هەریمەکان یاخود پارتە سیاسییەکان ڕەنگ دەداتەوە.

**• لە هەڵمەتەکانی هەڵبژارندا ئۆباما ئاماژەی بەوەکرد کە دەیەوێت کێشەی نێوان تورکیاو هەرێمی کوردستان چارەسەربکات، پرسیار لێرەدا ئەوەیە تا چەند ئەمە دەبێتە هۆی خزمەتکردنی پەیوەندییەکانی نێوان ئەنقەرەو واشنتۆن؟**

- ئەمە زۆر زووە ئێستا بیری لێ بکرێتەوە تاکو بزانین چی ڕوودەدات، من ناتوانم پێشبینی لێرەدا بکەم.

**• ئەگەر دوا پرسیارم سەبارەت بە هێشتنەوەی ڕۆبەرت گیتس بێت لە پۆستی وەزارەتی بەرگری لە ئیدارەی ئۆبامادا، ئایا بەرای تۆ هێشتنەوەی گیتس چی دەگەیەنێت؟**

- پێش هەموو شتێك، تۆ ناتوانیت لە ناوەڕاستی شەڕدا وەزیرێکی لێهاتوو و باوەڕپێکراو و بەهێز بگۆڕێت، گەیتس ئەمەی بۆ هەموو لایەك دەریخستووە کە زۆر سەرکەوتووەو هەروەها زۆریش ناسراوە، ئەو زۆر بڕیاری سەختی داوە، هەڵبژاردەکانی زیرەکانەبووە و زۆر کەس لای وابووە کە ئەو ڕاستی هەڵبژاردووە. باراك ئۆباما ووتی ئەو تەماشای باشترین هەڵبژاردە دەکات و گوێ نادات سەر بە چ حزبێکن، کە ئەمەش لایەنێکی گەورەی ژیری سیاسەتەکەیەتی و گەیتس پیاوێکی زۆر ناسراوە لە پینتاگۆن و خاوەن بەهرەیە و ئۆباما ئەم هەڵبژاردەیەی نەخستە مەترسییەوە. ئەمە کاتێکی گونجاو نییە و چەندین کێشەی لابەلا هەیە بۆ ئەوەی گۆڕانێکی بنەڕەتی لێرەدا بکرێت.

●●●

ئەوەی مالیکی دەیکات یان ئەوەیە کە کۆنترۆڵی تەواو بخاتە ژێر دەسەڵاتی خۆیی و ببێتە سەدامێکی تازە، یاخود ئەوەیە کە حکومەتی سەنترالی بەهێز بکات بۆ ئەوەی بتوانێت بەرگری لە وڵات و ئاسایش بکات

●●●

●●●

پێم وانییە کە ئەمەریکا یەکسەر تەداخول بکات و بەرپەرچی تورکیا یان ئێران یان حکومەتی بەغدا بداتەوە بۆ سەربەخۆیی کوردستان

●●●

## جۆن میللر بۆ گوڵان:

# عێراقییەکان دەتوانن عێراق بکەن بە پۆڵەندا هەروەها دەتوانن بیکەن بە سۆماڵیش



**پرۆفیسۆر جۆن میللر سەرۆکی دیراساتی ئاسایشی نەتەوەییە لە زانکۆی ئۆهایۆ وپسپۆرو تایبەتمەندە لە (سیاسەتی نێودەوڵەتی، سیاسەتی دەرەوەی ئەمەریکا، سیاسەتی بەرگری، جیهانی پاش کۆمنیست) پرۆفیسۆر میللر کە لە نزیکەوە ئاگاداری سیاسەتی بەرگری و سیاسەتی دەرەوەی ئەمەریکایە زۆر بە هێمنی قسەی بۆ گوڵان کردووە و زۆر راشکاوانەش پیتەکانی خاڵبەند کردووە و ئێمە لەگەڵ ئەوەی لەهەندێك لە بۆچوونەکانی بە دوودڵییەوە دەڕوانین، بەڵام وەك خۆی بڵاوی دەکەینەوە، لەبەر ئەوەی دەکرێت بۆچوونەکانیشی ئەویش وەك یەکێك لە ئەگەرەکانی ئایندە لەبەر چاو بگیرێت و ئەمەش دەقی بۆچونەکانییەتی کە لەم دیمانەیەدا تایبەت بە گوڵانی را گەیاندووە.**

**ئەگەر بارودۆخی عێراق خراپتر بوو، بەڵام هیچ هەڕەشەیەکی بۆسەر سیاسەتی ئەمەریکا نەبوو ئەوا زۆربەی ئەمریکییەکان هەر گرنگی پێ نادەن، چونکە هۆکاری چوونە ناو شەڕەکە هەست کردن بوو بە هەڕەشە لە لایەن سەددام حوسێنەوە**

**• ڕۆژ لەدوای ڕۆژ ئۆباما و کابینە تازەکەی لە کۆشکی سپی نزیك دەبێتەوە، چاودێران حساباتیان لەسەر قسەکانی ئۆبامایا لە هەڵمەتەکانی هەڵبژاردنەدا، ئایا ئەگەر بارودۆخی عێراق بەرەو خراپتر بڕوات تا چەند ئۆباما ئامادەیە سیاسەتی خۆی بگۆڕێت؟**

- ئەگەر بارودۆخی عێراق خراپتر بوو، بەڵام هیچ هەڕەشەیەکی بۆسەر سیاسەتی ئەمەریکا نەبوو ئەوا زۆربەی ئەمریکییەکان هەر گرنگی پێ نادەن، چونکە هۆکاری چوونە ناو شەڕەکە هەست کردن بوو بە هەڕەشە لە لایەن سەددام حوسێنەوە، بۆیە ئەگەر وڵاتەکە پڕبێت لە توندوتیژی و شەڕی ناوخۆ، بەڵام هەڕەشەی بۆ دەرەوە نەبێت هەروەك سۆماڵ کە هەڕەشەی بۆسەر کەس نییە، راستە ئەمەریکا دەڵێت خۆی لە خۆیدا کارەساتە، بەڵام هەڕەشەی بۆ کەس نییە بۆیە گرنگ نییە، هەروەها زیمبابۆی هیچ هەڕەشەیەك بۆسەر کەس دروست ناکات دەبینین هیچ کەس لە ڕۆژئاوا گرنگی بەم ناوچانە نەداوە، بۆیە ئەمەش هەر ئاوا دەبێت لەگەڵ عێراق تاکو کێشەکە بەس ناخۆ بێت خەڵکی دەڵێن ئەمە کێشەی عێراقییەکان خۆیانە.

**• کەواتە خاڵە سەرەکییەکانی سیاسەتی ئۆباما بەرامبەر عێراق چین؟**

- ئەوەی سەرەکی بێت ئەوەیە کە ئەو دژی شەڕەو دەیەوێت هێزەکانی ئەمەریکا لە عێراق بکشێنێتەوەو ووتی کە ئەو بەرپرسە لەو کارەو زۆر بە دڵنیایەوەش دەیکات، بەڵام بە گشتی پێموایە دەیەوێت بە زووترین کات لە عێراق بێتە دەرەوە.

پێموایە ئەوەی کە ئەمەریکا دەیکات ئەوەیە کە مانای سەرکەوتن بگۆڕێت و دوای کشانەوەی لە عێراق ئەگەر تەنیا حکومەتەکە کاربکات و هەرچەندە کەمێك توندوتیژیش هەبێت ئەوا پێموایە ئەمەریکا پشت گوێی دەخات.

*** بەڵام ئەوانەی چاودێری باردۆخی عێراق دەکەن ئاماژە بەوە دەکەن سیاسەتی ئۆباما بە کشانەوەی هێزەکانی لە عێراق دەبێتە هاندەرێك بۆ ئەوەی عێراق بەرەو دیکتاتۆری هەنگاو هەڵبگرێت، ئایا بەرێزت تاچەند لەگەڵ ئەم بۆچوونەی؟**

- بێگومان وەکو هەموو سیاسەتمەدارێك لەهەموو شوێنێکی دونیا سەرۆك وەزیرانی حکومەتی عێراقیش هەوڵدەدات هەموو شتێك بخاتە پاڵ خەڵکانی تر، بۆیە لێرەدا پێموانییە سیاسەتی حکومەتی عێراق لە سیاسەتی خەڵکانی تر جیاواز بێت، وەك سیاسەتمەدارانی هیندستان دوای سەربەخۆبوون پاکستانیەکانیان تاوانبارکرد ئەگەرنا پاکستانەکان ئەوانیان تاوانبار دەکرد، لێرەدا ئەوە یاری سیاسییەو حکومەتی عێراق هیچ جیاوازییەکی لەگەڵ ئەوانی تر نییە، پێموایە حکومەتی مالیکی پێدەچێت بە تەمای ئەوەبێت، بەڵام نازانم تاچەند سەرکەوتوو دەبێت، چونکە حکومەتەکە چەندین کێشەی سەربازی و ئاسایشی هەیە و هەوڵ بۆ دابینکردنی ئاسایش دەدات کە توندوتیژییەکی زۆر لە ئارادایەو ئەم پرۆسەیەش چەندین ئاستەنگ دەبینێت و بەڵام پێموانییە کە هەموو کەسێك حکومەتی مەرکەزی بەهێز بەو شێوەیە تێبگات و ئەگەر ئەمەش لە عێراقدا ئاوا بێت ئەوا دەبێت عێراقییەکان خۆیان ئەمە چارەسەربکەن و کلیلی سەرکەوتنیشیان دابینکردنی ئاسایشە بۆ ئەوەی ئەم کێشانە لەسەر مێزێکی سەقامگیر چارەسەربکرێت نەك پڕبێت لە توندوتیژی، پێشم وایە کە توندوتیژیەکە ئێستا زۆر لە دووساڵ لەمەوبەر کەمترە لە عێراق و هیوادارم لەم ئاستەدا بوەستێت و بەرەو باشتر بڕوات و عێراقییەکان دەبێت بەیەکەوە بیر لە چۆنییەتی دروستکردنی دەوڵەتێکی تازە بکەنەوە سەنترالی بێت یان نا، ئامانجی سەرەکیش ئێستا ئەوەیە کە بگەینە بارودۆخێکی سەقامگیر بۆ ئەوەی ئەم کێشانە بەبێ هەبوونی توندوتیژی چارەسەر بکرێت.

**• ئایا تا چەند ئەمەریکا ڕێگر دەبێت بۆ ئەوەی مالیکی نەبێتە دیکتاتۆر؟**

- زۆر نا، چونکە ئەوەی ئێستا ئەمەریکا زۆر بیری لێ دەکاتەوە ئەوەیە کە بە زووترین کات بێتە دەرەوە لە عێراق و بێگومان نایەوێت خۆی شەرمەزار بکات، لای ئەمەریکا ئەگەر دیکتاتۆریەتییە کاربکات باشترە لە شتێکی تر کە ناکارا بێت، چونکە عێراق خۆی لە خۆیدا کارەساتە، شەڕەکەش

کارەساتێکی گەورەیە بۆ ئەمەریکا، ئۆباماش ئاوا لەمە دەڕوانێت و بۆیە هەوڵ دەدات بە زووترین کات بەسەر ئەم کارەساتە زاڵبێت و بیر لە لایەنی تر بکاتەوە وەك کێشەی ئابووری و ئەفغانستان کە پێی وایە ئەمە زۆر گرنگترە بۆ ئاسایشی ئەمەریکا، ئەوەی لێرەدا دەمەوێت ئاماژەی پێبکەم ئەوەیە کە ئەمەریکا لە زۆر شوێن پاشەکشەی کردووەو دواتر شوێنەکە بۆتە کارەسات و کەسیش زۆر گرنگی پێ نەداوە وەك: ( دوای ئەوەی ئەمەریکا لە ڤێتنام پاشەکشەی کردو شوێنەکە زۆر خراپتر بوو بەڵام کەس هەر باسیشی نەکرد، هەروەها لە لوبنان لە ساڵی ١٩٨٣ کشایەوە و کەس باسی نەکرد، لە سۆماڵ لە ساڵی ١٩٩٣ کشایەوە هەروا.) بۆیە ئەگەر ئەمەریکا عێراق بەجێ بهێڵێت و توندوتیژی لە عێراق سەر هەڵبداتەوە، پێموایە خەڵك زۆر ئاماژەی پێ نادات و ئەمەش راستییەکەو لە عێراقیش هەروا دەبێت، لەبەر ئەوەی هۆی چوونە ناو ئەو شەڕەوە هیچ کاری بەسەر عێراقەوە نەبووە، تەنیا ئەوەبوو کە ئیدارەی ئەمەریکی پێی وابوو سەددام حوسین هەڕەشەیە بۆ ئەمەریکاو شوێنانی تر نەك لەبەری ئەوەی کە ئەمەریکا ویستبێتی وڵاتێکی تازەتر لە عێراق دروستبکات.

**• کە ئەمەریکا بەو جۆرە سەیری عێراق بکات و گوێ بەسەرکەوتن و شکست نەدات، ئایا ئەمە کاریگەری لەسەر شکۆی ئەمەریکا نابێت لە جیهان بە گشتی و لە رۆژهەڵاتی ناوەراست بەتایبەتی؟**

- ئەمەریکا گرنگی بەمە نادات، لەبەر ئەوەی ئەمە ئەوەیە کە لە ڤێتنام روویداو بووە دیکتاتۆرییەتێکی کۆمەنیست و ئەمەریکا هیچ گرنگی پێ نەدا، هەروەها لە سۆماڵ کشایەوە و شەڕ هەربەردەوام بوو دووبارە ئەمەریکا گرنگی پێ نەدا، لە لوبنان شەڕی ناوخۆ درێژەی کێشا دوای ١٩٨٣، بۆیە لێرەدا دەتوانم بڵێم ئەگەر هەرشتێك هەڕەشە بۆ کەشو هەوای دەرەوەی وڵاتەکە نەبێت پێموانییە ئەمریکییەکان زۆر گرنگی پێ بدەن.

**• بابێینە سەر هەرێمی کوردستان، ئێمە پێمان وایە بە هاتنی ئۆباما فیدرالیزمی عێراق ئاسانتر دەبێت، هەروەها پێشتریش هیلاری کلینتۆن ئامـاژەی بە پاراستنی هەرێمی کوردستان کردبوو لە هەڵمەتەکانی هەڵبژاردندا، بۆیە لێرەدا سیاسەتی ئەمەریکا بەرامبەر عێراق چۆن دەبێت لە کاتێکدا هیلاری کلینتۆن دەبێتە وەزیری دەرەوەی ئیدارەی ئۆباما؟**

- پێموانییە ئەم خاڵە گرنگییەکی زۆری هەبێت لە دیدی ئەمەریکادا ئەگەر عێراق زۆر سەنترالیێ بێت یاخود نا، ئەوەی گرنگ بێت ئەوەیە ئایا توندوتیژی هەیە و گرنگتر لەوەش ئەوەیە ئەو توندوتیژییە لە سنووری وڵات دەرنەچێت بۆ وڵاتانی تر، بۆیە ئەمە خاڵێکی زۆر گرنگ نییە ئەگەر تا چەند سەنترالی بێت، یاخود دیمۆکراتییەکەی باشە یان نا هەتا ئەگەر ببێتە دیکتاتۆریش.

**• کەواتە مەسەلەی مانەوەی هێزەکانی ئەمەریکا کەوتۆتە دەرەوەی سیاسەتی ئیدارەی تازەی ئەمەریکا و ئەمەریکا هەموو هێزەکانی دەکێشێتەوە؟**

- نازانم بەتەواوەتی ئەمە چۆن دەبێت ئایا بەشێك لە هێزەکانی دەهێڵێتەوە بۆ پاراستنی باڵوێزخانەکەی یان نا، بەڵام عێراق لە دیدی ئەمەریکا زۆر گرنگ نییە، بەڵکو عێراق بۆ عێراقییەکان گرنگە، عێراق لە دیدی ئێران و عەرەبستانی سعودیە گرنگە، بەڵام پێموانییە عێراق گرنگیەکی تایبەتی هەبێت و عێراقییەکان دەبێت بزانن کە ئەمەریکا ئێستا گرنگی زۆر بە ئابووری نێودەوڵەتی و ئەفغانستان دەدات، بەڵام بواریش بۆ عێراقییەکان دەرەخسێنێت کە چارەنووسی خۆیان دیاری بکەن، وەکو پۆڵەندا کە شیوعییەکان جێیانهێشت توانی خۆی دروستبکاتەوەو بێتەوە ناو جیهان، لەو باوەڕەدام عێراقیش بە هەمان هەنگاودا تێدەپەڕێت، تاوەکو هەڕەشەش نەبێت خەڵك زۆر ئاماژەی پێ نادەن، و پێموایە عێراق دووبارە دەژێتەوەو نەوتەکەش هەر دەمێنێت، وە ئەگەر عێراقییەکان بتوانن لە رووی ئابووریەوە گەشەبکەن ئەوا بێگومان زۆر بەگەرمی لە کۆمەڵگای جیهانی پێشوازی لێدەکرێت و دەبێتە ئەندامێکی زۆر بەڕێز، وە ئەمەش لای من دەگەڕێتەوە سەر لێهاتوویی عێراقییەکان، ئەگەر لە دیدی عێراقەوە سەیری ئەمە بکەین ئێستا بواری دروستکردنی عێراقێکی تازەیان هەیە کە ئەندامێکی گرنگی کۆمەڵگەی جیهان بێت. بەڵام ئەمە دەبێتە هەڵبژاردەیەکی خراپ ئەگەر چاوەڕوانی ئەمانە لە ئەمەریکا بکەن بۆیان بکات، چونکە عێراقییەکان خۆیان دەبێت ئەمە بکەن، وئەگەر ئەوەش بکەن جیهان زۆر پێی شادمان دەبێت. بەڵام ئەگەر عێراقییەکان وەکو سۆماڵی لێ بکەن ئەوا تەنیا خەڵك خەمی ئەوەی دەبێت نەپرژێتە وڵاتانی تر و یانیش هەر پشت گوێ دەخرێت. بۆیە لێرەدا دەتوانم بڵێم عێراق یان وەکو پۆڵەندا یان وەکو سۆماڵی لێ دێت. بە بۆچوونی خۆم چاوەڕوانی پۆڵەندەیان بۆ دەکەم و پێتان دەڵێم باوەڕ بە ئەمەریکا مەکەن کە زۆر یارمەتیتان بدات بەڵکو یارمەتییەکە هەر کەمترەو کەمتریش دەبێتەوە وهەموو شتێك بە پێی هەوڵی عێراقییەکانە لەم حاڵەتەدا، حاڵەتێکی تری نێگەتیف هەیە کە ئەویش یۆگسلاڤیایە، کاتێك یۆگسلاڤیا بە شەڕدا تێپەڕی و ئەوەی کە لەدەرەوە بۆیان کرد تەنیا رێگەگرتن بوو لەوەی برژێتە وڵاتانی تر و هیچی تر، لە کۆتایدا بە هەندێك دەستێوەردان کۆتایی هات، بەڵام ئەویش زۆر کاریگەر نەبوو ئامانجی سەرەکی ئەوەبوو شەڕەکە لە یەك شوێندا بهێڵدرێتەوەو گەشە نەکات، بۆیە ئەگەر عێراق وەکو یۆگسلاڤیای نەوەدەکانیشی لێبێت، من پێشبینی یارمەتیدانیان ناکەم و تاکە هەوڵی دەرەکی ئەوەدەبێت کە نەهێڵدرێت گەشە بسەنێت بۆ وڵاتانی دەرەوە و نەبێتە هۆی ناسەقامگیرکردنی عەرەبستانی سعودیا، ئێران، ئوردن یان سوریا.

*** ئیدارەی ئۆباما دەیەوێت کێشەی نێوان تورکیاو هەرێمی کوردستان چارەسەربکات، پرسیار لێرەدا ئەوەیە تا چەند ئەمە دەبێتە هۆی خزمەتکردنی پەیوەندییەکانی نێوان ئەنقەرەو واشنتۆن؟**

- پێموایە پەیوەندی ئەمەریکا لەگەڵ تورکیا لە کورد گرنگترە، بۆیە لەهەر حاڵەتێکدا بێت ئەمەریکا پشتگیری تورکیا دەکات، بۆ نمونە لە ١٩٩١ سەبارەت بە کورد ئەمەریکا شتێکی ئەوتۆی بۆ نەکردو زۆربەی لەبەر تورکیا بوو کە تەداخولی کرد و لەبەر کێشەی تورکیا و عێراق و کوردەکانی تورکیا بوو، بۆیە دەتوانم بڵێم تورکیا بۆ ئەمەریکا زۆر گرنگترە. بۆیە ئەگەر ئەمە هەڵبژاردنێکی ئەمەریکا بێت ئۆباما بێت یا هەرکەسێکی تر یان بۆش بێت بێگومان پشتگیری تورکیا زیاتر دەکرێت، کە ئەمەش بێگومان لە ١٩٩١ پیشاندراوە و سیاسەتی ئەمەریکیش بەداخەوە مرۆڤایانە نییە و بۆیە هەمیشە لێرەدا دێتە ناو کێشەکە ئەگەر بۆ تورکیا گرنگ بێت، ئەمەش راستەقینەیەو کوردیش لە ناوەڕاستی ئەم هاوکێشەیەدایە

*** ئایا ئەگەر دەرفەتێکت هەبێت وشەیەك بە عێراقییەکان بڵێیت بۆ ئەوەی ئەم هەلە بقۆزنەوەو بارودۆخەکە خراپ نەکەن چی بە عێراقییەکان دەڵێیت؟**

- پێتان دەڵێم "هەموو شتێك لەسەر خۆتانە"، ئەگەر بتوانن یاری سیاسی بکەن یاری بکەن، لەبەر ئەوەی ئەمەریکا کێشەی زۆری هەیە بەڵام بە گوێرەی ئەفغانستان و عێراق کێشەکانی زۆر بچکۆلەترن، بەڵام ئەگەر عێراق بتوانێت ئەم هەلە بقۆزێتەوە ئەوا هەموو خەڵك هیوای باشی بۆ دەخوازێت و زۆر بەگەرمی لە کۆمەڵگای جیهانی پێشوازی لێ دەکرێت، چونکە عێراقییەکانیش دەیانەوێت وڵاتێکی ئاسایی بن، لێرەدا قسەی سەرەکیم ئەوەیە عێراقییەکان دەتوانن ئەم هەلە بقۆزنەوە و یانیش خۆیان بکەن بە سۆماڵیکی تر، بەڵام ئەگەر بەشێوەیەکی ئاشتیانە کار بکەن ئاکامێکی باشی بۆ داهاتووی وڵات لێ دەکەوێتەوە. بەڵام ئەگەر سۆماڵیایان هەڵبژارد ئەوا داهاتووی وڵات لەبیر کەن، هەرچەندە ئێستا چانسیان زۆر لە دوو سێ ساڵ لەمەوپێش باشترە بۆ ئەوەی نەبنە سۆماڵ، بەڵام من لە عێراق نیم بە دڵنیایەوە نازانم چانسی سەقامگیربوونیان چۆنە.

●●●
ئەوەی ئێستا ئەمەریکا زۆر بیری لێ دەکاتەوە ئەوەیە کە بە زووترین کات بێتە دەرەوە لە عێراق، چونکە عێراق خۆی لە خۆیدا کارەساتە، شەڕەکەش کارەساتێکی گەورەیە بۆ ئەمەریکا
●●●

●●●
پەیوەندی ئەمەریکا لەگەڵ تورکیا لە کورد گرنگترە، بۆیە لەهەر حاڵەتێکدا بێت ئەمەریکا پشتگیری تورکیا دەکات
●●●



# ٩٩٩٢ قوتابی هەرێمی کوردستان

**ناوەندی وەرگرتنی قوتابیان پێیان ڕاگەیاندین کە قەبول مەرکەزی دەزگایەکی تەنفیزییە و شوێنی بڕیاردان نییە**

پاش ئەوەی گوڵان لەژمارەکانی (٧٠٨)، (٧٠٩) و (٧١١) زنجیرە بەدواداچوونێکی تێروتەسەلی لەسەر گرفتی وەرنەگرتنی قوتابیان لە زانکۆ و پەیمانگاکاندا بڵاوکردەوە، بەپێی ئەو ئامارانەی خستمانەڕوو، دەرکەوت کێشەی نەبوونی پسپۆری تاڕادەیەك لەئارادا نەبووە، بەڵام ئەو هەڵەیەی وەزارەت تێیکەوتووە، ئەوەیە کە پشتی بە داواکاری بەشە زانستی کۆلیژ و زانکۆکان و پەیمانگاکان بەستووە، بەبێئەوەی لەسەر بنەمای ئامارێکی ڕێکوپێك وردبینی لە داواکاری بەشەکان بکات. بەڵام ئەوەی پتر مایەی سەرنج و تێڕامانە، ڕاستە وەزارەت تەنیا دوو ساڵە دامەزراوە، بەڵام لەگەڵ دامەزراندنی گەورەترین پەیکەری داناوە، تا کاری هەموو زانکۆکان کۆنتڕۆڵ بکات و ئەم پەیکەرە گەورەیەش وایکرد فشارێکی زۆر بخاتە سەر بودجەی هەرێم. کە ئەم بودجەیە زۆربەشی بۆ ئەوە بوو کە ئەرکێکی چاك ڕاپی بکات و وردبینی لەهەموو کار و هەنگاوەکانیدا بکات. لەوڵاتی ئێمە کولتووری کارنەکردن و پشتگوێخستن بۆتە دیاردەیەکی ئاسایی. ئێستاش ئێمە لەو بڕوایەداین ئەگەر وەزارەت ئەو ئامارانەی لەژمارە ٧٠٩ داوامانکرد بخاتە بەر دیدی جەماوەر، ئەوسا بەدیار دەکەوێت کە ئایا توانستی هەر بەشێکی زانستی چەندە، لەوەڵامەکاندا بێ پلانی بەئاشکرا بەدیاردەکەوێت، چونکە ئەمە یەکەم ساڵە ڕووبەڕووی ئەم کێشەیە ببنەوە، ئەویش بەوەی کە زانکۆکان یەك بگرن و کەم وەرگرتن لە پلانەکانیاندا هەبێت، ئەمەش لەئەنجامی ئەوە سەریهەڵدا، چ لەلایەن وەزارەت و چ لەلایەن زانکۆکان بڕیاری ئەوەیاندا کە تەنیا ٦٠٪ی قوتابیان وەربگرن. بۆیە پلانی وەرگرتنی ئەمساڵ لە ساڵی ڕابردوو کەمتر بوو، چونکە ساڵی ڕابردوو نزیکەی ٢٧٠٠٠ قوتابی وەرگیرا، کەچی بە فشار خستنە سەر زانکۆ و پەیمانگاکان گەیشتە ٢١٤٠١ قوتابی. واتە لە پلانیاندا بووە کە تەنیا ١٨٨٣٦ قوتابی وەربگیرێت. ئەم پلانەش لەلایەن وەزارەتی خوێندنی باڵاوە بوو.

ناوەندی وەرگرتنی قوتابیان پێیان ڕاگەیاندین کە قەبول مەرکەزی دەزگایەکی تەنفیزییە و شوێنی بڕیاردان نییە، چارەسەرکردنی تەنگژەی قوتابییە وەرنەگیراوەکانیش لەدەسەڵاتی ئەوان نەبووە و پتر ڕۆڵی ئەنجومەنی کۆلیژەکان (واتە ڕاگر و بڕیاردەری بەشەکان) پاسیف بووە و ئەو پلانەی کە ڕەوانەی قبوڵ مەرکەزیان کردووە، پلانێکی هەڵە و پڕ لەخەوش بووە و نەیانتوانیوە چارەسەری درێژکردنەوەی کات و نیسابی مامۆستاکان بکەن بۆئەوەی زۆرترین ژمارەی قوتابیان وەربگیرێن و سوودمەندبن. دەربارەی ئەم مژارە، جوان جەلال سەرۆکی ناوەندی وەرگرتنی قوتابیان بەگوڵانی ڕاگەیاند کە ئەوان دوای ئەنجامدانی زیاتر لە ٦ کۆبوونەوە، تەنها بۆئەوە بووە تا هانی زانکۆکان بدەن بۆ زیادکردن و فراوانکردنی پلانی وەرگرتنیان . گوتیشی: "ساڵی ڕابردوو ١١ پەیمانگای مەڵبەندی مامۆستایانمان هەبوو کە نزیکەی ٦٠٠٠ قوتابی وەردەگرت، کە زۆربەیان لە بەشی وێژەیی دادەنرا بەڵام وەکو ئاگادارن وەزارەتی پەروەردە ئەم پەیمانگایانەی داخست. واتە پلانی وەرگرتنی زانکۆ و



# چاوەڕوانی وەرگرتن... بەڵام...!!

پەیمانگاکان پارساڵ بەبێ پەیمانگا مەڵبەندییەکان ٢٠٠٠٠ بیست هەزار زیاتر نەبووە". لەبارەی کردنەوەی بەشە نوێکانی ئەمساڵیش ڕایگەیاند کە زۆربەی ژمارەی وەرگرتنی ئەم بەشانە کەم بوو لەنێوان ٢٠- ٣٠ قوتابی.

ساڵانە هەر لە مانگی نیسانەوە ساڵی خوێندن لە وەزارەتی پەروەردە بە ئاماری بەشداربووانی ئەزموونی بەکالۆریا ناوەندی وەرگرتن ئاگادار دەکەنەوە، ناوەندی وەرگرتنیش ساڵانە ڕێژەی دەرچوون بە ٦٥٪ دادەنێن، ئینجا پلانی خۆیان دادەڕێژن، لەمبارەیە د. جوان جەلال لەبارەی ئاستی بەشداربوونی ئەزموونی بەکالۆریا لەساڵی ڕابردوو ٢٠٠٧ – ٢٠٠٨ و ڕێژەی ٦٥٪ ڕوونیکردەوە کە ئەوان ئاماری ژمارەی قوتابیان لە وەزارەتی پەروەردە وەردەگرن و لەبەرئەوەی ژمارەی دەرچووان دیار نابێت تا ئەنجامی خولی دووەم (واتە مانگی ئەیلول)، بۆیە ئەوان لە ناوەندی وەرگرتن ئەگەری دەرچووان حیساب دەکەن بەڕێژەی ٤٥٪- ٥٠٪ - ٥٥٪- ٦٠٪- ٦٥٪ نەوەك ٦٥٪ چونکە ئەمە دوو ساڵە ڕێژەی دەرچوون لە نێوان (٤٥٪- ٥٠٪)دایە، بەپێی ژمارەی چاوەڕوانکراوی دەرچوونی قوتابیان داوا لە زانکۆ و پەیمانگاکان دەکەن کە پلانی وەرگرتنی خۆیان بۆ ناوەندی وەرگرتن ڕەوانە بکەن و بەمەش خشتەی ئەگەری قوتابیان بۆ زانکۆ و پەیمانگاکان ڕەوانە دەکرێت. لە ساڵی ڕابردووشدا ژمارەی دەرچووان ٢٦٢٨٧ قوتابی بوو.

لەبارەی ئەمساڵیشەوە ڕایگەیاند کە، ژمارەی قوتابیانی بەشداربوو لە ئەزموونەکانی شەشەمی ئامادەیی (لقی زانستی و وێژەیی) ٥٧٠٠٠ قوتابی بوو، لەوانە تەنها ٣١٨٢٠ قوتابی دەرچوون. بەڵام هەموو زانکۆکان پاش چەند کۆبوونەوەیەك جەختیان لەسەر ئەوە دەکردەوە کە ناتوانن لەو پلانە زیاتر قوتابی وەربگرن، لەمبارەیەوش گوتی: "ئێمە لە ناوەندی وەرگرتن دەسەڵاتی زیادکردنی پلانی وەرگرتنمان نییە پاش پەسندکردنی لە ئەنجومەنی وەزارەت.

د. جوان گوتیشی: "من بۆم نییە یەك شت لە پلانی ئەنجومەنی کۆلیژەکان زیاد بکەم. هەرچەندە من پێموایە جیاوازییەکی زۆر هەیە لەنێوان پلانی وەرگرتن و ژمارەی قوتابیان کە لەباری تەکنیکییەوە بڕیاردەری بەش لێی بەرپرسیارە. ئێستا ئەگەر سەرنج بدەین، ٣٧٧ بەشمان هەیە، کە تێیدا ٣٠٠ بەش زانستییە و ٧٧ی وێژەییە. هەر بۆیە کێشەی ئێمە زیاتر لەگەڵ وێژەییەکانە، لەکۆی ئەو ٣١ هەزار قوتابییە ٢١ هەزاری وێژەییە و ١٠ هەزاری زانستییە. واتە وێژەیی دوو بەقەد زانستییە، ئەمەش بەشێکی قەیرانەکە پێکدەهێنێت. هەر لەبەرئەوە زۆرێك لە ڕاگری کۆلیژەکان هاواریان لێهەڵسا کاتێك ئێمە ژمارەیەکی زیاترمان لەپلانی خۆیان بۆناردن، ڕاگری کۆلیژێك پێی گوتم ئێمە شوێن و مامۆستای زیادمان نییە چەند قوتابی زیادت بۆ ناردووین، بە کۆستەر بۆتی دەنێرمەوە". وەك بەرچاوڕوونیش باسی لەوە کرد کە، کارگێڕی تەندروستی شەقڵاوە داوای ٥٠ قوتابی کردبوو، بەڵام ئەوان ١٥٠ قوتابیان بۆ ناردوون. بەشێك لە پەیمانگاکان داوای ٤٠ قوتابیان کردبوو، بەڵام ئەوان ٩٠ قوتابیان وەرگرتووە و ئێستا ٨٠ی دیکەشیان بۆ ڕەوانە

**هەر قوتابییەکی کوردستان ئەگەر تێکڕایی نمرەکانی لە سەرووی ٩١٪ بێت ئەوا دەتوانێ لە زانکۆکانی ناوەڕاست و باشوور لە کۆلیژی پزیشکی بخوێنن**

هەروەک لـــە زانکۆکانیش گرفتیـــان هەیـــە، لەوانـــە زانکۆی کۆیە دەڵێت ئامادەم قوتابی زیاتر وەربگرم، بەڵام بەشی ناوخۆییم پێویستە.

راســـتە ئەمســـاڵ ڕێژەی قوتابیانـــی وێژەیی زیاتـــرە لەزانســـتی، بـــەڵام خوێندنی بەشـــە زانســـتییە مرۆڤایەتییەکان پێویستیان بە تاقیگە نییـــە و تەنیا چەند وانەیەک نەبێت کە پێویســـتی بـــە سیســـتمی گروپگەلە (Groups). هەر بۆیەش هۆبەکانـــی خوێندنـــی ئەو بەشانە دەکرێت لە ٥٠ قوتابی کەمتر نەبێت، بگرە جاری وا هەیـــە دەگاتە ٧٠ قوتابی و



جوان جەلال شەریف

ســـەبارەت بەو پرسیارەی داخۆ ناوەنـــدی وەرگرتن بۆ پڕکردنەوەی ئەو شوێنانە چ بەرنامەیەکیان لەبەردەستدایە؟ ئایا ناکرێـــت جارێکی دیکە RUN بکرێتـــەوە، چونکە دووبارە RUN کردن لە دوو کاتژمێر زیاتـــر ناخایەنێت، هـــەروەک چۆن بـــۆ لابردن و کەمکردنـــەوەی ڕێـــژەی وەرگرتنی ٢٠٪ی کۆمەڵەی پزیشـــکی نیـــو کاتژمێری زیاتر نەخایاند؟ لەبەرئەوەی هێشـــتا دەوامی قوتابیانی قوناخی یەکەم جێگیر نەبووە، جگە لەوەی کە قوتابیانیش پێیانخۆشە و حەزدەکەن بچنە کۆلیژێکـــی بەرزتر بخوێنن؟

ئەگەر بەشـــەکان بەدرێژکردنەوەی کاتـــی دەوام بۆ قوتابیان و زیادکردنی نیســـاب چارەســـەر دەکرا، کە بۆ هەر بەشێک دوو هۆبە بکاتـــەوە، واتە نزیکەی ١٢٠ قوتابی وەربگرتایە، لەکاتێکدا ئەگەر لەبەشـــەکەدا پســـپۆڕ و مامۆستا نەبوو، پشتیان بە ئامارەکە ببەستایە وەکو وەزارەتی پەروەردە یان وەکو پێشتر باو بوو سیستمی کەمکردنەوە و پڕکردنەوەی بۆشایی، واتە (أختزالا وســـدا للشواغر)یان بەکاربهێنایە هەر لەهەمان زانکۆ لەنێوان کۆلیژەکان مامۆســـتای زیاد لەشوێنێکەوە بۆ شوێنێکی دیکە بگواسترابووایەوە، ئەمە لەلایەک. لەلایەکی دیکەوە، دەتوانرا بە پەنابردن بۆ دەسەڵاتی سەرووتر وەزارەتی پـــەروەردە ناچـــار بکرابووایە، کە شـــوێنەکانی پەیمانگای مامۆســـتایان بدرابووایە بە وەزارەتی خوێندنی باڵا، هەر بە سیستمی (أختزالا وسدا للشواغر) کۆلیژی پەروەردەی بنیات بکرابووایەوە، ســـەرەڕای ئەو کەسانەی هەڵگری بڕوانامەی ماســـتەر و دکتۆران، کە لە پەیمانگای مامۆســـتایان بوون بۆ ئەو کۆلیژانە بگواســـترابایەنەوە، بەڵام وا دەردەکەوێ کە بیریان لێ نەکردۆتەوە یان هەر مەبەستیان بووە تەنیا ٦٠٪ی دەرچووانی ئامادەییەکان وەربگرن. ئەمە لەلایەک.

لەلایەکی دیکەوە، شـــوێن بۆ هەموو قوتابیانی بەشـــی زانستی هەبووە، کە ١٨٢ بەش لەخۆ دەگرێت. بەڵام ئەوەی جێگای داخە بەبڕیارێکی سەرپێی ٢٠٪ لە پلانی وەرگرتنی کۆلیژە پزیشـــکییەکان کـــەم کرایەوە، کە وایکـــرد نزمترین کۆنمرەی ئەو کۆلیژانە لە چاو کۆلیژە پزیشکییەکانی عێراق زۆر بەرزتـــر بێت و نزیکـــەی ٤٠ نمرە لە وەرگرتن جیاوازی هەبێت، کـــە ئەمە بارێکی دەروونی خراپـــی بۆ قوتابیانی کوردستان دروستکردووە.

لەوەڵامدا جوان جەلال ڕوونیکردەوە کە ســـەرلەنوێ RUN کردنەوە، مانای وایە کە "سەرلەنوێ قوتابیان دابەش بکرێت و پلانـــی وەرگرتنی زانکۆ و پەیمانگاکان نەگواســـترایەوە بۆئەوەی ســـوود لە پلانی نـــوێ وەربگیرێـــت. تۆ دەڵێیت RUN دوو کاتژمێر دەخایەنێ، من دەڵێم نیو کاتژمێر زیاتر نابـــات، لەبەرئەوەی هەموودااتاکان ئامادەن، بەڵام ئەی چۆن پلانی زانکۆکان دەگۆڕن. دواتر شتێکی دیکە هەیە، ئەگەر پرۆسەی RUN دووبارە بکرێتەوە ئەوا ڕێکخراوی یونسکۆ لێمان قەبوڵ ناکات لەبەرئەوەی ساڵی نوێی خوێندن لەلایەن یونسکۆوە بە ٢٠٠٩/١/١ ئیعتبار دەکرێت. ئەمەش وا دەکات فەوزا دروست بێت و قوتابییەکان بە راسب حیساب دەکرێن".

پســـپۆڕێکی بواری خوێندنی بـــاڵا پێیوایە ئەو وەڵامەی ناوەندی وەرگرتن ئەوە دەسەلمێنێت کە وەزارەتی خوێندنی باڵا و زانکۆکان نەیانویستووە هەموو قوتابیان وەربگرن، ئەگەرنا بەزیادکردنی ڕێژەی وەرگرتنی بەشە زانستییەکان چارەسەر دەکرا و پرۆســـەی RUN تەنها نیو کاتژمێری دەویســـت. تەجرەبەی ســـاڵانی ڕابردوو لەمبارەیەوە هەیە، کاتێک ساڵی ٢٠٠٠ دووبارە RUN کرایەوە و هیچ فەوزایەکیش ڕوونەدا و بەڵکو چارەسەری گیروگرفتەکانیشی کرد.

زۆربـــەی خەڵک قەناعەتیان بەوە نییـــە کە لەبەر بڕیاری وەزیری تەندروستی ڕێژەی ٢٠٪ لە دوا ساتەکانی (RUN) لە پلانی وەرگرتنی کۆمەڵەی پزیشکی کەم کرایەوە، چونکە خەڵـــک وای دەبینن کە، ئەم بڕیارە لە بـــەر خاتری کۆلیژە ئەهلییـــەکان و زانکۆی جیهان بووە، دیاردەکانیش هەر ئەمە دەسەلمێنن، بەڵام د. جوان پێی ڕاگەیاندین کە بەهیچ جۆرێک زانکۆ ئەهلییەکان پێوەندییان لەگەڵ ناوەندی وەرگرتن نییە،

**چاودێرێک: شوێن بۆ هەموو قوتابیانی بەشی زانستی هەبووە، کە ١٨٢ بەش لەخۆ دەگرێت. بەڵام ئەوەی جێگای داخە بەبڕیارێکی سەرپێی ٢٠٪ لە پلانی وەرگرتنی کۆلیژە پزیشکییەکان کەم کرایەوە، کە وایکرد نزمترین کۆنمرەی ئەو کۆلیژانە لە چاو کۆلیژە پزیشکییەکانی عێراق زۆر بەرزتر بێت و نزیکەی ٤٠ نمرە لە وەرگرتن جیاوازی هەبێت**

**پرۆسەی RUN تەنها نیو کاتژمێری گەرەکە. لەمبارەیەوە تەجرەبەی ساڵانی ڕابردوو هەیە، کاتێک ساڵی ٢٠٠٠ دووبارە RUN کرایەوە و هیچ فەوزایەکیش ڕوونەدا و بەڵکو چارەسەری گیروگرفتەکانیشی کرد**

ئەو لایەنەی سەرپەرشــتی دەکات بریتییە لە بەشی زانکۆ ئەهلییەکان لە وەزارەتی خوێندنی باڵا. هەروەك گوتی: "بە قەناعەتــی ئێمە زانکۆی ئەهلی لــە هەموو وڵاتان هەیە، ئەوان پلانی خۆیان هەیە بۆ وەرگرتن، ئەم پلانەش ڕەوانەی ناوەندی وەرگرتن ناکرێت و قوتابی ڕاســتەوخۆ پێوەندی بەم زانکۆیانەوە دەکەن".

مایەی سەرســوڕمانە، کە بۆچی ناوەندی وەرگرتن تەنها زانکــۆی جیهانی بە زانکۆی ئەهلی داناوە، ئەی ٦ زانکۆ لە کوردســتان نییە، ئەگەر ئەم شەش زانکۆیە وەك وەزیری خوێندنی بــاڵا ڕایگەیاند ٥٠٠٠ قوتابی وەردەگرن، چونکە پلان لە کۆلیژی ئەندازیاری و یاسا و زانست و...تد کاتێك نمرە باشــەکان تێکدەچێت هەرچی نەبێت نیوەی ئەم ژمارەیە دەبێت نمرە باشــەکان بن. واتە ١٢٪ی پلانی هەر بەشــێك لەکــۆی هەمووی وەرگرین نزیکــەی ١٢٪ی دەرچووانە و سیســتمی دابەزینیش ١٠٪- ١٥٪ ئــەوا نزیکەی ٢٥٪ی پلانی وەرگرتن تێکدەچێت. بۆیە بە بڕوای شــارەزایان نمرە باشەکان لە پلانی وەرگرتندا نەبووە، ئەگەر هەبووایە ژمارەی زیاتری لە پلان بۆ کۆلیژی ئەندازە و زانست و یاسا و...تد دەنارد و ژمارە وەرنەگیراوەکان تارادەیەك کەم دەبۆوە.

لەوەڵامی بەڕێوەبەرایەتی خوێندنی ئەهلی وا دەردەکەوێت کــە ئــەوان وەك دەزگایەکــی بازرگانی ســەیری زانکۆ ئەهلییەکان دەکەن. لەکاتێکدا لەوڵاتانی پێشــکەوتوو کاتێك پلان و نەخشــە بۆ ســەرمایەی مرۆیی دادەنرێت کەرتی تایبەتیش لەخــۆ دەگرێت، بەڵام وا دیارە هەماهەنگییەکی تــەواو لەنێوان ناوەندی وەرگرتن و بەڕێوەبەرایەتی خوێندنی ئەهلیدا هەبێــت، تا پلانێکی تۆکمە بۆ وەرگرتنی قوتابیان لە زانکۆ ئەهلییەکان دابڕێژرێت، چونکە زانکۆ ئەهلییەکان هەرچەنــدە کەرتــی تایبەتن لەلایەك بــە پرۆتۆکۆڵ و گرێبەســت مۆڵەتیان پێدراوە و لەلایەکــی دیکەوە مامەڵە لەگەڵ بە نرخترین سامانی نەتەوەیی دەکات، کە "مرۆڤە"، بۆیە ناشێ لەدەرەوەی پلان بێت.

د. جوان جەلال لەکۆتایــی ئاخاوتنەکانیدا ڕایگەیاند کە چارەســەرکردنی تەنگژەی وەرگرتنــی هەموو قوتابیان لە دەســەڵاتی ئەوان نەبووە، "هەرچەندە لەسەرەتاوە لە هەموو میدیاکان ئەوەمان خســتەڕوو کە نزیکەی ١٠٠٠٠ دە هەزار قوتابی لە دەرەوەی پلانی وەرگرتن دەمێننەوە. ئەمســاڵ بە تەنهــا لەعێراق ٥٧٠٠٠ پەنجاو حــەوت هەزار قوتابی دەرچووە لەشەشەمی ئامادەیی بەرامبەر بە ٣١٨٢٠ قوتابی لە هەرێمی کوردســتان. لە بەغدا پلانــی وەرگرتنیان ٨٥ هەزار بوو، لەبەرئەوە ئێســتا ٢٥ هەزار کورســی بەتاڵیان هەیــە. ژمــارەی زانکۆکانــی عێــراق ٢٢ زانکۆ و ٣٥ پەیمانگایە بەرامبەر بە ٥ زانکۆ و ١٨ پەیمانگا لەهەرێمی کوردســتان، کە بەشەکانیشیان لەئێمە زیاترە. تەنها زانکۆی بەغــدا بە قــەد هەمــوو زانکۆکانی کوردســتان قوتابی وەردەگرێت، بۆیە کۆمەڵەی پزیشــکی لەوێ ٩٢٪ وەستاوە. کەچی ئەوان ئەمســاڵ ڕێــژەی دەرچوونیان زۆر کەم بوو. هەروەها پەیمانــگای تەکنۆلۆژی لە بەغدا بە قەد هەموو پەیمانگاکانی دەســتەی پەیمانگا تەکنیکییەکانی هەولێر قوتابی وەردەگرێت. بۆیە ٢٢ کۆمەڵەی کۆلیژی پزیشکی (٢٢ زانکــۆ + ٢ کۆلیژی پزیشــکی هەیــە لە بەغدا و موســڵ) ئەمەش وا دەکات کە کۆنمــرەی وەرگیراو نزمتر بێــت". هەروەك د. جوان گوتی: "ئێســتا هەر قوتابییەکی کوردستان ئەگەر تێکرایی نمرەکانی لە سەرووی ٩١٪ بێت ئەوا دەتوانێ لە زانکۆکانی ناوەڕاست و باشوور لە کۆلێژی پزیشــکی بخوێنن. پێموایە ئەگەر بەشێك لە قوتابیان بچنە بەغدا کێشــەکە ئێجگار کەم دەبێتەوە". بۆ ئەم مەبەســتە، وا بڕیــارە بەم نزیکانە فۆرمی بەغــدا دابەش بکرێت. ئەو قوتابییانەشی کە لە زانستە مرۆییەکانی هەرێمی کوردستان دەچنە بەغــدا و عەرەبی نازانن، ئــەوا هۆبەی تایبەتییان بۆ دەکرێتەوە. د. جوان گوتیشــی: "ڕەوانەکردنی قوتابیانی هەرێمی کوردســتان بۆ پارێزگاکانی باشــوور و ناوەڕاست لەســەر ئارەزووی خۆیان دەوەســتێت و هیچ کەسێك ناچار ناکرێت، بەڵام ئەوە بوارێکە بۆیان دەڕەخسێنرێت، ئەگەرچی ئێمە پێمان باشــە هەموو قوتابیان لە کوردستان وەربگیرێن، بەڵام ئەگەر توانای وەرگرتنمان لەکوردستان نەبێت، کامیان بە باشــتر دەزانن، ئایا بەبێ خوێندن بمێننەوە یان هەلێکیان لەبەردەم بێت بۆ خوێندن.

مــاوە بڵێین، بە دیــد و تێڕوانینــی چاودێرانەوە هەر لە ســەرەتاوە دەکرا چارەسەری ئەم کێشــە بکرابووایە، چونکە وا پێدەچێت ئەم کێشــەیە لەبەر ئــەم هۆکارانەی خوارەوە، دەرهاوێشتەی سیاسیی و کۆمەڵایەتی پەیدا بکات:

١- ٩٩٩٢ قوتابی بێ شــوێن ماونەتەوە، دوای ١٢ ساڵ خوێندن بێکاریش دەبن، ئەگەر لەسەرەتای تەمەنیان ڕوویان لــەکار بکردایە زۆربەیان تا ڕادەیەك خۆیان تەکوین کردبوو، بۆیە لەوانەیە ڕەنگدانەوەکەی مەترسیدار بێت.

٢- لەکاتێکدا ڕاستە نزیکەی ٢١٠٠٠ قوتابی وەرگیراون بەڵام لە ئاســتی تموحیاندا نەبووە، چونکە ئەگەر هەرێمی کوردســتان بەناوچەکانی دیکەی عێراق بەراورد بکەین ئەوا قوتابیانی دەرەوەی هەرێم لە گەیشــتن بــە ئامانجەکانیان پێگەیان باشترە، چونکە نزمترین نمرەی کۆلێژە بەرزەکان وەك کۆمەڵەی پزیشــکی لە ٩٠٪ کەمترە کەچی لە کوردستان کۆمەڵەی پزیشکی لە ٩٥٪ نەهاتۆتە خوارەوە، واتە ٤٥ نمرە جیاوازە!!

٣- لەکاتێکــدا قوتابیانی دەرەوەی هەرێــم لە زانۆکانی کوردستان شــوێنیان بۆ دەکرێتەوە، کەچی قوتابیانی هەرێم لەم بارودۆخە ناهەموارە ڕەوانەی دەرەوەی هەرێم دەکرێن.

**د. جوان جەلال:**
**ژمارەی زانکۆکانی عێراق ٢٢ زانکۆ و ٣٥ پەیمانگایە بەرامبەر بە ٥ زانکۆ و ١٨ پەیمانگا لەهەرێمی کوردستان، کە بەشەکانیشیان لەئێمە زیاترە. تەنها زانکۆی بەغدا بە قەد هەموو زانکۆکانی کوردستان قوتابی وەردەگرێت بۆیە کۆمەڵەی پزیشکی لەوێ ٩٢٪ وەستاوە**

**دەتوانرا بە پەنابردن بۆ دەسەڵاتی سەرووتر وەزارەتی پەروەردە ناچار بکرابووایە، کە شوێنەکانی پەیمانگای مامۆستایان بدرابووایە بە وەزارەتی خوێندنی باڵا، هەر بە سیستمی (أختزالا وسدا للشواغر) کۆلێژی پەروەردەی بنیات بکرابوویەوە**

# "لەڕێی (السیاسە المتوازیە)
# دەتوانین کێشەی دە هەزار قوتابییەکە چارەسەربکەین"

## وتوێژی گوڵان لەگەڵ د. سەلاح عەزیز، ڕێکخەری پرۆگرامی ئەندازیاری لە زانکۆی فلۆریدا



**د. سەلاح عەزیز، کە ئەندامی بۆردی ڕێکخراوی (ASK)ە لەئەمریکا و کۆردیناتۆری پرۆگرامی ئەندازیارییە لەزانکۆی فلۆریدا، ساڵانێکی زۆرە لەوڵاتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا دادەنیشێت و پەیوەندی کارای لەگەڵ چەندان دەزگا و کۆڕ و کۆنفرانسی نێودەوڵەتی هەیە. دید و تێڕوانینەکانی ناوبراو لەبارەی واقیعی پرۆسەی خوێندنی باڵا لەکوردستان وردتر و واقیعیانەتر بوو، بۆیە گوڵان بە چاکی زانی ئەم هەڤپەیڤینەی لەگەڵدا سازبکات.**

*** سەرەتا پێمخۆشە کێشەی ١٠ هەزار قوتابییەکە بکەینە دەروازەی باسەکەمان، کە تائێستا لە هیچ زانکۆ و پەیمانگایەکدا وەرنەگیراون، ئایا کۆمەنتاری ئێوە لەبەرامبەر ئەم کێشەیەدا چییە؟**

- من لەم کێشەیەدا دوو ڕەهەند بەدی دەکەم، یەکێکیان کێشەی دە هەزار گەنجە، کە زۆربەیان تەمەنیان نزیکەی ١٨ ساڵە و قۆناخی ئامادەییان تەواوکردووە، کارێك نییە بیکەن و خوێندنی باڵاش قەبووڵیان ناکات. بۆیە دەتوانین بڵێین ئەمە کارەساتێکی دە هەزار گەنجییە، کە لە سەرەتای ژیانیان دەستی پێکردووە و مەئیوس بوونە. بێگومان چارەسەری ئەو کێشەیەش لە ئەستۆی دەسەڵاتدایە. بۆ ڕەهەندی دووەمیان، پێموایە مەسەلەکە لەمەش گەورەترە، چونکە ڕەنگە ١٠ هەزاری ئەمساڵ بۆ ساڵی داهاتوو ببێتە ٢٠ هەزار و بۆ ساڵی دواتریش بەهەمان شێوە درێژەی هەبێت. بۆ چارەسەرکردنی ئەم قەیرانەش، پێوستە وەزارەتە پێوەندیدارەکانی حکوومەتی هەرێم تێیدا بەشداربن لەدانانی سیستم و میکانیزمێکی گونجاو بۆئەوەی لەساڵانی داهاتوو ئەم کارەساتە دووبارە نەبێتەوە، لەوانە وەزارەتەکانی خوێندنی باڵا، پەروەردە، پلاندانان، کار و کاروباری کۆمەڵایەتی و دارایی.

*** پێتوایە ئەو سیستم و میکانیزمە گونجاوە، دەبێت چۆن دابڕێژرێت؟**

- ئێمە دەتوانین چاو لە مۆدێل و تەجرەبەی وڵاتە پێشکەوتووەکان بکەین، کە چۆن چارەسەری ئەم کێشەیان کردووە. ڕەنگە لە وڵاتێکی وەکو ئەمریکا ئەم کێشەیە نەبێ، چونکە ئەمریکا وڵاتێکی موئەسەساتییە و فەلسەفە و سیستمێکی گونجاوی داناوە بۆ هەر ویلایەتێك، کە چۆن ساڵانە ئیستعابی وەرگرتنی زۆرترین قوتابی بکەن، چ جای ئەوەی کە قوتابی لەسەرانسەری دنیا بۆ خوێندن ڕوو لەئەمریکا دەکات. ئێمە پێش ئەوەی باسی چارەسەری ئەم کێشەیە بکەین، دەبێ بزانین کە هەموو هاووڵاتییەك مافی هەیە لە خوێندن بەهرەمەند بێت و کارێك بکات، هیچ دەسەڵاتێك بۆی نییە ئەمە لە هاووڵاتیان قەدەخە بکات، چونکە لەم حاڵەتەدا ئەمە دەبێتە دەستدرێژی بۆ سەر مافی هاوڵاتیان، بەڵام لەهەمان کاتیشدا لە بەرپرسیارێتی حکوومەتدا نییە کە هەموو قوتابیان بە خۆڕایی بخوێنن. لێرەدا دەبێت وردبین و جیاوازی بکەین لەنێوان مافی هاووڵاتی بۆ خوێندن و بەرپرسیارێتی حکوومەت. بۆ دۆزینەوەی ڕێگاچارەی گونجاو دەتوانین ئەزموونی وڵاتێکی دراوسێی هەژاری وەك ئەردەن لەبەرچاوبگرین، ئەو وڵاتە سێ جۆر خوێندنی باڵای هەیە، یەکێکیان حکومییە، کە ئەوەیان زۆر لەهی ئێمە دەچێ، کە بۆ قوتابییە زیرەك و باشەکانە، ئەوانەی نمرەی بەرزیان هێناوە دەتوانن لە زانکۆ حکوومییەکان بەهرەمەندبن. جۆری دووەمیان، پێی دەگوترێت سیاسەتی هاوتەریب -السیاسە المتوازیە- (Parallel policy)، کە خوێندنی ئێوارانە، لەهەمان شوێن و هەمان زانکۆ دەرس دەخوێنرێت، بەڵام بە پارەیە و پارەکەشی شتێکی کەم و سیمبۆلیکە. جۆری سێهەمیان، پێی دەگوترێت خوێندنی باڵای تایبەت (Private)، کە ئەمەیان نرخەکەی گرانترە و نزیکەی نیوەی قوتابیانی ئەردەن دەچنە ئەم جۆرە خوێندنی باڵایە، کە قوتابی دەبێت پارەیەکی باش بدات، ئەمەش لەبەرئەوەی قوتابی کەموکوڕی خۆی بووە، کە نمرەیەکی باشی بەدەستنەهێناوە، بۆیە حکومەت مەجبورە ڕێگای بدات لەزانکۆی تایبەت بە پارە بخوێنێ نەك ڕێگری لێبکات تاکو ئیستعابی قوتابییە تەمبەڵەکانیش بکرێت، کە ڕەنگە بارودۆخێك وای لێکردبن نەتوانن نمرەیەکی باش بەدەستبهێنن.

*** ئەمە مۆدێلێکە بۆ وڵاتێکی هەژار و کەمدەرامەتی وەکو ئەردەن، بەڵام پێتوانییە بۆ وڵاتە نەوتییەکانی وەك عێراق، سعودییە، کوێت، ئیمارات و قەتەر پێویستیان بە ستراتیژێکی گونجاوتر هەیە؟**

-هەرچەندە تائێستا دیار نییە عێراق وڵاتێکی پەترۆلیە یان نا. چونکە تائێستا خێروبێری پەترۆڵمان نەبینیوە لەسەر ئەرزی واقیع. ڕەنگە عێراق وڵاتی ژمارە دوو بێت لەڕووی بەرهەمهێنانی نەوت لەسەر ئاستی ڕۆژهەڵاتی ناوین، بەڵام خەڵك بەمشێوەیە تەماشامان ناکات، لەبەرئەوەی ئێمە واخۆمان نیشان نەداوە کە وڵاتێکی پەترۆڵین و هیچ سوودێکمان لێوەرنەگرتووە. وڵاتی نەوتی عادەتەن دوو شت دەکات. یەکەمیان دروستکردنی بینا و دابینکردنی شوێنی گونجاو و مۆرکردنی گرێبەست لەگەڵ مامۆستایانی دەرەوە بۆئەوەی بێن لەزانکۆکانی ئەو وڵاتە دەرس بڵێنەوە تا ئاستی خوێندن و مەعریفە گەشە بکات. ئێمە ئەم جۆرە گرفتانە لەوڵاتانی کەنداو و جەزائیر نابینین، بەڵام لە کوردستان ژمارەیەکی زۆر قوتابیمان هەیە کە قۆناخی ئامادەیی تەواوکردووە،

کەچی هیچ شوێنێك نییە وەریانبگرێت. زیادبوونی ژمارەی قوتابییانیش موفاجەئـــە نەبووە، بەڵکو ڕووداوێکی پێشـــبینیکراو بـــووە، واتە نابێت حکومەت بەمشـــێوەیە مامەڵە لەگەڵ ئـــەو ڕووداوە بکات کە ئەم ١٠ هەزار قوتابییە لە هاوینێکدا زیادبوونە، خۆ ئەمانە لەدەرەوەی کوردستان نەهاتوون، بەڵکـــو ئەمانە هەمووی قوتابی بوونـــە و لەلایەن وەزارەتی پەروەردەوە هاندراون. وەزارەتی پەروەردەش زانیویەتی چەند قوتابی هەیە و چەندیان بەشـــداری ئەزموونەکانی شەشـــەمی بەکالۆریا-یان کردووە و چەند بڕوانامەشـــی بەخشـــیوە. دەبوایە لەکاتی خۆیدا و ساڵێك پێش ئێستا وەزارەتی پەروەردە لەگەڵ وەزارەتی خوێندنی باڵا و کاروکاروباری کۆمەڵایەتی دابنیشتایە و ڕێککەوتنیان بکردبووایە کە ئایا ئەو ٣٦٠٠٠ قوتابییە بۆ کوێ بچن و چۆن دابەشـــیان بکەن، نەوەکو چاوەڕوان بکەن تاکو هاوینی ٢٠٠٨ و بڵێن ئایا چۆن چارەســـەری بکەین و بەمشێوەیە گەمە بە چارەنووســـی قوتابیان بکرێت. چونکە ڕووداوێکی گەورەیە و لەوانەیە چارەسەرەکەشی قوڕس بێت لەسەر هەر حکوومەتێك.

*** بێگومان هێشتا لەوڵاتی ئێمە کولتووری پلاندانان و ئەقڵی دامەزراوەیی دروســـت نەبووە، لەم ســـۆنگەیەوە پێتوایە کە وەزارەتی خوێندنی باڵا و پەروەردە هیچ پلانێکیان نەبووە بۆیە ئەم قەیرانە سەریهەڵداوە؟**

- بێگومان ئەمە لەئاکامی بێ پلانی حکوومەت و وەزارەتە پێوەندیدارەکانە، **مـــن نازانـــم کاری وەزارەتی پلاندانان چیبە و چۆن ئەمەی بەســـەردا تێپەڕیـــوە و وا دیارە هیچ هەماهەنگیان لەگـــەڵ وەزارەتی پەروەردە و خوێندنی باڵا نەبووە.** کوردستان دەیەوێ هەنگاو بەرەو دەوڵەتی یا ا و بەدامەزراوەیی بوون هەڵبگرێت، بەڵام ئایا ئەمڕۆ هیچ وڵاتێکی مۆدێرن دەتوانێت بێ پلان بڕوات.

*** لەســـەرەتای قســـەکانتدا هێمات بۆ ئەوە کرد کە پێویستە دەسەڵات چارەسەری کێشەی ئەو دە هەزار قوتابییە گەنجە بکات و بیانخاتە نێو پرۆســـەی خوێندنی باڵا، بۆئەوەی کاردانەوەی خراپ و کارەساتئامێزی لێنەکەوێتـــەوە. ئایا بە ڕای تۆ باشـــترین ئاڵتەرناتیڤ چییە تاکو ئەم قوتابیانـــە لە لەمافی خوێنـــدن بێبەش نەبن و دەستەوەســـتان و بێکار بمێننەوە؟**

- با ئێمە هەر باسی ئەمساڵ بکەین، ئەوانەی لەساڵی ٢٠٠٨ دەرچوونە و حکوومەت دەیەوێ چارەســـەریان بـــکات و لەخوێندنی باڵا قەبوڵیان بکات. بە بۆچوونی من، پێش هەموو شـــتێك دەبێت قوتابییەکان بە دوو جۆر پۆلین بکەین. ئەو قوتابیانەی لەنێو شـــارەکانی هەولێر، ســـلێمانی و دهـــۆك دان، ئەمانە بـــە خوێندنی متوازیە چارەســـەریان دەکرێت و لەخوێندنی ئێواران بە پارەیەکی کەم شـــوێنیان بۆ بکرێتەوە. لەم کاتەدا وەزارەت دەبێت سیســـتمێك دابنێت کە ئەو مامۆستایانەی ئامادەن وانە بڵێنەوە لە کۆلیژەکانی ئێواران بە ئەمرێکی باش بگەڕێنەوەو هانبدرێن. لەبەرئەوە پێشبینی دەکەم بەشێکی زۆری قوتابییەکان لەمجۆرەن. بەشی دووەمـــی قوتابییەکان کە لەدەوروبەرن (واتە لە قەزا و ناحیەکاندان)، کە ڕەنگە ژمارەیـــان لە چاو قوتابییەکانی ناو شـــار ڕێژەیەکی کەم بێت، بـــا وا دابنێین هەزار قوتابین. لێرەدا چارەســـەرەکەی ئاســـانترە ئەگەر بڵێین دە هەزار قوتابی، چونکە ئەگەر هەزار قوتابی بێت، دابەشیشـــیان بکەین لەنێو ئەو شـــارۆچکانەی کە کۆلیژێکی تێدا بێت، لەو حاڵەتەدا ئاسانتر دەبێت، چونکە بەشی ناخۆیی کەمی پێویستە و دەتوانرێت چەند خانوویەك بە کرێ بگیرێت و چارەســـەربکرێت. لەڕاســـتیدا، سیستمی قەبـــوڵ مەرکەزی خەوش و ناتەواوی زۆری تێدایە، کاتێك قوتابییەکی هەولێر دەنێریت بۆ ســـلێمانی ئەوا بێگومان گرفتی شوێنت بۆ دروست دەبێت. بەڵام لە خوێندنی متوازیە ئەم قوتابییە دەبێ لە هەولێر بمێنێتەوە نەك بۆ شارێکی دیکە بگوازرێتەوە، بەهەمان شێوە زۆربەی قوتابییەکانی دەرەوەی شـــاریش لەشـــوێنە نزیکەکانیان بمێننەوە، لەوکاتە دابینکردنی بەشی ناوخۆیی ئاســـانتر دەبێت، بەڵام لە خوێندنی متوازیە قوتابیانی شار هەر لەشوێنی خۆیان دەمێننەوە. واتە ئەگەر لەو دە هەزار قوتابییە وا دابنێین ٦٠٪ی قوتابی ناو شـــار بێت، ئەوا کێشـــەکە دەگەڕێتەوە بۆ ٤٠٪ نەك ١٠٠٪ چونکە بەڕای من کێشـــەکە کێشەی دە هەزار قوتابی نییە وەك ئێستا باس دەکرێت.

بۆیە پێموایە، **ئەو مەســـەلەیە ئەوەندە گەورەنییە کە باس دەکرێت گوایە چارەسەرکردنی دژوارە. بە پێچەوانەوە چارەسەرێکی زانستی و واقیعی هەیە، بەڵام دەوەســـتێتە ســـەر داتاکان و ئامـــاری قوتابیان کە لەکوێ هاتوون و دەبێ لە کوێ بمێننەوە، ئەمەش بڕیارێکە بەدەســـت خوێندنی باڵایە زیاتر لەوەی بەدەســـت کەســـێکی دیکەوە بێت.** ئەگەر بیانەوێ بۆ ســـاڵی داهاتوو ژمارەیەکی زیاتر قوتابی قەبووڵ بکرێن ئەوا دەبێت هەر لەئێســـتاوە پلانڕێژی بکەن و هۆڵ و بینایەی نوێش دروست بکەن. لەبەرئەوەی ئێمە وڵاتێکی دەوڵەمەندین و پارەیەکی زۆرمان هەیە، ئیمڕۆ ئەگەر پارەت هەبێت چارەسەرەکەش ئاسان دەبێت. ئەرکی حکوومەتیشە کە خوێندنی باڵا دروست بکات.

*** پێتوایە چۆن دەتوانین ئەو بەرنامەیەی خوێندنی ئێواران، واتە السیاسە المتوازیە (Parallel policy) دروست بکەین؟**

- بۆ نموونە، ئەگەر زانکۆی ســـەلاحەددین وەربگریـــن، ئەو زانکۆیە دەوامی بەیانیانە، لە تەك ئەوە دەتوانین زانکۆی سەلاحەددین-ی ئێواران دروســـت بکەین. کاتێك ئەمساڵ سەرنج دەدەین دەرچووانی وێژەیی دوو بەقەد دەرچووانی زانســـتین، ئەوا دەتوانرێ نیـــوەی قوتابیانی وێژەیی لەڕێی خوێندنی متوازیە شـــوێنیان بـــۆ بکرێتەوە. لەبەرئەوە ئەگەر ئەو قوتابیانە بخەینە خوێندنی متوازیە چارەســـەرەکە ئاسان دەبێت، چونکە ئێمە زانکۆمان هەیە، هۆڵمان هەیە، لەو حاڵەتەدا تەنها مامۆســـتامان پێویســـتە. بۆیە کردنەوەی زانکۆی ئێواران بەپێی بەرنامەیەکی متوازیە دەتوانێ ئیستعابی لەو ژمارەیە زیاتریش بکات.

*** بێکاربوونـــی ئەم هەموو قوتابییە ڕەنگدانەوەکەی مەترســـیدارە، لەم ڕوانگەیەوە لەسەر پێشنیازی پەرلەمان وا بڕیارە وەزارەتی کارو کاروباری کۆمەڵایەتـــی بەهەماهەنگـــی وەزارەتی دارایی چەند ســـەنتەرێکی ڕاهێنانی پیشەیی بۆ ئای تی و زمانی ئینگلیزی بکاتەوە، ئایا پێتوایە ئەم میکانیزمە تاچەند گونجاوە؟**

- من زۆرم پێ سەیرە کە وڵاتێکی وەکو کوردستان، کە وڵاتێکی نەوتییە و ئەنفلستەکشـــەری نییە، دەڵێت بێکاری هەیە، لەبەرئەوە ئەم ســـیانە ناگونجێت بە یەکەوە، چونکە ئەگەر ئێســـتا پلانێکی ڕاست هەبێت بۆ بنیاتنانی ئەنفلستەکشـــەری کوردســـتان لەبوارەکانی ڕێگاوبان و کارەبا ئـــەوا پێموایە کەس بێکار نامێنێت، چونکە بە پێچەوانەوە هەلی کارمان زۆرە و خەڵکمان کەمە. لەهەمانکاتدا بە دیدی من، پێویستە ئێمە هانی پیشەســـازی بدەین، پیشەســـازییەك نەك بەو شێوەیەکی کە ئێستا چەند کۆمپانیا و کارگەیەمان هەیە.

*** کەواتە تۆ پێتوایە کردنەوەی ئەو سەنتەرانە هیچ سوود و دەرەنجامێکی ئیجابی لێناکەوێتەوە؟**

- ســـەنتەری ڕاهێنان دەکەیتەوە هەتاکو خەڵك تەئهیل بکەیت و بیبەیتە جێگایـــەك، بەڵام ئەی ئەگەر ئـــەو جێگایە نەبێت، ئـــەوا هەر دەبێت بگەڕێتـــەوە بۆ ماڵەوە. بۆیە دەبێت ئەو ڕاســـتییە بزانین، کە خوێندنی پیشـــەیی ئامرازە نەك ئامانج. تەنانەت زۆربەی ئەو گەنجانەشی ئێستا لـــە زانکۆکان وەردەگیرێن و دوای ئەوەی زانکۆ تەواو دەکەن حکوومەت نازانێت چییان لێبکات، بۆیە لەم بارەدا ڕووبەڕووی کێشەیەکی گەورەتر دەبینەوە.

●●●

**هەموو هاووڵاتییەک مافی هەیە لە خوێندن بەهرەمەند بێت و کارێک بکات، هیچ دەسەڵاتێک بۆی نییە ئەمە لە هاووڵاتیان قەدەخە بکات، بەڵام لەهەمان کاتیشدا لە بەرپرسیارێتی حکوومەتدا نییە کە هەموو قوتابیان بە خۆڕایی بخوێنن. لێرەدا دەبێت وردبین و جیاوازی بکەین لەنێوان مافی هاووڵاتی بۆ خوێندن و بەرپرسیارێتی حکوومەت**

●●●

●●●

**وڵاتی نەوتی عادەتەن دوو شت دەکات. یەکەمیان دروستکردنی بینا و دابینکردنی شوێنی گونجاو و مۆرکردنی گرێبەست لەگەڵ مامۆستایانی دەرەوە بۆئەوەی بێن لەزانکۆکانی ئەو وڵاتە دەرس بڵێنەوە تا ئاستی خوێندن و مەعریفە گەشە بکات**

●●●

●●●

**دەتوانین ئەزموونی وڵاتێکی دراوسێی هەژاری وەک ئەردەن لەبەرچاوبگرین، ئەو وڵاتە سێ جۆر خوێندنی باڵای هەیە**

●●●